# چەمک و ئیستاتیکای شوێن
# لە ئەدەبدا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# چەمک و ئیستاتیکای شوێن
# لە ئەدەبدا

سەباح ئیسماعیل

ناوی کتێب: چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا - لێکۆڵینەوە
نووسینی: سەباح ئیسماعیل
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٨٨٦
پیت لێدان: دلێر ڕەفیق + ئومێد جاف
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٨٥٨ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# پێڕست


لە بری پێشەکی ........ 7
شوێن و جوانکارییەکانی لای یاسین النصیر ........ 9
چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا ........ 14
فانتازیای پێشبینی لە چیرۆکی "هاوار"دا ........ 66
خەمی نەتەوەیەک بە کۆڵی چیرۆکێکەوە ........ 79
هەڵوەستەیەک لە بەردەرکەی "ژووری ناوەڕاست"دا ........ 85
خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکی ترپەی پێی شەو ........ 90
دوو چیرۆک لە دادگایەکدا ........ 94
بەخۆداچوونەوەی خود لە چیرۆکی (ئاوێنە)دا ........ 103
دینا سەلیم و خەونی هاوبەشی کەسایەتییەکانی ........ 111
ڕامان لە تونێلی "پەنجەرەکان"ەوە ........ 116
گەشتێک بەکۆمارە یۆتۆپییەکەی لەتیف هەڵمەتدا ........ 123

# له بری پێشەکی

پێویستترین دەقێک تینوویّتی ئەدەبەکەمان بشکێنێ و ڕوحی بەبەردا بکات و گوڕوتینی بە بەردا بخات، ڕەخنە و لێکۆڵینەوەیە. ئەوەتا ئەمڕۆ لە غیابی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا بۆشایی و کەلێنی گەورە بە جەستەی ئەدەبی کوردییەوە دیارە. مخابن پسپۆڕانی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەنووس، لای خۆمان، لە پەنجەکانی دەستێک تێ ناپەڕن. کە ئەوانیش هەندێ جار مەیدانەکە بەجێ دێڵن و ڕوو لە بابەتی تر دەکەن. هەر لەبەر بزری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەشە، کایەکە سستی پێوە دیارە و چەندین چیرۆک و شیعر و شانۆنامە و ڕۆمانی نایاب و دەقی زیندوو دەنووسرێن، ئینجاش بێدەنگی و لەسەر نەنووسین زیندەبەچاڵیان دەکا و لە بیر دەکرێن. بێگومان هۆی سەرەکیی کەمی پسپۆڕ لەم بوارەدا، دەگەڕێتەوە بۆ هۆیەکی گرینگ، ئەویش ئەوەیە، کە ئەو بوارانە پێویستییان بەژێرخانێکی بەرینی مەعریفییە، ئەمەش هێند بە ئاسانی نایەتە دەست، چونکە ڕەخنەنووس یا لێکۆڵیار بێ ژێرخانی مەعریفی، غەدرێکی گەورە لە خۆی دەکا و، دەقەکەش بەلاڕێدا دەبات.

من لەم کتێبەدا، کە (کۆمەڵێ نووسینی پەرش و بڵاون، لەملا و لەولا بڵاوم کردوونەتەوە و ئێستا دەستکاریم کردوون)، هەوڵم داوە خوێندنەوە بۆ چەند دەقێک بکەم، کە کاریان لێ کردووم و جوانکاریم تێیاندا بینیوەتەوە، جگە لەوەی تا ئێستا لەسەریان نەنووسراون. ئەمەش بەپشت بەستن بە چەمک و زاراوەگەلی نوێی ڕەخنەیی. دەکرێت دەقەکانی ئەم کتێبە بەدوو بەشەوە پۆلێن بکرێن:

یەکەم: لێکۆڵینەوەی تیۆری.

دووەم: ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لەسەر دەق.

ئەمیش لە لێکۆڵینەوە لەسەر چیرۆکەکانی (جەلیل کاکەوەیس و ئەحمەد محەمەد

ئیسماعیل و سەلاح عومەر و شیرین.ک و ئەحمەد سەلام)دا پیادە کراوە. لەگەڵ خوێندنەوەیەک بۆ هۆنراوەی (تەبایی و ململانێی نێوان هاووڵاتییە ئەلەکترۆنییەکانی کۆماری لەتیف هەڵمەت).

بێگومان هیچ خوێندنەوەیەک دوا خوێندنەوە نییە و هەموو دەقێک هەڵدەگرێت چەندین خوێندنەوەی بۆ بکرێت...

سەباح ئیسماعیل – کەرکووک

٢٠٠٥/١٠/١٥

# چەمکی شوێن و جوانکارییەکانی لای یاسین النصیر

کاتێک کتێبی (جوانکارییەکانی شوێن)ی گاستۆن باشلار وەرگێڕرایە سەر زمانی عەرەبی، ئیتر ئەم کتێبە بەپێزە کلیلێک بوو دەروازەی داخراوی ئەو بابەتەی خستە سەر گازی پشت و کیشوەری بابەتی شوێنی دۆزییەوە و (هەڵسەنگێنرا بەوەی کە شۆڕشێکی کۆپەرنیکی لە بواری ئیستاتیکادا هەڵگیرساندووە)[1]. تا ئەوکاتە تەنیا شوێنی تاک ڕەهەند ئامادەیی هەبوو و لە شوێنی جوگرافی خاڵیکراو لە مانا فەلسەفییەکەی تێپەڕی نەکردبوو و هەمیشە چەمکی سیاسیی شوێن زاڵ بوو بەسەر چەمکی شیعریی شوێندا، کە دەکاتە زاڵبوونی جوگرافیای سیاسی شوێن بەسەر جوگرافیای شیعریی شوێندا. مەبەست لە باسکردنی شوێن مامەڵەکردنێکی فەلسەفییانە و ئیستاتیکییانەیە لەگەڵ شوێندا، ئەو شوێنەی، کە چەمکی نەبینراو و دیوی دووەمی هەیە، وەکو ئەوەی کاتێ (کە دەرگەیەک دەخەینە سەر گازی پشت یاخۆ سەر لە پەنجەرەیەکەوە دەردێنین، ئەوا وڵاتێک دەبینین، یا پەڵە زەوییەک کە ململانێکانی لەخۆ گرتووە، یاخۆ گوندێک شینایی لێ دەڕوێ و پیت و فەڕی دەبێت)[2].

یەکێک لەو نووسەرە پڕ بەرهەمە عەرەبانەی، کە ساڵانێکی زۆری تەمەنی بۆ لێکۆڵینەوە لە شوێن تەرخان کرد و بۆچوونێکی زانستی و دیالێکتیکی دا بەشوێن، (یاسین النصیر)[3]ی گەورە ڕەخنەگری عێراقییە، کە تا ئێستا ئەم کتێبانەی لەسەر شوێن نووسیون:

١- الرواية والمكان، ج١، سلسلة الموسوعة الصغيرة (٥٧)، دار الحرية للطباعة، بغداد ,١٩٨٦

٢- دلالة المكان في قصص الأطفال، دار ثقافة الأطفال، بغداد ١٩٨٥.[٤]

٣- الرواية والمكان، ج٢، سلسلة الموسوعة الصغيرة (١٩٥)، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٦

٤- أشكالية المكان في النص الأدبي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ١٩٨٦

٥- جماليات المكان في شعر السياب - دار المدى - دمشق ١٩٩٦.

٦- الرؤية بعين الطائر-رؤية بصرية للمكان الاردني- دمشق ٢٠٠٧.

**شوێن لای (یاسین النصیر)ی پسپۆڕ لە بواری ڕۆڵ و چەمکی شوێن لە ئەدەبدا، دەکرێت بە سێ بەشەوە:**

١- شوێنی گریمانکراو (المكان المفترض). ئەمیش دەکرێت بەدوو بەشەوە:

أ- شوێنی یۆتۆپیی گریمانکراو.

ب- شوێنی کۆمەڵایەتیی گریمانکراو.

شوێنی گریمانکراو زادەی خەیاڵی ڕووتە، دەکرێ هەندێک لە تایبەتمەندییەکان لە واقیعەوە وەرگرێت، بەڵام بەدیارکراوی نا. بۆیە ئەگەر بکرێت پاش سەد ساڵی تر ئەو چیرۆکە یا ڕۆمانەی زەمینەیان لەسەر ئەم جۆرە شوێنە بنیات نراوە، بخوێنیتەوە، ناتوانیت بیناسیتەوە و بزانیت سەر بە کام ڕۆژگارە. واتە مێژووی گشتیی ونە و کاتیش بزر، جگە لەوەی شوێنی ناسراویش تێیدا بزرە. چونکە باس لە شوێنی گشتی دەکات، ئەمەش نەک بۆ مەبەستێکی فکری، بەڵکو لەبەر ناتەواوی لە بینا هونەرییەکەی. نووسەران لە ڕێگەی گریمانکردنەوە کاتێک دەیانەوێت جیهان بگۆڕن، ئەوەیان لە بیر دەچێت، کە شوێنێک بۆ ئەم خەباتە ڕەمەکییەیان دەستنیشان بکەن، یا بەشداربن لە گۆڕینی واقیعی خۆیان. یاخۆ کاتێک کە بیانەوێ پاڵەوانەکەیان لە ئاسمانی خەیاڵ و سیحردا بفڕێنن، ئەوە لە بیر دەکەن، کە ڕۆڵەی زەوی و سەدەی نوێن و، دەبێت لەسەر زەویی واقع بنیشنەوە.

بۆیە شوێنی گریمانە بە بەردەوامی تووشی فڕین و یۆتۆپیا و خۆشباوەڕیت دەکات. لە ئەدەبی جیهانیشدا هەر لە زووەوە پەنا بۆ ئەم شوێنە گریمانکراوە براوە، وەکو: کۆمارەکەی ئەفلاتۆن و (سیاسەت)ی ئەرستۆ و (یۆتۆپیا)(٥)ی تۆماس مۆر (١٤٧٧-١٥٣٥) و (شاری خوا)ی ئۆگستینۆس و (المدینة الفاضلة)ی

فارابی (٨٧٠-٩٥٠ز) و ڕۆمانی (ليس ثمة أمل لكلكامش)ی محمد عبدالمجيد و ڕۆمانی (المخلوقات)ی فاضل العزاوی.

٢- شوێنی بابەتی (المكان الموضوعي):

تایبەتمەندی ئەم جۆرەیان لەوەدا خۆ دەبینێتەوە، کە پێکهێنەرەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەهێنجێنێت. بارودۆخە گشتییەکە دەیسەپێنێ بەسەریدا تا شوێنێکی داخراو بێت. وەکو: بەندیخانە، دوورخراوگە، ئاسایشگە، شێتخانە، بەرەکانی جەنگ. لەگەڵ ئەوەی، کە شوێنێکی داخراوە، بەڵام کراوەیە و بۆ هزر و ڕامان لەسەر پشتە، ئەگەرچی لای نووسەری بێ دیدگا و بیر تەسەک تەنگتر دەبێتەوە. شوێنی بابەتی بە شوێنێکی کاتی دادەنرێت، چونکە بەتێپەڕبوونی کات و فراوانبوونی هزر و گۆڕانی بارودۆخەکە، دەکرێت لێی ڕزگار بیت و سەربەخۆ بیت. لە هونەردا جیاوازی لە نێوان شوێنی کراوە و شوێنی داخراودا بەرچاو ناکەوێ. بەڵام لای هونەرمەند ڕەنگە شوێنی داخراو بەهای هونەری و ئیستاتیکی زیاتر بێت، هەرچەندە ڕووبەرێکی دیارکراویشی هەبێت. نووسەران لەم ڕێگەیەوە دەیانەوێت شتە تایبەتییەکان تێکەڵ بە شتە گشتییەکان بکەن، ژیانی پاڵەوان لە ژوورە تەنگ و تاریکەکان لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە چۆنیەتی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی لە قۆناغێکی مێژووییدا. هەروەها تێکەڵ باری دەروونی تاک لەگەڵ باری دەروونی کۆمەڵانی خەڵک بەگشتی. ئەم دوو تێکەڵییە جووڵەی کردار لە چیرۆک و ڕۆماندا دەردەخەن. زۆربەی ئەو نووسەرانەی کێڵگەی ئەم شوێنە دەکێڵن، بابەتەکانیان زیاتر بەلای لایەنە ڕامیارییەکەدا لار دەبنەوە. دەرگە دەلاقەیەکی گەورەیە بەڕووی جیهاندا، بەڵام دەلاقەیەکە بوونی قورسە، سڵی لێ دەکرێتەوە، جێ‌ڕەی ترس و بیم دەخاتە دڵەوە، کردنەوە و داخستنی حسێبی خولەکی بۆ دەکرێت، چون ئەوەی دەروازەیەک بێت بۆ چوونە ناو جیهانی دەرەوە، نەک بۆ جیهانی ناوەوە، کەسانی وەستاو لەبەر دەرگەکە وەکو ئەوەی بیانەوێ بەرەو نادیارێک بچنە ژوور، بەرەو تاریکی، کەم قسەکردن، هاوار و ناڵەناڵ، دۆزەخی تەنیایی، مردن... لە هەندێک لە چیرۆک و ڕۆمانەکاندا شوێن ون دەکرێ و تێکەڵ بە هزر دەبێت، نموونەی بەکارهێنراو و بەرجەستەکراوی ئەم جۆرە شوێنە:

(دایک)ی گۆرکی و (رجل الأسوار)ی عبدالاله عبدالرزاق و (القلعة الخامسة)ی فاضل العزاوي و (المسافة)ی یوسف الصائغ و (المستنقعات الضوئیة)ی اسماعیل فهد اسماعیل و (العین ذات الجفن المعدنیة)ی شریف حتاته و (شرق المتوسط)ی عبدالرحمن منیف.

٣- شوێنی تاک ڕەهەند (المكان ذو البعد الواحد):

شوێنێکی گشتییە، لە کاری هونەریدا ناسنامەی تایبەت بەخۆی، ناسنامەی چینایەتی یا کۆمەڵایەتی بەدەست نەهێناوە. واتا ڕەهەندێکی پلاستیکی دیارکراوە. ماڵ گشتییە، شەقام گشتییە، نووسەر بەو مەبەستە ئاوڕی لێ نەداتەوە، کە بەشێکە لە بینای کارە هونەرییەکەی، بەڵکو هزر و کەسەکانی تێ دەئاخنێ، بێ ئەوەی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێت. واتە شوێنێکە دوو ڕەهەند لەخۆ ناگرێت، ئیتر لەسەر زەمین بێت یاخۆ لە خەیاڵدا. ئەو شوێنەیە، کە چیرۆکنووس بایەخی تەواوی پێ نەداوە و وەکو ڕووپۆشی دەرەوەی ڕووداوەکان بەکاری هێناوە و تەنیا یەک بەهاش بەدەستەوە دەدات، ئیتر ئەو بەهایە هەرچەندێک بێت!.

شوێنی تاک ڕەهەند بەدژی شوێنی گریمانە دادەنرێت و دەکرێت بڵێین بەرەو پێشچوونێکی سەرەتایی هۆشە بۆ شوێن.

بەلامانەوە زەحمەتە، کە شوێن دیاری بکەین، ئەگەر وەکو مادەیەکی تاک ڕەهەند لەسەری دواین، چونکە ئەوی ناسراوە شوێن سێ ڕەهەندی (دووری) لەخۆگرتووە، (درێژی، پانی، بەرزی)، پاشان بیردۆزی نسبی ڕەهەندی چوارەمی بۆ دانا، کە ئەویش ڕەهەندی (کات)ە. بەڵام کاتێک، کە ئەدەب بەپێوەری نسبی دەپێورێ، پێویستە، شوێن، یا کاراکتەر، یا ڕووداو، یەک ڕەهەند بێت، یا دووان، یا چەند ڕەهەندێک. لە ڕۆماندا شوێنێکی ئاسایی جگە لەوەی کە، ماڵێکە، یا شەقامێکە، یا چایخانەیەکە، ئەم جۆرە شوێنە بە تاک ڕەهەند ناودەبرێت. ئەمەش ئەو شوێنەیە، کە لە ژێر سایەیدا ڕووداوەکانی ڕوو دەدەن و کردار ناچێتە ناو وردەکارییەکانەوە، تا دووری و ئاستەکانی دەوڵەمەند بکات. دەشێت لە ڕۆمانێکی تردا زۆر بەجوانی و وردەکاری وەسف کرابێت. بەڵام تایبەت بە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە نییە. زۆرێک لە

چیـرۆک و ڕۆمــانە کــوردییــەکــان شــوێنی تاک ڕەهەند لـەخـۆ دەگـرن. نمـوونەی بەکـارهێنراوی شـوێنی تاک ڕەهەند لە ڕۆمـانی عـەرەبیدا: (الكرنك) و (حب تحت المطر)ی نجيب محفوظ و (الأنهار)ی عبدالرحمن الربيعی و (الضفاف الأخرى)ی اسمـاعيل فـهـد اسمـاعيل و (الأغـتيـال والغـضب)ی مـوفق خضـر و(السـابقـون واللاحقون)ی سميرة المانع.

**پەراوێزەکان:**

(١) غالب هـلسا، مقدمة كتاب (جماليات المكان) لجاستون باشلار، كتاب الأقلام، دار الجاحظ للنشر، بغداد، ١٩٨٠، ص٦.

(٢) ياسين النصير، الرواية والمكان، ج١، الموسوعة الصغيرة، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٠، ص٩.

(٣) ياسين النصـير، لە سـاڵی ١٩٤١ لە (قـوڕنە) هـاتووەتە دنيـاوە، هـەر لەوێ خـوێندنی ناوەندی و پـاشـان خـانەی مـامـۆسـتـايانی سـەرەتايی لە ١٩٥٨دا لـە بەسـرە، تەواو کردووە. شايانی باسە جگە لەو کتێبانەی تايبەتن بە شوێنەوە، زياد لە ٢٠ کتێبی تری بەچـاپ گـەيانـدوون و چەند کـتـێـبـێکی زياتـر ئەوانەی لەســەر شـوێن و شـانـۆن بۆ زمانەکانی ئينگليزی و ئەڵمانی و ڕووسی و هـەنگاری و هۆڵەندی وەرگێڕراون.

(٤) جـارێکی تر ئەم لێکۆڵينەوەيە لە کۆواری (المدى) بڵاوکرايـەوە، نووسـەر لـە پەراوێزدا دەڵێت: هـەر پـاش دەرچوونی ئەم کـتێـبە ڕێگەی بڵاوکـردنەوەی لێ گـيـرا. ئەمـەش لە ســۆنـگەی چيـرۆکنووسی سـوری (شـريف الرأس)ەوە بـوو، هـەر لەبەرئـەوەی ناوی لە کتێبەکەدا نەهاتووە، زمانی لێ دام، بە بەهـانەی ئەوەی، کە ئەم لێکۆڵينەوەيەی لەسەر منداڵان کـراوە، کـۆمـۆنيسـتـەکانی عێـراق نووسـيـويانـە. بۆيە هـەر زوو سـانسـۆر کتێبەکەی لە بازاڕدا کێشايەوە و بەرپرسانی دەزگاکەشی دووچاری لێپرسينەوە کرد. بەم هۆيەوە ژمارەيەکی ديارکراو لە کتێبەکە دابەش کرا.

بڕوانە ياسين النصير، المكان والطفل (دراسة)، مجلة المدى، العدد ٣٠/ دمشق، ٢٠٠٠، ص٦.

(٥) يۆتۆپيا: دوو وشەی لاتينييە، بەواتا: ئەو شوێنەی کە نييە.

عوزێم – ٢٠٠٣

# چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا

## بەرایی

لە ئەدەبی کوردیدا گەلێ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر مێژووی هونەری ڕۆمان و چیرۆک و چۆنیەتی بابەتی نووسینیان کراون، بەڵام کەمیان یا ڕاستتر بە دەگمەن بەلای هەندێ ڕەگەزی گرینگی ئەو هونەرانەدا چوونە و هەمیشە بەر شەپۆلی پشتگوێ خستن و تێیدا قووڵ نەبوونەوەی نووسەران بوونە. وەکو فانتازیا و ڕەمز و گێڕانەوە و وەسف و شوێنکات و مۆنتاژ و مەنەلۆگ و... هتد.

زۆرکات لێکۆڵینەوەکان بەدەوری دەرەوەی دەق و لایەنی زمانەوانی و هەڵەی زمان و بەراوردکردنی ڕووداو لەگەڵ واقیعدا و بەراوردێکی سەقەتی چینایەتی و هەندێ مەسەلەی لابەلای تردا خولاونەتەوە، کە ئەمەش وەنەبێ لە بێ ئاگاییەوە ئەنجام درابێت، بەڵکو بە ئاگاییەکی تەواوەوە، وەلێ لە دیدێکی ناهۆشیارەوە، کە بەهەمان پلە لەسەر نووسەر ڕەنگ دەداتەوە، ئەمیش بەهەمان ڕێژە و بەهەمان بڕ دەیتکێنێتە گەرووی بەرهەمەکەیەوە و دەرخواردی بیری وەرگری (المتلقی) دەدات.

گرینگی نەدان و بەهەند وەرنەگرتنی ڕەگەزی شوێن و بزری و کەم ئامادەیی لەلایەن ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و شاعیرانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەگەری بایەخ نەدانی ڕەخنەی کوردی بەم لایەنە. خۆ ئەگەر گرینگییەکیشی پێ دابێت، ئەوا شوێنی تاک ڕەهەند هەمیشە ئامادەیی هەبووە و لە شوێنی جوگرافیی ڕووت تێپەڕی نەکردووە، ئینجاش لە مانا فەلسەفییەکەی خاڵی کراوە، یا چەمکی سیاسیی شوێن هەمیشە و بەردەوام زاڵ بووە بەسەر چەمکی شیعریی شوێندا، کە دەکاتە زاڵبوونی جوگرافیای سیاسیی شوێن بەسەر جوگرافیای شیعریی شوێندا.

له ئەدەبی عەرەبیدا گەلێ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر شوێن کراون و نرخ و بەهای خۆی دراوەتێ، ئەم بایەخ پێدانەش ئەوکات دەستی پێ کرد و ئاوڕی لێ درایەوە، کە (غالب هەلسا)ی نووسەر کتێبی (جوانکارییەکانی شوێن – جمالیات المکان)[1]ی (گاستۆن باشلار)ی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی.

ئەم کتێبە بەپێزە کلیلێک بوو دەروازەی داخراوی ئەو بابەتەی خستە سەر گازی پشت و کیشوەری بابەتی شوێنی دۆزییەوە و (هەڵسەنگێنرا بەوەی کە شۆڕشێکی کۆپەرنیکی لە بواری ئیستاتیکادا هەڵگیرساندووە)[2]، کاریگەری و پڕ بایەخی ئەم کتێبە هێند مەزن و لە بەرچاو بوو، بووە هاندەری شەش نووسەر (هەر ئەوەندەی من ئاگەدارب‌م) تا نامەی دوکتۆراکەیان تەرخان بێت بە شوێنەوە:

١- سیزا احمد قاسم – بناء الروایة (دراسة مقارنة لثلاثیة نجیب محفوظ) جامعة القاهرة ١٩٨٤.

٢- شجاع مسلم العاني – البناء الفني في الروایة العربیة في العراق – جامعة بغداد ١٩٨٨ .

٣- علي ابراهیم – الزمان والمكان في روایات غائب طعمة فرمان – جامعة صوفیا ١٩٩٦.

٤- طالب عبدالحسین فرحان الشمري – معماریة المكان في مسرحیات شكسبیر وتحویلاتها في عروض المسرح العراقي ٢٠٠٠.

٥- إبراهیم جنداري – الفضاء الروائي عند جبرا ابراهیم جبرا – جامعة بغداد ٢٠٠١.

٦ـ یوسف سلیمان الطمان، المكان في القرآن الكریم – جامعة الموصل، ٢٠٠٢.

ئەمەش هیچ نەگەیەنێت ڕادەی گرینگی و بایەخ پێدان و پێزانینی نووسەران بەڕۆڵی گرینگی شوێن لە ئەدەبدا دەگەیەنێت.

هەر لە زووەوە شاعیران لە شیعرەکانیاندا دریغییان لە بەشوێن هەڵدان و کاریگەریی بێ شوێنی و دوورکەوتنەوە لێی، نەکردووە.

جەلالەدینی ڕۆمی (١٢٠٧ ز – ١٢٧٣ز) لە (سروودی نەی)یەکەیدا (کە بەزمانی نەی "قامیش ـ شمشاڵ"ەوە وتراوە، باس لە سەرەتای لە قامیشەڵان بڕینەوەی و کرانی بەشمشاڵ دەکات و ئەو خەمەیمان بەرەو ڕوو دەکات، کە لە ئەنجامی ئەم دوورکەوتنەوەیەی لە قامیشەڵانەوە تووشی بووە و هەستی پێی کردووە)[٣]. ئەوەتا دەڵێت:

بژنەفە ل شمشاڵ کە باست بۆ دەکا
داد لە دەس دووری دەکات و گۆ دەکا
لەو دەمەی ڕا، من لە نایستان بڕام
مێرد و ژن هەروا دەگریێنێ هەرام[٤]

پوشکینی باوکی ئەدەبی ڕووسی (١٧٩٩ – ١٨٣٧) لە چامەی "گوند"دا ئاوا وەسفی ئەو زێدەی، کە مۆمی تەمەنی منداڵی تێدا کوژاندووەتەوە دەکات:

ڕۆژباش! ئەی مەڵبەندە لاپەڕەکە،
ئەی کونجی ئارامی و کار و ئیلهام،
ئەی ئەو شوێنەی لە کۆشیدا
بەختەوەری و فەرامۆشی و
چەمی پەنهانی ڕۆژانی ژینم تێ ئەپەڕێ[٥]

(ئەندرێ لاڤۆن) بەحەسرەتی ئەو ماڵە ساکارەی، کە خۆی دەیەوێت و هەمیشە خەونی پێوە دەبینێت، دەڵێت: "خەون بەماڵێکەوە دەبینم، ماڵێکی نزم، پەنجەرەکانی بەرز بن و سێ پێپیلکەی ڕووشاوی لووسی سەوزی هەبێت، ماڵێکی شاراوەی هەژار، وەک چۆن لە وێنە فۆتۆگرافییە کۆنەکاندا، کە لە ناخمدا دەژین و بەس، کەوا جار جار دەگەڕێمەوە بۆی، تا دانیشم و ڕۆژگاری باوباران لە بیر بەرمەوە"[٦].

(بدر شاكر السياب ١٩٢٦ – ١٩٦٤) یش گوندی جەیکوری زێدی لەدایکبوونی دەکاتە جیهانێکی هێند مەزن و گەورە، دڵۆپە مێژووی ئەم گوندە بچووکە، دەریای مێژووی جیهان لە خۆدا نقوم دەکات و چەتری سێبەری جەیکور جێی گۆی زەوی

لە ژێردا دەبێتەوە. لە هۆنراوەی (سێبەرەکانی جەیکور – افیاء جیکور)دا دەڵێت:

فووارەیەکە لە سێبەر، لە گوڵاڵە و لە چۆلەکە
جەیکور، جەیکور ئەی کێڵگەی ڕۆشنایی
ئەی جۆگەلەی ئەو پەپوولانەی
لە شەوان و لە جیهانی خەونەکان و مانگدا ڕاومان دەنان
باڵەکانیان لە سەرەتای هاویندا باڵانی
شەونمتر لە بارانی پەخش دەکرد
ئەی دەرگای ئەفسانەکان
ئەی دەرگای لەدایکبوونمان، کە بەدەم مناڵدانەوە دڕاوە
سێبەرەکانی جەیکور کانیاوێک بوو لە یادمەوە هەڵقوڵی...(٧)

(قوبادی جەلی زادە)ی شاعیریش شوێن دەکات بە ڕەمزی بوون و فەلسەفەی ئایدیۆلۆجی خۆی لە سێ بەردا دەبینێتەوە:

ئەمن سێ بەرد ڕادەمووسم
بەردە ڕەش و
قارەمان... و
بەردی (کۆڵێ)ی(٨) دڵ بەکەسەر
بۆ سێ مرۆڤ کڕنووش دەبەم
پەیامبەر... و
تێکۆشەر... و
هەستیارێکی دەربەدەر!!(٩)

نیکۆس کازانتزاکیی ڕۆماننووسیش لە ڕۆمانی (براکوژی)دا باس لە ماڵوێرانیی جیابوونەوە و ئاوارەیی دەکات و دەڵێت:

(ئای چەند ناخۆشە، چەند لەسەر دڵ گرانە، کاتێک لەو خاکەی هۆگری بووی و خووت پێوە گرتووە، دوور دەکەویتەوە!)(١٠).

(عبدالرحمن منيف)یش لە ڕۆمانی (الأشجار وأغتيال مرزوق)دا ئاوا باس لە کاریگەریی شوێن دەکات: (ئەگەر شوێنی مرۆڤ گۆڕا، ئەوا سروشت و باری دەروونیشی دەگۆڕێت). (عەبدوڵا سەڕاج)، چیرۆکنووسی عەودالّی دوای جوانکارییەکان، دەربارەی ڕۆڵ و کاریگەریی شوێن و گوتاری فەلسەفی شوێن، دەنووسێت: (دەمێکە دڵنیام لەوەی، کە "شوێن" تەنیا ئەوە نییە لە خولگەماندا و بەس، بەڵکو لە ژوورەوەشماندا "جێ" هەیە، هەروەها لە تەک گشت سەرگوزەشتە و گرفت و ئاستەنگەکاندا، هەروەها "کات"ی زیندووش هەیە، کە ئەوە نییە بەکاتژمێر و سووڕانەوەی گۆی زەوی تۆماری دەکەین، بگرە کاتە تێکەڵ و... کرژ و ... خاوو پاش و پێشەکیی ناخی مرۆڤە)[١١].

ئەم گرینگی و چڕکردنەوە و دڵ پێوەبوونە بۆ شوێن لە ڕادەیەکدایە گەلێ ڕۆمان و چیرۆک و شانۆگەری هەر بەناوی شوێنەوە ناونراون و شوێن بووەتە دەفر و ڕووداوەکانی لەخۆ گرتووە، وەکو ئەوەی شوێن پاڵەوانی سەرەکیی ئەو دەقە بێت، لەوانە: ڕۆمانی (مەیخانە)ی ئەمیل زۆلا و ڕۆمانەکانی (ئەمریکا) و (مۆڵگەی سزا) و (قەڵا)ی کافکا و (دبلنییەکان)ی جۆیس و نۆڤلێتی (گەورە ماڵ)ی ئەلڤارۆ سیدا سامۆدیۆ و (داغستانی من)ی هەمزەتۆڤ و (زەوی ئاسن و ئاسمان مس) و (کاریتە یا ئەو دیوی چیا)ی یەشار کەمال و سێیینەی (بين القصرين و قصر الشوق والسكرية) و (زقاق المدق) و (خان الخليلي) و (ميرامار)ی نجيب محفوظ و (ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست)ی عبدالرحمن منيف و (شار)ی حسێن عارف و (کۆردەرە)ی خوسرەو جاف و (کاولاش)ی عبدالله سەڕاج و گەلێکی تر.

ئەمە وای کردووە، پانتاییی بەرهەمی هەندێ لە نووسەران زیاتر تایبەت و تەرخان بێت بە ڕووداو و کێشەی شارێکەوە، بۆ نموونە: (بلزاک) زۆر باس لە سۆمۆر دەکات، (چارلز دیکنز) و (گەلزۆردی) لەندەن، (فلۆبێر) ئەپۆن ڤێل، (فۆکنەر) یوکنا پاتاوافا، (تۆماس هاردی) ویسکیس، (جۆیس) دبلن و (کازانتزاکی) کریت، (خوان ڕۆڵفۆ) خالیسکۆ، (مارکیز) ماکۆندۆ، (یەشار کەمال) چوقورئاوا، (نجيب محفوظ) قاهیرە، (الطاهر وطار) جەزائیری پایتەخت و تونس، (غسان كنفاني) حەیفا، (غائب طعمة فرمان) بەغدا، (بدر شاكر السياب) گوندی

جەیکور، (حسێن عارف) سلێمانی، (شێرزاد حەسەن) هەولێر و (عەبدوڵا سەڕاج) و (جلیل کاکەوەیس)یش کەرکووک.

ئەم پێداگرتنەشیان لەسەر باسکردنی خاک و زمان و داوونەریتی ئەم شوێنە کراو و فراوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە منداڵی و بەشی زۆری ژیانیان لەو شارەدا بەسەر بردوون و پێوەی پێوەند بوونە، پێوەندبوونیش بە شوێنێکەوە (پێوەندبوونە بەکێشەی ئەو شوێنەوە، نەک پێوەندییەکی سۆزئامێز و جوگرافیی ڕووت)[١٢].

ئیتر شوێن لای نووسەری کارامە و هونەرمەند پانتاییەکی فراوانتر لە بوونە جوگرافییەکەی وەردەگرێت و هەندێک جار مانایەکی فەلسەفی گەورەتری بە باڵادا دەبڕێت و شوێن دەکاتە ڕەگەزێکی بەنرخ بۆ پتەوکردنی بینای چیرۆک و ڕۆمانەکەی.

## ڕەگەزی شوێن لە هونەری وەسفکردندا

(ڕەگەزی کات لەمیانەی گێڕانەوە دەست پێ دەکات، لە کاتێدا ڕەگەزی شوێن لەمیانەی وەسفکردنەوە دەست پێ دەکات)[١٣]، چونکە وەسفکردنی شوێن و پێکهاتەکانی بەدرێژەی وەسفی کەسەکان دادەنرێت. لە کۆندا لە ئەدەبی عەرەبی و ئەدەبی میللەتانی تردا وەسف خۆی لەخۆیدا ئامانجێک بوو، ئەویش بەجوانکردنی بەوشەی لەبار و سەنگین و بە زمانی پاراو، کە ئەمە وەسفی دەرەوە بوو بەدوور لە دەلالەتی قووڵ و بەهێز، کە پێوەند بێت بە ڕووداوەکەوە، بەڵام (وەسفی نوێ بەشێکی دانەبڕاوە لە بینای ڕۆمان و لە خزمەتی ڕووداوەکەدایە، ئەرکی تەفسیری و ڕەمزیی دەبینێت، لەلایەکی تریشەوە تایبەتمەندی خاوکردنەوەی گێڕانەوە دەپارێزێت، چونکە کاتی گێڕانەوە دەوەستێت، یا لە چاوەڕوانیدا دەبێت تا وەسفی کۆتایی دێت، ئینجا درێژە بە ڕەوتی ئاسایی خۆی دەدات بەگێڕانەوەی زنجیرەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە)[١٤].

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا هونەری وەسف برەوی پێ درا و لە پاشکۆیی ڕەگەزی "گێڕانەوە" دەرباز بوو و کەوتە پێشییەوە، تەنانەت گێڕانەوەی دایە دواوە و کردی بە پاشکۆی خۆی. ئەم برەو پێدانەش لە سەرەتادا لەسەر دەستی بلزاک

(١٧٩٩ – ١٨٥٠)ی گەورە نووسەری فەرەنسی هاتە کایەوە و ئەرک و فەرمانی جیا لە ڕازاندنەوەی (زخرفة) پێ بەخشی. ئەو ڕێگە کلاسیکییەی لە وەسفکردندا گرتەبەر، کە وەسف لە دوای ماناوە دێ و تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی مانا بووە، لە پێشدا مەبەستەکەی داوە بەدەستەوە، پاشان وەسفبارانی کردووە، تا ببێتە پاڵپشت و جەخت بکاتە سەر چەسپاندنی مانا، کە لەم کاتەدا وەسف دەچێتە قاڵبی ئاخنینەوە (حشو) و دەبێتە شتێکی زیاد، تەنانەت نەبوونیشی کارێکی وای لە ڕۆمانەکە نەدەکرد.

هەر لە پاش ئەم هەنگاونانەی وەسف لە خۆ دەرخستن و پێشکەوتندا، زاراوەیەکی نوێ لە بواری ئەدەبدا بەپاڵ زاراوەکانی گێڕەرەوە (السارد) و حیکایەتخوان (الراوي)، زاراوەی وەسفکەر (الوصاف) سەری هەڵدا. لە پاش بلزاک، نووسەری ڕۆمانی (مەدام بۆڤاری)، گۆستاڤ فلۆبێر (١٨٢١ – ١٨٨٠) ئەو نووسەرەی، کە دەڵێت (بڕوام وایە ئەگەر بەبەردەوامی لە ئاسمان بڕوانین، ئەوا لە کۆتاییدا جووتێک باڵمان لێ دەڕوێت)[١٥]، ئاڵای لە دەست وەرگرت و گۆڕوتینێکی تازەی دا بەهونەری وەسف، فلۆبێر لە پێشدا (وەسفی شوێن و دیمەنەکانی دەکرد، ئینجا تراژیدیای ئینسانی تێ دەئاخنی)[١٦].

لە پاش فلۆبێر نووسەرانی ناچورالیزم (سروشتخواز)ی وەک (مۆپاسان و ئەمیل زۆلا و دودێ)، کە دەکرێ بە نووسەرانی واقیعیش ناویان ببەین، بەردەوامییان بە هونەری وەسف دا.

لە پاش ئەمانیش ڕۆمانی شەپۆلی هۆش هاتەکایەوە، بە ڕابەری (دۆرۆسێ و ریچارد سۆن و جیمس جۆیس و ڤێرجینیا وولف و ولیەم فۆکنەر)، کە ڕادەی گرینگیدان و بایەخیان بەوەسف ڕووەو کزی ڕۆیشتووە.

نووسەرانی سەر بە ڕۆمانی شەپۆلی هۆش (مەودای نێوان ئەم دوو جۆرەیان کورت کردەوە، واتە لە نێوان هەردوو ڕەگەزی گێڕانەوە و وەسفدا زۆر جار ئەم دوو ڕەگەزە لە ڕۆماندا جووت دەبوون، بەشێوەیەک کە برگەی وەسفی جیا لە گێڕانەوەمان نەدەبینییەوە، هەر وەکو لە ڕۆمانە واقیعی و سروشتییەکاندا بەدی دەکران)[١٧].

باشترین نموونەش ئەوەتا کە (ناتوانین لە ڕۆمانی "خاتوو داڵەوەی"دا وەسفی لەندەن یا تەنانەت چەند دێرێک، کە وەسفی خانووبەرە و دووکانەکان، شێوەیان، ڕەنگیان، جێگەیان بکات، دەستنیشان بکەین)[١٨] ڤێرجینیا وولف بۆ زیاتر جەخت کردنی ڕێبازەکەی لەسەر وەسف نەکردنی شوێن، دەڵێت: (ئیتر ئەم شێوازە وزەی تێدا نەماوە و بۆ گوزارشتکردن لە شتە نوێکان دەبێ شێوازی نوێ دابهێنرێت)[١٩].

قوتابخانەی ڕۆمانی نوێی فەرەنسی، یا ڕۆمانی نا ڕۆمان، کە سەرە هەرەمەکەی (ئالان ڕۆپ گرێ و میشێل بۆتۆر و ناتالی ساروت و کلۆد سیمۆن و مارگرێت دۆرا)ن، ئاهێکی گەرمیان بەبەر هونەری ساردەوەبووی وەسفکردندا هێنا و هەمان ڕێگەی (فلۆبێر و کافکایان گرتەبەر، کە یەکەمیان بە وردبینی و دیکۆمێنتاری "وثائقي" بەناوبانگە، ئەوەی تریشیان بەدووبارەکردنەوەی وەسفی شتەکان و بەڕوانینی هەمە لایەنە ناسراوە، ئەگەرچی خاوەنانی ئەم قوتابخانەیە بەوە تاوانبار کران، کە ئەدەبەکەیان ئەدەبی بەشتکردنە "التشیؤ"، ئەمەش لە سۆنگەی ئەو ڕێبازەی، کە ئەمان وەسفی شتەکانی پێ دەکەن، کە ڕێگەیەکە هەر بەشدارییەکی مرۆیی لە نێوان مرۆڤ و شتەکان و سەرتاپای ڕێبازی ئینسانیی باو دەخاتە لاوە)[٢٠].

پشتگرتنی نووسەرانی ئەم قوتابخانەیە لە وەسف ( سووربوون و جەختکردنە لەسەر ئەو بۆچوونەی فلۆبێر، کە دەڵێت وەسف بێ هۆ نایەتە گۆڕێ، بەڵکو هەر بڕگەیەک لە بڕگەکان لە خزمەتی بینای کەسێتیدایە و شوێندەستی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی لە بەرەو پێشچوونی ڕووداودا دیارە، تا هەموو ئەو ڕەگەزانەی دەقی ڕۆمان پێک دەهێنن یەک بگرن و یەکێتییەکی ئەندامی "عضوی" دروست بکەن)[٢١].

کەواتە (گرینگی وەسفی شوێن و کەس و شتەکان کەمتر نییە لە گێڕانەوەی ڕووداو و کردارەکان)[٢٢].

لە هونەرکاری وەسفی شوێندا، یەشار کەمالی هونەرمەند، وەسفی خاوەن ماڵ لە وەسفی ماڵەکەیدا دەبینێتەوە، جارێک وەکو یادکردنەوە و خۆشەویستی، ماڵەکە

ناودەبات، جارێکی تریش وەکو ڕق لێبوونەوە و تۆڵە سەندنەوە. ئەوەتا دەڵێ:

(... تەماشای ماڵی خەجیجێی نەدەکرد، توانای دیتنی ماڵەکەی وان و دارە بەرزەکەی بەر دەرگەیانی نەبوو، بەڵام سەرەنجام خۆی پێ ڕانەگیرا، دارەکە هات و ڕاست لە بەرچاوی شین بوو، وەک شەوێکی بێ برانەوە بەرامبەری ڕاوەستا: "دڵی تازە لاوێک بەتوندی لێی دەدا، دەنگی دڵی وەک دەنگی قومری وابوو، لاوەکە لە نێو تۆفانی شێتانەی چاوەڕوانیدا لە بن دارەکە وێستابوو، کیژۆڵەکە هات، ناسک و گەرم و بەدڵێکی پڕ لە ئەوینەوە..." شتێک بەری گەرووی حەمەدی گرت و دوو دڵۆپ فرمێسک لە چاوەکانی هەڵوەرین، حەمەد بۆ هاتنە دەر لەم حاڵە چاوی لە خانووی عەبدی خانەوە بڕی)[٢٣].

شتەکان ڕابردوو و مێژوویەکی پێوەندداریان بە کەسێتییەوە هەیە (هەر وەک چۆن ماڵ و خاوەن ماڵ زۆر لەیەک دەچن و هەر یەکیشیان درێژەدانی ئەوی تریانە)[٢٤].

ڕەنگە باشترین نموونە ئەم وەسفەی (جۆرج سپیراداکی) بێت، کە خودی خۆی لە ماڵەکەیدا دەبینێتەوە و ماڵەکەیشی لە خۆیدا، دەڵێت: (ماڵەکەم دیودەرە "شفاف" بەڵام لە شووشە دروست نەکراوە، سروشتی لە هەڵمەوە نزیکترە، دیوارەکانی بەپێی ویست و خواستم گرژ دەبنەوە و دەکشێن، جاربەجار بەرەولای خۆم کێشیان دەکەم، تا وەک قەڵغانێکی پارێزەریان لێ دێت... هەندێ جاریش دیوارەکانی ماڵەکەم وەها لێ دەکەم، وەک گوڵ بکرێنەوە و خولگەی خۆیان لە شوێندا بگرنە بەر ئەم مەودا بەرینە هەتا هەتاییە)[٢٥].

## بایەخ و گرینگیی شوێن

(هەرگیز مادە ناتوانێت لە دەرەوەی شوێن بوونی هەبێت، ئەمە پێناسەی شوێنە، کە شێوەی بوونی مادەیە، هەرچی شتێک لە جیهاندا ڕوو دەدات لە چوارچێوەی (کات)دایە، کەواتە کاتیش شێوەیەکە لە بوونی مادە)[٢٦].

بەم پێناسە زانستییە دەگەینە ئەوەی، کە (شوێن و کات پێوەندییەکی لە پسان نەهاتوویان پێکەوە هەیە، مەحاڵە لێک جیابکرێنەوە، شوێن بێ کات بوونی نییە، لە

هەمان كاتدا كاتیش بێ شوێن نەبووە)[٢٧].

هەر لەم پێناسە زانستییەوە ئەو پێوەندییە دیالەكتیكییەی نێوان دوالیزمی كات و شوێنمان بۆ روون دەبێتەوە، بۆیە دەكرێت بڵێین، شوێن لە رۆمان و چیرۆكدا بێ رووداو بوونی نییە، هەروەك چۆن شوێن بێ كەسایەتیش هەر بوونی نییە، كەسایەتیش بێ شوێن بوونی نییە و (هەرگیز ناكرێ رۆمانێكی بێ شوێن بهێنرێتە بەرچاو، بەڵام دەكرێ كات نەگرێتە خۆ، یا كات بمەیێندرێ. هەندێک جار كات دەسەڵات لەدەست دەدا و هیچ گۆڕانكارییەک بەدەست ناهێنێت، ئەوەتا لە رۆمانەكانی "أولاد حارتنا" و "الشرق المتوسط " و "القربان"دا، لە بازنەیەكدا دەخولێینەوە، جگە لە دەسەڵاتی شوێنی رۆمان هیچ دەسەڵاتێكی تر بەدی ناكرێت. شوێن تێیاندا بە قووڵی و توندی جێ پێی خۆی كردووەتەوە)[٢٨].

گەورە نووسەری رووسی دەستێڤسكی (١٨٢١-١٨٨١) بایەخ و گرینگییەكی زۆری بەشوێن داوە و هێند بە جوانی و هونەرمەندانە بەكاری دەبا، مانایەكی گەلێ گەورەتری لە مانا رووتە جوگرافییەكەی پێ دەبەخشێت و هونەركاریی پێ دەكات، شوێن لەبری كات بەكار دەهێنێ، یا وردتر بڵێین، شوێن دەكات بە ئەڵتەرناتیڤ و پێوەرێک بۆ كات، لە رۆمانی (گەمژە - الأبلة)دا، میر (میشیكین) دەربارەی ئەو حوكم دراوە دەدوێت، كاتێ كە لە كاتژمێر پێنجی سەرلەبەیانی هەڵی دەستێن و ئاگەداری دەكەنەوە، بڕیار لەسەر ئەوە دراوە كاتی لە سێدارەدانی (١٠)ی سەرلەبەیانی بێت، لە كاتێكدا ئەو وای دانابوو پاش هەفتەیەكی تر ئەمە ئەنجام دەدرێت. بۆ گەیاندنی بۆ لای قەنارە، وا پێویست دەكات بەناو شاردا رەتی بكەن. گێڕەرەوە بۆ هەستكردنی بەندییەكە بەكاریگەریی (كات) لەسەری و بەكارهێنانی شوێن بۆ پێوانەی كات، دەڵێت: "وا بزانم دەبێ ئەویش هەستی بەوە كردبێت، كە تەمەنێكی تەواو لە بەردەمیەتی، تا دەگاتە لای قەنارەكە، رەنگیشە لە رێگەدا لە دڵی خۆیدا وتبێتی: ئۆخەیش، هێشتا كاتێكی زۆر زۆرم ماوە، تا ئێستا سێ شەقام لە ژیانمدا ماون، ئەگەر ئەم شەقامەیان ببڕم ئەوا شەقامی دووەم دەمێنێتەوە، ئینجا شەقامەكەی تر، ئەو شەقامەی، كە بەلای راستدا نانەواخانەكەی تێدایە، كەی دەیگەینێ؟، تەمەنێكی گەلێ درێژە.

دەستێڤسکی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە دەڵێت، کات دۆخێکە لە دۆخەکانی شتەکان و شوێن بەکار دەبەین بۆ پێوانی کات، باشترین بەڵگەش سووڕانەوەی زەوییە بە دەوری خۆیدا لەلایەک و سووڕانەوەشی بەدەوری خۆردا لەلایەکی ترەوە، کە شەو و ڕۆژ و وەرزەکان و ساڵەکانی لێ دێنە بەرهەم، ئەمەو جگە لەوەی دەستەیڤسکی مەبەستی ڕێژەیی کاتە لە شارەزاییی مرۆییدا )(٢٩).

ئەمە وەکو بەکارهێنانی شوێن لە بری کات، هەندێ جاریش لە بری شوێن کات بەکار دەبرێ و دەکرێ بە پێوەر و ئەڵتەرناتیڤی شوێن، سەرنج بدەنە ئەم کۆپلە شیعرە:

ماڵتان لە نزیک باغچە هەڵواسراوەکانی کاتەوە بوو
یان لە نزیک چرکە بێدەنگەکانی خۆکوشتنی گوڵ؟
ماڵتان لەسەر سووچی هەناسەی مێخەکدا بوو
یا لە کۆڵانی بنبەستی تێڕامانی نێرگز؟

چەمکی شوێن هەند فراوان و کراوەو بەربڵاوە، ئێستا ئەوی باسی لێ نەکرێ شوێنی جوگرافی ناولێنراوە، وەکو شەقام و دووکان و چایخانە و گەلێ شوێنی تر. کە باسکردنیان تەنیا بەمانا ڕووتە بێ خوێن و گیان و بێ ئاواز و هونەرەکەی، هیچ مانایەک ناگەیەنن. مەبەست مامەڵەکردنێکی فەلسەفییانە و ئیستاتیکییانەیە لەگەڵ شوێندا، ئەو شوێنەی، کە چەمکی نەبینراو و دیوی دووەمی هەیە، وەکو ئەوەی کاتێ (کە دەرگەیەک دەخەینە سەر پشت یا سەر لە پەنجەرەیەکەوە دەردێنین، ئەوا وڵاتێک دەبینین یا پەڵە زەوییەک، کە ململانێکانی لە خۆگرتووە، یاخۆ گوندێک شینایی لێ دەڕوێ و پیت و فەڕی دەبێت)(٣٠).

واتە شوێن (خاوەنی ناسنامە و هەڵگری دەلالەت و دەسەڵات و سیستم و کەش و ڕەهەند و سروشتی خۆیەتی، بۆ نموونە: ئەو سیستم و دەسەڵاتەی، شوێنێکی وەک بازاڕ لەگەڵ خۆیدا هەڵی دەگرێت، جیاوازە لەو دەسەڵاتەی، کە شوێنێکی وەک گۆڕستان لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتووە. بەکورتی فەزا و دەسەڵاتگیری مەلەوانگەیەک جیاوازە لە فەزا و دەسەڵاتگیری قەسابخانەیەک، چونکە هەر شوێنە و

دەســەڵاتگیـری خـۆی هەیە و خـاوەنی ڕەهـەند و ڕووبەری تـایبـەتی خـۆیەتی بۆ ڕێگەدان بە جووڵەکردن و کردار و گفتوگۆکردن. هەروەها هەر شوێنێک ڕیتمێکی تایبەت بەخۆی هەیە. شوێن هەڵگری فرە دەلالەتە)[٣١].

بێگومان سەرکەوتنیش لە بەکارهێنانی ڕەگەزی شوێن و چەمکی شوێن پابەندە بە بیرفراوانی و هۆشیاری ئەو نووسەرە و چاوکراوەیی بەرابەر بە جووڵەی شوێن. گەلێ جار شوێن بە قـۆچی قـوربانـی ئایدیۆلۆجـیا کـراوە، کـە تـا ڕادەیەک ئەم دیاردەیەش بەسەرچووە و خۆری ئاوا بووە. چونکە وا دیارە لە کاتێکدا نووسراون (ڕۆژگار ململانێی ئایدیۆلۆجی باڵی بەسەردا کێشاوە و وەکو پێشبڕکێیەک بوو بۆ بەدیارخستنی ڕاست و دروستیی یا چەوتیی ئەم ئایدیۆلۆجیایانە)[٣٢].

شـایانی باسـە ئەم دیاردەی بەقـۆچی قـوربانیکردنی تەکنیکە بۆ ئایدیۆلۆجیـا، زیاتر لە ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیستیدا ڕەنگی دایەوە و پیادە کرا، (بۆیە لەم کاتەدا نووسەر چاوی بەرابەر بە جووڵەی شوێن و جووڵەی کات دادەخات، چاوی تیژی دەبڕێتە سەر بەرەوپێشچوونی بیری خۆی).[٣٣]

(ئی، ئێم، فۆرستەر) جوانـی بۆ چووە، کە مەزنی و گەورەیی ڕۆمانی (جەنگ و ئاشتی)ی لیڤ تۆڵستۆی (١٨٢٨ – ١٩١٠) دەگێڕێتەوە بۆ سەرکەوتوویی و جوانی لە بەکارهێنانی شوێندا (بەپێچەوانەی ڕای باوەوە، دەگوترێت، مەزنی ئەم ڕۆمانە لە بابەتەکانییەوە هەڵدەقوڵێت، کە ئەوە کاتەکەیە و کاریگەرییەتی لەسەر مرۆڤ. فۆرستەر لەسەر ئەو ڕایەیە، ئەم مەزنییە لە درێژەدانی شوێنەوە هەڵدەقوڵێت، نەک کـات، هەر لەبەر ئەمەیە بە ڕای ڕەخنەگر، ڕۆمانەکە ڕوحی نائومێدی لە جەستەماندا ناچێنێت، ئەگەر چی جەخت دەکاتە سەر کارلێکردنی کات و لە ناوچوونی نەوەکان، خەڵکەکە وا نیشان دەدات، پیر دەبن و بەرەبەرە دەپووکێنەوە. لەم بارەیەوە فۆرستەر دەڵێت... کاتێ خوێنەر لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بەردەوام دەبێ و دەچێتە پێشەوە، ژێیەکان نەغمەیەکی مۆسیقی دەردەبڕن، بێ ئەوەی بزانین چی بەر ژێیەکان کەوتووە، ئەم نەغمانە لە چیرۆکەکەوە دەرنەهاتوون، تەنانەت زادەی ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکانیش نین، هەروەها کەسەکانیش، بەڵکو لە سەرجەم ئەو پرد و ڕووبارە بەشەختە بەستیوانە و دارستانەکان و ڕێگە و باخچە و

کێڵگەکانن، کە سەرجەم مەزنی و دەنگیان کۆدەکەنەوە، پاش ئەوەی پێیاندا تێ دەپەڕین. پاشان دەڵێت: هەستکردن بەشوێن لای زۆرێک لە ڕۆماننووسەکان هەیە، بەڵام کەمیان هەستی درێژەدانیان دەبێت، ئەو هەستەی، کە لە هونەری تۆڵستۆیی لە ئاسمانەوە هاتوودا دەگاتە لووتکە. سەروەری هەڵوێستیش لە ڕۆمانەکەدا درێژەدانە، نەک کات)[٣٤].

پشتکردن لە شوێن و باس نەکردنی، نرخ و بەها سەندنەوەیە لە شتەکان، بەپێچەوانەشەوە ڕووتێکردن لە شوێن و بایەخ پێدانی، نرخ و بەهایەک بە شتەکان دەبەخشێت، بۆ نموونە: لە وڵاتێکی وشکانی و بێ بارانی وەکو ئەفریقا، زاراوەیەک نییە بەرابەر بە (باران)، بۆیە جێی سەرسوڕمان نابێت ئەگەر لە وڵاتێکی بێ ڕووباردا بەلەم هیچ نرخێکی نەبێت و دراوێکی قەڵبیش نەکات، یا لە وڵاتێکی شاخاویدا هێسترێک لە ئۆتۆمبیلێک پێویستتر و چاکتر بێت، یا لە بیاباندا پیرە حوشترێک نەگۆڕنەوە بەگەورەترین کەشتیی دەریایی... کەواتە بەگۆڕانی شوێن، زمان و جلوبەرگ و خۆراک و ڕەنگ و ئاکار و داوونەریت و نرخ و بەهاو ڕادەی پێویستی شتەکان و گەلێ شتی تر دەگۆڕێت. بەهەمان شێوەش بەپێی شوێنی چینایەتی و تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و ڕەگەزیش، مانا و بەهای شوێن و چەمکی شوێن دەگۆڕێت.

ئەندرێ مالرۆ (١٩٠١ – ١٩٧٦) لەمەڕ گۆڕانی بەهای شتەکان لە ئەنجامی گۆڕانی شوێن، دەڵێت: (مۆزەخانە بەناچاری و زۆرەملێ خاچ دەکات بە کۆتەڵ)[٣٥]، یاخۆ کە جووتیارێک لە گوندەوە بار دەکات یا دەگوازێتەوە بۆ شار، ڕووبەڕووی جیاوازییەکی گەورە دەبێتەوە لە نێوان جیهانی گوند و جیهانی شاردا، بەوەی کە جیهانی شار (ڕووبەری فراوانتر و کۆبوونەوە و چڕی و قەرەباڵغی دانیشتووانی گەورەتر و بوارەکانی کاری زۆرتر و دژایەتییەکانی هەمە ڕەنگترن)[٣٦]، لە هەمان کاتدا (شار، بەتایبەتمەندییەکانی و ئەرکە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ژیارییەکانییەوە لە گوند پێشکەوتووترە)[٣٧].

ئیتر بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەم شوێنە تازەیەی شاری لێ دەبێتە دژەشوێن و زۆر جار لەگەڵیدا ئاشنا و هۆگر نابێ، پێی دەستەمۆ ناکرێت و تا کۆتایی ژیانی

بەنارەزایی و نابەدڵی تێیدا گوزەر دەکا و رۆژبەرۆژ لە هاتنەدی خەونەکانی دوورتر دەکەوێتەوە و هەست دەکات وەکو سەرچاوەی قازانج و زێدەبایی هەڵدەسەنگێنرێت و هەمیشە نەک هەر خۆی بەنامۆ و ونبوو دەبینێ، بەڵکو بە لەدەستدانی یا دوورکەوتنەوەی لە شوێنی هۆگر و دەستەمۆکراوی، ئەوا مەرگی دەبینێت، یا هەندێک جار وای لێ دەکات بەرگەی ئەو دژایەتییە و دژایەتییەکانی ناو ئەو دژایەتییە نەگرێ و بەرەو زێدی لەمێژینەی خۆی بگەڕێتەوە. واتە لە شارەوە بەرەو لادێ، وەکو پاڵەوانی چیرۆکی (بارام ناوێک هەبوو)ی عەبدوڵا سەراج و (خاڵێک لە پاش ژمارەوە)ی رەووف بێگەرد و (قولابی چاوەکان)ی محەمەد فەریق حەسەن.

وەنەبێ ئەم جیاوازییانەش بەتەنیا لە نێوان شار و لادێدا زەق بووبنەوە، بەڵکو لە نێوان وڵاتێک و وڵاتێکدا و شارێک و شارێکیشدا رەنگ دەدەنەوە، وەکو چۆن لە کۆندا (بەرابەر ئەسپارتە، کە شاری هێز بوو، ئەسینای پایتەخت شاری هۆشیاری بوو)(٣٨).

(شاریش هەیە شاری بازرگانییە، یا شاری ئاینییە، یا شاری پیشەسازییە، یا شاری مێژووییە. هەندێ شاریش هەن گرینگی خۆیان لەوەوە بەدەست دێن، کە سەرچاوەی بڕیار و هەڵبژاردنی رامیارین)(٣٩).

ئەم تایبەتمەندیی شارانەش دەبێتە هۆی دروستبوونی قەڵشتی جیاوازی لە ئاستی رۆشنبیریدا لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، (یەکێ لە پسپۆڕەکان وای بۆ دەچێت، کە هەر شارێک دێتە کایەوە رۆشنبیرییەکی تایبەت بەخۆی پیادە دەکات و شتەکان و بوونەوەرەکانی دەوروبەری لەسەر بناغەی شێوەژیانێک جیا لە شارەکانی تر لەگەڵ خۆیدا دەگونجێنێت)(٤٠).

بە درک نەکردنی هۆیەکانی ئەم جیاوازییانە، شاعیرانی رۆمانسی، ئەو شاعیرانەی کە شیعریان بە سرووش "الهام" دادەنا، نەک بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، لە ترسی دەسەڵاتی زەبەلاح و لووشکەری شاردا، دووچاری نامۆیی و هەڵاتن بوون...

## جۆرەکانی شوێن

لەبەرئەوەی تا ئێستا نووسەران و توێژەران لەسەر جۆرەکانی شوێن لە ڕۆماندا تەبا نین و هەریەکە و گۆشەی ڕوانین و دیدگا و فەلسەفە و هەست و هۆشیاریی جیاجیای بۆ چەمکی شوێن و جۆرەکانی شوێن و ناولێنانی ئەم جۆرانە هەیە، وا لێرەدا جۆرەکانی شوێن لە دیدگای هەندێ لە پسپۆڕانەوە ڕاڤە دەکەین.

### أ- جۆرەکانی شوێن لە ڕوانگەی نووسەرە بیانییەکانەوە:

ئەگەر بگەڕێینە دواوە، بۆ سەرەتاکانی گرینگیدان بەشوێن و چەمکی شوێن دەگەینە ئەو ڕایەی، کە هەر (لە دێرزەمانەوە، مرۆڤ درکی بە ڕۆڵی جیاکاری (متمیز) شوێن و پێوەندیی بەبوونییەوە، کردووە، چونکە چالاکییەکان واتایان وەدەست ناهێنن، مەگەر لە ڕێی پێوەندییەکانیانەوە بەشوێنی دیارکراوەوە نەبێت. لێکۆڵینەوەکان دەربارەی بوون و نەبوون هزری مرۆڤایەتییان سەرقاڵ کردووە. ئەوەبوو گریکەکان پانتاییان[٤١] کرد بەبابەتێک بۆ ڕامان، ئەگەرچی لە سەلماندنی بوونە بابەتییەکەیدا، ڕای جیاواز لە نێوانیاندا هەبوو. یا ڕەتکردنەوەی ئەو بوونە، بەپێی بۆچوونە ئایدیالییەکان یا ماتریالییەکان. جا دەبینین تێڕوانینی شوێن لای (هیراقلیتس) تێکەڵ بەتێڕوانینی مادە و، چۆنیەتی گۆڕانی بوو. فیساگۆرسییەکانیش شوێنیان بەشێوەیەکی ماتماتیکی، لە ڕێی درێژبوونەوەی ئەندازەیی تەنەکانەوە (أجسام) لێکدایەوە.

(بارمیندیس)یش وای بۆ دەچوو، کە نەبوون (العدم) بەخۆی، شوێنی پەتییە. "ئەمیش بوونی مەحاڵە، مادامێک بوون گشت لایەنەکانی شوێن پڕ دەکاتەوە" قوتابخانەی (گەردیلە - ذرة)یش کەوا (لیۆفیۆس) و (دیموقرەتیس) دایان مەزراند، پەرەی بە چەمکی نەبوون دا، کە بەخۆی نەمانێکی ڕەهایە، بەرەو چەمکی بۆشایی و دانی بەبوونیدا نا، بەڵام بەڕادەیەک، کە لە بوونی بوون خۆی کەمتر نییە. هەرچی (ئەفلاتوون)یش بوو، ئەوا بنیاتی جیهانی گەڕاندەوە بۆ سێ توخم، کە ئەمانەن:

(مادە، یا درێژبوونەوەی شتەکان دەگرێتە خۆی و ، بەها و، دروستکەر. چەند

ناوێکیشی لە مادە، یا مایەکی (مادی) نا، هەروەها چەند ناو و لێکچواندنێکیشی بۆ مادە، یامایەکی دانا، وەکو: جێ، شوێن، دایەن، ئەوی شتەکان تێیدا دەردەکەون، جەستە، منداڵدان، ئایندە، هیۆلا (المادة الأولية))[٤٢].

کەواتە ئەفلاتوون (٤٢٧-٣٤٧پ.ز) یەکەمین کەسە، بە ڕاشکاوی باسی لە زاراوەی شوێن کردووە، ئیتر لە پاش ئەم ئیشارەت پێدانەی ئەفلاتوون، چەمکی شوێن لەلایەن فەیلەسووفانەوە برەوی پێ درا و شوێنی تایبەتی لە لاپەڕەی توێژینەوەکانیان داگیر کرد.

بەڵام ئەرستۆتالیس (٣٨٤پ.ز-٣٢٢پ.ز) هەر بەمەندە نەوەستا، بەڵکو (شوێنی کرد بەدوو بەشەوە "شوێنی گشتی و شوێنی تایبەت"، شوێنی گشتی ئەو شوێنەیە، کە گشت تەنەکانی گرتووەتە خۆ، شوێنی تایبەتییش یەکەمین شت، کە تێیدا بوونی هەبێت، شتەکە خۆیەتی. ئەویش بەخۆی ئەوەیە، کە تۆ بەتەنیا دەگرێتە خۆی. ئیتر لەوە زیاتر نییە. شوێنی گشتی سەرجەمی شوێنە تایبەتییەکان پێک دەهێنێت، وەلێ شوێنی تایبەت لە یەک تەن و تەنیا کاتێک زیاتر ناگرێتە خۆی)[٤٣].

لە سەدەی بیستەمدا (گاستۆن باشلار)[٤٤] بەپێشەنگی بایەخدەران بە ڕەگەزی شوێن دادەنرێت، لە کتێبە دانسقە و بەپێزەکەیدا (جوانکارییەکانی شوێن)، تەنیا باسی لە هۆگرە شوێن کردووە، بەڵام بەدیدێکی فەلسەفییەوە. بۆ گوزارشت لە کاریگەری شوێنی هۆگر دەڵێت (هەموو شوێنێکی ساتەکانی گۆشەگیری ڕابردوومان و ئەو شوێنانەی کەوا تەنیاییمان تێیاندا کێشا و ئەو شوێنانەی تێیاندا چێژی ڕابواردنمان چەشت و ئارەزوویانمان کرد و تێیاندا لەگەڵ تەنیاییدا هۆگر بووین.. هەموو ئەمانە لە ناخماندا بەچەسپاوی و سەقامگیری دەمێننەوە، چونکە ئێمە بەخۆمان ئارەزووی مانەوەیان بەم شێوەیە دەکەین، مرۆڤ هەر بەسەلیقە دەزانێت ئەو شوێنەی بە تەنیاییەکەیەوە پێوەندداره، شوێنێکی خوڵقێنەرە. ئەمەیش تەنانەت کاتێکیش ئەو شوێنانە لە حاڵی حازردا ون دەبن، هەروەها کاتێکیش، دەزانین ئایندە بۆمان ناگەڕێتەوە و ئەو کاتەیش، کە دەزانین نە سەربانێک و نە ژوورێکی سەربان لە گۆڕێدا نییە. جا لێرەدا ڕاستییەک دەمێنێ، ئەویش ئەوەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان جارێک لە ژووری سەرەوەی خانووەکەدا ژیاین و بۆ

جارێک ئەو سەربانەمان خۆشویست، ئێمە بۆ ئەمانە دەگەڕێینەوە خەونەکانی شەوانمان، ئەم شوێنانە بەهای قۆزاخەیان هەن)[٤٥].

هەرچی (پۆڵ) و (ڕۆمێر)ن شوێنیان بۆ چوار جۆر دابەش کردووە، ئەمەش بەپێی ئەو دەسەڵاتەی ئەم شوێنانە دەکەونە ژێر باریەوە:

١- شوێنی من:

ئەو شوێنەیە، کە دەسەڵاتی خودی تێدا بەگەڕ دەخات، هۆگرە و لە ژێر ڕکێفی تاکدایە.

٢- شوێنی ئەوانی تر:

لەگەڵێ شتدا لە جۆری یەکەم دەکات، بەڵام لەوەدا جودایە، کە من تێیدا ملکەچە بۆ ئەوانی تر و دەبێ دان بەو دەسەڵاتەدا بنێ.

٣- شوێنی گشتی:

ئەم شوێنە موڵکی کەس نییە، بەڵکو موڵکی دەوڵەتە، پۆلیس و ئاسایش و دەسەڵاتداران هێزی خۆیانی تێدا دەخەنە گەڕ.

٤- شوێنی ناکۆتا (المكان اللامتناهي):

ئەم شوێنە خاڵییە لە خەڵک، ئەو زەوییەیە، کە لە ژێر دەسەڵاتی کەسدا نییە، تەنانەت دەسەڵاتی دەوڵەتیش! زۆر جاریش ئەم شوێنانە بێ ڕێگە و خاڵین لە ژیار و دەزگاکانی دەوڵەت، بۆیە هەمیشە ئەم جۆرە شوێنە دوورە لە شوێنی نیشتەجێی خەڵکەوە، هەر لەبەر ئەمەیە دەلالەتی تایبەتی وەردەگرێت، وەکو: بیابان و چیا سەرکەشەکان و ئەشکەوت و جەنگەڵە دوورەدەستەکان. دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە شوێنە خەریکە قڕی تێ دەکەوێ و بەهۆی بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆجیاوە ئەمڕۆ دەوڵەت دەستی بەدوورترین خاڵی سنوورەکان دەگات.

(شۆڵز) پێنج واتا بۆ پانتایی جیا دەکاتەوە:

١- پانتاییی پراگماتی: مرۆڤ لە ژینگە سروشتییە ئۆرگانییەکەی یەک دەخات.

٢- پانتایی درک پێکراو: ئەمیش بۆ ناسنامە کەسایەتییەکەی پێویستە.

٣- پانتـاییی وجـودی: وای لێ دەکـات، کـە بگەڕێتـەوە بۆ گـشـتی کـۆمـەڵایەتی و ڕۆشنبیری.

٤- پانتاییی ئەپستیمی (معرفي):

ئەمیش واتای ئەوە دەدات بەدەستەوە، کە لە توانایدایە بیر لە پانتایی بکاتەوە.

٥- پانتاییی لۆجیکی (المنطقي):

ئەمیش وەک ئامرازێک بۆ وەسفی پانتاییەکانی تر دەخاتە بەردەست[٤٦].

توێژەری فۆرمالیستی ناوداری ڕوسی (میخائیل باختین) هەموو جۆرەکانی شوێن لە چوار بەشدا کۆدەکاتەوە:

١- شوێنی ناوەوە.

٢- شوێنی دەرەوە.

٣- شوێنی دژ.

٤- شوێنی ئاستانە.

دوایینیـان بەو شـوێنە دەگـوترێت، کـە ڕاڕەو و دەرگـە و پەنجـەرە و شـەقـام و ئۆتۆمبیل و فڕۆکە و شەمەندەفەر و پاپۆڕ و...ی گرتووەتە خۆ.

(برۆپ)یش لەمـیـانەی ئـەو لێکۆڵینەوەیـەی، کە لەسـەر کـۆمـەڵێ چیرۆکی مـیللی ئەنجامی دا، شوێنی دابەش کردووە بە سێ بەشەوە:

١- شوێنی ڕەسەن:

شوێنی لەدایکبوون و جێگەی ژیانی خێزانە، گریماس پێی دەڵێت (شوێنی پەتیی مرۆڤ).

٢- شوێنی پاڵاوتەی پەتی.

٣- شوێنی ناشوێن.

هەرچی ڕەخنەگران (بۆرنۆف) و (ئۆنێلێ)ن، شوێن تەنیا بۆ شوێنی واقیعی و شوێنی خەیاڵی دابەش دەکەن.

**ب- جۆرەکانی شوێن لە ڕوانگەی نووسەرە عەرەبەکانەوە:**

هەر لە زووەوە هەندێ لە فەیلەسووفە عەرەبەکان کەوتنە ژێر کاریگەریی ڕاکانی ئەرستۆتالیسەوە و پەیڕەوی هەڵوێستی ئەویان لە بواری شوێندا کرد، وەکو (کندی (٨٠٠-٨٧٩ز) و فارابی (٨٧٠-٩٥٠ز) و أخوان الصفا و هەندێ فەیلەسووفی تری وەکو سجستانی و أبی حیان التوحیدی و أبن مسکویە. ئەمە لە کاتێکدا کە أبوبکر الرازي (٨٦٤-٩٢٣) و الحسن أبن الهیثم (٣٥٤-٤٣٠ک) ڕای جیایان هەبوو)[٤٧].

ئیتر هەر لەوکاتەوە تا نهۆ ڕای جیاجیا لەسەر چەمکی شوێن و جۆرەکانی لە ئارادا بووە و تەبایییەک لەسەر پۆلێنکردن و جۆرەکانی شوێن و ناونانی نەهاتووەتە دی. بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە لە کاتی پۆلێنکردندا، خۆمان لە بەرابەر ناوی جیاجیا و هەمەڕەنگی شوێندا ببینینەوە، وەکو (پانتاییی جادوویی یا ئەفسانەیی، پانتاییی عاجباتی و، واقعی و سروشتی و دەستکرد)[٤٨].

تەنانەت لە زاراوەشدا مانا و ئەرکی جیاجیای دەدرێتێ و جارێک بە "شوێن" و جارێکیش بە "پانتایی" ناودەبرێت (هەموو ئەم جیاوازییانەش بەپێتیی ئەم گوتەزایەمان (مقولة) بۆ دەردەخەن)[٤٩]. لەم سەردەمەدا (غالب هلسا)(*)ی مۆدێرنخواز، گرینگییەکی زۆری بە ڕۆڵی شوێن لە ئەدەبدا داوە، پێداگرتنی لەسەر بایەخدان بەشوێن لە ڕادەیەکدایە، وای دەبینێت، کە (کاری ئەدەبی بەفەرامۆشکردنی شوێن، تایبەتمەندی و ڕەسەنیی خۆی لەدەست دەدات)[٥٠]. شوێن لای ئەم دەکرێت بە سێ بەشەوە، بەو بڕوایەی کە ئەم سێ شوێنە دەتوانن شوێن لە زۆربەی ڕۆمانە عەرەبییەکاندا بگرنە خۆ:

١- شوێنی خوازەیی (المکان المجازي):

ئەو جۆرە شوێنەیە، کە لە ڕۆمانە پڕ لە ڕووداوە یەک بەدوای یەکەکان و تاسەسازیدا بەرچاو دەکەوێت، نووسەر بۆیە ئەم شوێنە بەخوازەیی ناو دەبات،

چونکە بوونی سەد لە سەد نییە، بەڵکو لە گریمانەوە (أفتراض) نزیکە. لێرەدا شوێن جگە لە مەیدانی ڕووداوەکان، دەلالەت لە کەسانی ڕۆمانەکە دەکات، لەو لایەنەی، کە پێوەندیی بەشوێنی چینایەتی، یا شێوەی ژیانیەوە هەیە. هەروەها تەواوکەری ڕووداوەکانیشە، بەمە بە ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی کاری هونەری دانانرێت، بەڵکو تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەیە و بەس. بۆیە بەشوێنێکی نەگەتیڤ دادەنرێت، چونکە سەربەخۆ نییە.

٢- شوێنی ئەندازەیی (المكان الهندسي):

بەو شوێنە دەگوترێت کە ڕۆمان دەیخاتە ڕوو، لەمیانەی وەسفی دوورییەکانی و دەرەوەیەوە، واتە کاتێک ئەو شوێنە هەڵدەوەشێنێتەوە، دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵێک ڕەنگ و ڕوو و شتی تر، کە بەجیا بەرچاو دەکەون.

٣- شوێنی تاقی کراوە (المكان المعاش):

بەو شوێنە دەگوترێت، کە نووسەر تێیدا ژیاوە، دوای ئەوەی لێی دوورکەوتووەتەوە. لە نووسیندا بەخەیاڵ تێیدا دەژێت، وەکو چیرۆکی (سەفەرێکی ئەفسووناوی)ی حوسێن عارف. گاستۆن باشلار بەم شوێنە هۆگرە دەڵێت (ماڵی منداڵی)، کە لە ڕێگەی یادەوەرییەوە دروست بووە[٥١]. یەکێ لەو نووسەرە پڕ بەرهەم و بەرهەم بەپیتانەی، کە ساڵانێکی زۆری تەمەنی بۆ لێکۆڵینەوە لە شوێن تەرخان کرد و بۆچوونێکی زانستی و دیالێکتیکی دا بەشوێن، بەرادەیەک نەخشەی لێکۆڵینەوەی لەسەر جوگرافیای شوێن لە ئەدەبدا هێند فراوان و بەرینە، ئەگەر بکەویتە ناو پانتاییی نەخشەکەیەوە، ئیتر وا دەزانیت بەکیشوەرێکی بێ کۆتایی و بێ سنووری شوێن ئابڵوقە دراویت، ئەویش (یاسین النصیر)ی ڕەخنەگری لە تاراوگە ژیاوی عێراقییە. شوێن لای (یاسین النصیر)ی پسپۆڕ لەبواری ڕۆڵ و چەمکی شوێن لە ئەدەبدا، دەکرێت بە سێ بەشەوە:

١- شوێنی گریمانکراو (المكان المفترض):

ئەمیش دەکرێت بە دوو بەشەوە:

أ- شوێنی یۆتۆپیی گریمانکراو.

ب- شوێنی کۆمەڵایەتیی گریمانکراو.

شوێنی گریمانکراو زادەی خەیاڵی ڕووتە، دەکرێ هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی لە واقیعەوە وەرگرێت، بەڵام بە دیاریکراوی نا، مێژووی گشتی ونە و کاتیش تێیدا بزرە. جگە لەوەی شوێنی ناسراویش هەر بزرە، چونکە باسی شوێنی گشتی دەکات.

٢- شوێنی بابەتی (المكان الموضوعي):

تایبەتمەندی شوێنی بابەتی لەوەدایە، کە پێکهێنەرەکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەڵدەهێنجێنێت، بارودۆخەکە بەسەریدا دەیسەپێنی تا شوێنێکی داخراو بێت. وەکو: بەندیخانە، دوورخراوگە، ئاسایشگە، شێتخانە، بەرەکانی جەنگ.

لەگەڵ ئەوەی، کە شوێنێکی داخراوە، بەڵام کراوەیە، لەسەر پشتە بۆ هزر و ڕامان. ئەگەرچی لای نووسەری بێ دیدگا و بیر تەسک تەنگتر دەبێتەوە.

بە شوێنێکی کاتی دادەنرێت، چونکە بە تێپەڕبوونی کات و فراوانبوونی هزر و گۆڕانی بارودۆخەکە، دەکرێ لێی ڕزگاربیت و سەربەخۆ بیت.

٣- شوێنی تاک ڕەهەند (المكان ذو البعد الواحد):

شوێنێکی گشتییە، لە کاری هونەریدا ناسنامەی تایبەت بەخۆی، ناسنامەی چینایەتی یا کۆمەڵایەتی بەدەست نەهێناوە. واتە ڕەهەندێکی پلاستیکیی دیارکراوە. ئەو شوێنەیە، کە چیرۆکنووس گرینگی تەواوی پی نەداوە و وەکو ڕووپۆشی دەرەوەی ڕووداوەکان بەکاری هێناوە، تەنیا یەک بەهاش بەدەستەوە دەدات[٥٢].

دوکتۆر (حمید الحمداني)یش لەلای خۆیەوە و بە پشت بەستن بەڕای نووسەرانی وەک (هەنری میتران و جۆرج پۆلێ و فیلیپ هامۆن)، شوێن بۆ چوار ئاست دابەش دەکات:

١- پانتاییی جوگرافی:

ئەو شوێنەیە، کە پاڵەوانەکان تێیدا دەجووڵێن و ڕووداوەکانی تێدا ڕوو دەدەن، ئەم شوێنە دانەبڕاوە لە دەلالەتی شارستانی و کۆمەڵایەتی، واتە تەنیا شوێنێکی ڕووتکراوە نییە و زیندەگی لە میانەی جووڵەی کەسەکان و پێوەندیی بە کاتی دیارکراوەوە دەردەکەوێت.

٢- پانتاییی دەق:

شێوازی نووسین و جۆری پیت و ڕووبەری لاپەڕە و بەرگ و نەخشەسازی و جوانکاری لە بەرهەمەکەدا دەگرێتەوە، نەک کاکڵەی بەرهەمەکە. شایانی باسە ئەم جۆرە شوێنە کاریگەریی لەسەر سروشتی ڕووداوەکانی ڕۆمان نییە هێندەی ئەوەی، کە شێوەی گێڕانەوە و ڕەگەزەکانی تری گێڕانەوە کار دەکەن. ئەم جۆرە پانتاییە کاریگەریی لەسەر میزاجی وەرگر بەجێ دەهێڵێت.

٣- پانتاییی گەیاندنی مانا و واتا:

هەندێک جار وشەیەک دوو مانا و دوو واتا دەگەیەنێت، ڕەوانبێژان بەمانایەکی دەڵێن حەقیقی و بەوی تریشیان دەڵێن مەجازی.

٤- پانتاییی لە گێڕانەوەدا:

ئەمەش گۆشەنیگای ڕۆماننووس یا چیرۆکنووس دەگرێتەوە، لەبارەی جۆر و چۆنیەتی خستنەڕووی بەرهەمەکەیەوە. ئایا خۆی دەبێتە پاڵەوانی بەرهەمەکە یان کەسانی تر، یاخۆ بەزاری یەکێکەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.

(عبدالملک مرتاض)یش لە ڕوانگەی خۆیەوە شوێن بەم شێوەیە دابەش دەکات:

١- شوێنی جوگرافی.

٢- شوێنی نیمچە جوگرافی:

بۆ نموونە: کە باس لە خەونێک دەکرێت، خەونیش جوگرافیای هەیە و نییە، واتە نیمچە جوگرافییە.

٣- شوێنی ئاوی:

ئەو شـوێنەیە، کـە ڕووداوەکـانـی زیاتر لە ڕووبـەرێکی ئاویدا ڕوو دەدەن، وەکـو: ڕۆمانی (پیرەمێرد و زەریا)ی هەمەنگوای و ڕۆمـانـی (مۆبی دیک)ی هێرمـان ملڤێل و نۆڤلێتی (سەگی بەڵەک)ی جەنگیز ئێتماتۆڤ و ڕۆمـانـی (زریان)ی جوزێف کۆنڕاد و (سەرهاتی نوقوم بوویەک)ی مارکیز.

یاخۆ وەکو (ئۆدیسـە) و (هەزار و یەک شەو)، کە پاڵەوانەکانیـان سـواری پشت دەریا دەکەن.

٤- شوێنی بزێو (المکان المتحرک):

لەمیـاندا زوو زوو هـەست بەگۆڕانکاری شـوێن دەکـەین و سـیفـەتی بێ ئۆقرەیی لەخۆ دەگرێت، وەکو: ڕۆمـانەکانی (شـەوی لەشـبـونـە)ی ڕیمارک و (نینا)ی سـابت ڕەحمـان و (دووره وڵات)ی ع. قـاسـمۆڤ و (حـەمـەدۆک)ی یەشـار کـەمـال و (ڕاز)ی خوسرەو جاف و (دواهـەمین هـەناری دنیا)ی بەختیار عەلی.

٥- شوێنی بێ سەروشوێن:

ئەم جـۆرەیان هـەمـیـشـەیی نیـیـە و بەپێی کـات و شـوێن دەگـۆڕێت، وەکـو: ناو سەهۆڵبەندان و بەستەڵەک و بەرهەتاو و جەرگەی شەڕ و شوێنی شایی.

٦- شوێنی بەند و باوکاری:

ئەمیـان زیاتر لە چیرۆکـە ئەفسـانەییـیـەکـاندا هـەیە، وەکو لەسـەر بـەڕە فڕین و سـواری گسک بوون و ئـاسـمـان تەیکردن و کڵاوی سـخـری جن لەسـەرکردن. ئەم جـۆره شـوێنـە زیاتر لای بۆرخـێس و مـارکـیـز و نووسـەرانـی تری ئەمـریکای لاتین بەکار دەبرێت.

٧- شوێنی سەیروسەمەره:

بەو شـوێنە دەگـوترێت، کـە عـادەتیی نیـیـە و نـاوهێنان و بەکـاربردنی زۆر جـار دەچێتە قـاڵبی ئەدەبی فـانتـازیاوە.. وەک ناو گـەرووی نەهەنگ و سـەر ئەسـتێرە و مانگ و حـەوت تەبەقەی ئاسمان، کە لە ئەفسانەی کوردی و میللەتانی دیدا گەلێک بەکار براوە(٥٣).

توێژەری بەناوبانگی مەغربی (سعید یقطین) بینای پانتایی لە چیرۆکی میللیدا دەکات بەدوو بەشی سەرەکییەوە:

١- بینای پانتایی تایبەتی.

٢- بینای پانتایی گشتی. دەکرێت بەسێ بەشەوە:

١- پانتاییە مەرجەعییەکان (الفضاءات المرجعية):

بەو پانتاییە دەگوترێت، کە دەتوانین لە واقعدا بیدۆزینەوە، لە دابەشکردنە جوگرافییەکان، یاخۆ لە مێژووی کۆندا.

٢- پانتاییەکانی خەیاڵکردن (الفضاءات التخيلية):

زۆر لە شوێنی یەکەم دەکات، بەڵام دروستکەری ئەمیان خەیاڵی فراوانی گێڕەرەوەیە، ئەمیش دابەش دەبێت بۆ:

أ- پانتایی پەمەیی (الفضاء الوردي):

پانتاییەکی جوان و بەپیتە، پڕە لەو وێنە جوانە سروشتییانەی لە یادەوەریدان، هەروەکو ئەو وێنە پۆستکاردانەی، پڕن لە دیمەنی سروشتی، کە جوانییەکەی لە بەهەشتەوە وەرگرتووە. چونکە پڕە لە کێڵگە و باخ، بۆیە هەمیشە ڕەنگەکانی سروشت لەخۆ دەگرێت، زۆر جار لە پاش گەڕان لە پاش گەڕان و ململانێ و کێشمەکێشی زۆر پاڵەوان دەگاتە ئامانجی خۆی و بەم شوێنە هۆگر و هێمنە بەهرەمەند دەبێت.

ب- پانتایی چۆڵەوانی (الفضاء القفري):

ئەگەر پانتایی پەمەیی خۆشی بخاتە دەروونی وەرگر یاخۆ کەسەکانەوە، ئەوا ئەمیان سەرسوڕمان و ترس و تۆقاندن و خەم و پەژارە و دڵەڕاوکێ دەچێنێت و هەمیشە ڕەنگی ڕەش و زەرد لەخۆ دەگرێت.

ج- پانتایی جەنگ (فضاء المعارك):

پانتایی دەق لای گێڕەرەوە مەیدانی جەنگە بەهەموو ماڵوێرانییەکییەوە، لێرەدا زمان و وەسف لە فراوانکردنی پانتایی جەنگدا ڕۆڵی گرینگ دەگێڕن. ئەم پانتاییە هەمیشە ڕەنگی سوور لەخۆ دەگرێت.

د- پانتاییی بەئەندێشە (الفضاء المتخیل):

هەموو پانتاییەکانی پێشوو جێگەیەکی دیارکراویان هەیە، بەڵام ئەمیان جیایە، چونکە سەر بەجیهانێکی ترە. ئەمیش دەکرێت بەدوو بەشەوە:

١- پانتاییی ئەو دنیا (فضاء العالم الآخر):

پانتاییی پاش مردنە، پانتایی بەهەشت و دۆزەخ. ئەم پانتاییە لە زۆر لە چیرۆکە میللییەکاندا ئامادەیی هەیە و هەمیشە ئەو دنیا بەبناغەی ئەم دنیا دادەنێت، ئەگەرچی پانتاییی پەمەیی لەسەر زەوی دەدۆزرێتەوە، بەڵام بەرز ڕاگرتنی پانتایی ئەو دنیایە. دووری نێوان پانتاییی سەرزەوی و پانتاییی ئەو دنیا، دووری نێوان ژیان و مردنە.

٢- پانتاییی خەون (فضاء الحلم):

چ لە ڕووی سروشت و چ لە ڕووی دوورییەوە، جیاوازییەک نییە لە نێوان پانتاییی خەون و پانتاییی ئەو دنیادا. لێرەدا لەبری بمرێت، دەنوێت و خەون دەبینێت (لە هەیوانەکەدا خۆم لەسەر جێیەکەم بینییەوە... سینییەکی زێڕ، قاپێکی بلووری تێدابوو، خرایە بەردەمم. قاپەکە قازێکی قەڵەوی سوورەوە کراوی تێدابوو. لەپڕ سەگێکی زەبەلاحی پێ کوڵی سەر زل، لە قازەکە نزیک بووەوە و پڕی دایێ، ویستی تێقوچێنێ، هەر لەو کاتەدا نەڕە شێرێکم بینی بەژوورکەوت، هەرکە گەیشتە سەگەکە، شالاوی بۆ برد و کوشتی. قازەکەی لە دەم سەگەکە دەرکرد و بێ ئەوەی گلاوی کردبێت بۆی هێنام)[٥٤].

٣- پانتاییە عاجباتییەکان (الفضاءات العجائبیة):

ئەو شوێنەی لێرەدا بەکار دەبرێ، جێی سەرسوڕمان و عاجباتییە، بەهەمان ڕادەش دەچێتە خانەی ترس ئامێزەوە، ئەمە جگە لەوەی لە زۆر کاتدا وەکو ڕەمز بەکار دەهێنرێت. وەکو: ئەژدیها و دێو و درنج. دێو، کە دەم دەکاتەوە و قاقا پێدەکەنێت، ئەوا دەمی بەئەندازەی دەروازەی شارێک دەکرێتەوە، ددانەکانی لە سەکۆی دووکانەکان دەکەن، مەلاشووشی کوتومت دەڵێی گەورە بازاڕێکە بۆ خۆی. ئەمیش دەکرێت بەدوو بەشەوە:

أ- پانتاییی بەرچاو (الفضاء الظاهري).

ب- پانتاییی ناوەوە (الفضاء الباطني).[٥٥]

(عواد علي) بەپێی تیۆرەکەی (ئۆپەرسفێڵد) شوێن لە شانۆدا بەم شێوەیە پۆلێن دەکات:

١- جێگەی شانۆیی و شار:

(جێگەی شانۆیی بە پێوەندییە مادی و بیناسازییەکانی بەشارەوە دیاری دەکرێت) دواتر (ئەو جێگەیەی لە ناو شاردایە).

٢- جێگەی سەکۆیی (المكان المنص):

شوێنی هونەرمەندە ئەزموونکارەکانە، هەموو ئەو پێویستییانەی دەبنە هۆی چالاکی و جووڵەی ئەکتەرەکان و کۆڕە تایبەتییەکان و بوونی دیکۆر یا نەبوونی.

٣- پانتاییی سەکۆیی (الفضاء المنص):

بەلایەنی کەمەوە دەسەپێنرێتە سەر سەرجەم ڕووداوەکان، کە دەچنە سەر سەکۆ.

٤- پانتاییی درامی:

ئەمەش لە دوو چەمکەوە گەشە دەکات:

أ- پانتاییی سەکۆیی:

دەتوانێت فەزایەکی مادی بۆ دەقە شانۆییەکە دیاری بکات.

ب- پانتاییی وەهمی:

لە دەقەوە وەرگیراوە و لەویشەوە سرووش وەردەگرێت[٥٦].

ڕەخنەگری شانۆیی (پاتریک باڤیس) پانتاییی شانۆ بۆ شەش جۆر دابەش دەکات:[٥٧]

١- پانتاییی درامی:

پانتاییی زمانی دەقە، خوێنەر لە ساتی خوێندنەوەی دەق لە هزری خۆیدا

دەینەخشێنی، پانتایی بەردەوام لە جووڵەدایە، ئەو جووڵەیەش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو پێوەندییە بەردەوامەی لە ڕووداوە دەگمەنەکانی دەق بەرچاو دەکەون.

٢- پانتاییی ناوەکی:

دەستپێشخەری لە بۆچوونی نووسەر دەکات، دەرهێنەر بیری سەرەکی دەق وەردەگرێ و دەیسەپێنێ بەسەر فۆرمی شانۆگەرییەکەیدا، لە ڕێگەی خەون و خەیاڵەوە پانتاییی ناوەکی کێشاوە، دیدگاکانی خۆی لەو ڕێگەیەوە دەردەخات، کە ئەوە هەمان دیدگای مرۆیی بینەریشە، بۆیە بینەر بەشدارێکی سەرەکیی ناو ئەو خەونەیە.

٣- پانتاییی جووڵە:

بەرەنجامی پێوەندی و جووڵەکانی ئەکتەرە، پێوەستە بەرەهەندی گەمە شانۆییەکەوە، لەگەڵ گۆڕانی کێشوەرەکان ئەویش لەسەر هەمان جووڵەی خۆی نامێنێتەوە و دەگۆڕێت.

٤- پانتاییی شانۆ:

پانتاییی ڕاستەقینەی شانۆیە، ئەکتەرەکان بەدوای خودی ڕاستەقینەی خۆیان تێیدا دەگەڕێن، لە دەوری پانتاییی گەورەی شانۆ کۆ دەبنەوە، ئەوەی تێیدا ڕوو دەدات لە ناوەوەی بینەرە، دیدگای بینین لە پێوەندیی نێوان ئەکتەر و بینەر فۆڕمی پانتایی جیاواز دەبەخشێت، کرۆکی ئەو پانتاییە پێک هاتووە لە (پانتاییی درامی + شانۆ)

٥- پانتاییی وێنەی شانۆیی:

پانتاییی ناوەکییە لە کاتی نمایشدا بینەر و ئەکتەرەکان کۆ دەکاتەوە، پێوەندییەکی گرینگ لە نێوان بینەر و نمایشدا دەخوڵقێنێ.

٦- پانتاییی دەق:

بەو پانتاییە دادەنرێ لەو بابەتە نووسراوەی زمان و ئامادەبوونی ئەو

گوتارەی لە پانتاییدایە، هەمیشە لە پرۆسەی نووسین نووسەر ئەو پانتاییەی لە یادە، کە ئەکتەر و دەرهێنەر لە پرۆسە شانۆییەکە پێیەوە پێوەست دەبن، ئەوەش پانتاییەکی واقیعییە، نەک لەبەرئەوەی وەک پانتاییی درامی لە هزری بینەردا خۆی دەنوێنی، بەڵکو واقعیەتەکەی پێوەستە بەبابەتی چیرۆکی شانۆگەرییەکە، کە بۆ بینەر دانراوە.

دوکتۆر ( شجاع مسلم العاني)یش لەنامەی دکتۆراکەیدا شوێن بۆ چوار بەش پۆلێن دەکات، ئەمەش بەپێی پێوەندیی کەسەکە بەشوێنەوە:

١- شوێنی شانۆیی (المكان المسرحي):

هەندێک جار چیرۆک یا ڕۆمان قاڵبی شانۆنامە لەخۆ دەگرێت، بەوەی شێوەی گفتوگۆی کەسەکان و جووڵەیان ناچار بەپابەندبوون بەبنەماکانی شانۆ دەکرێن، بۆیە بەم جۆرە شوێنە دەگوترێت شوێنی شانۆیی، یا شوێنی درامی، بەچیرۆکەکە دەگوترێت چیرۆکی درامی، ڕۆمانەکەش بەڕۆمانی درامی ناو دەبرێت، بۆیە ڕۆڵی شوێن لەم جۆرە چیرۆکە یا ڕۆمانانەدا زۆر کز و لاواز خۆ دەنوێنێ و بەشوێنێکی نەگەتیڤ دادەنرێت، چونکە ملکەچی ڕووداو و کەسەکانە و پاشکۆشیانە.

لە شوێنی شانۆییدا هەر وەکو باختین دەڵێت، تایبەتمەندی پێکەوە ژیان و ململانێشی هەیە. هەندێک جار نەک هەر شوێنەکە شانۆییە، بەڵکو وەسفەکەش شێوەی وەسفی شانۆیی لە خۆ دەگرێت (خانوویەکی هاکەزایی بە قایە دروست کراو، دەرگەیەکی ساجی گۆپکەداری ئاسن، لە دەرگەکە دەچییە ژوورەوە)[٥٨].

شوێنی شانۆیی تایبەتمەندی خۆی نییە و تایبەت نابێت بەیەک شوێنەوە، بۆ نموونە زۆر جار، کە وەسفی شارێک دەکرێت هێند گشتی دەبێت جیا ناکرێتەوە لە شارێکی تر، هەندێک جار چاخانەیەک یا ژوورێک یا بەندیخانەیەک یا کەشتییەک دەکرێت بەمەیدانی ڕووداوەکان، لە شوێنی شانۆییدا هەموو چین و توێژەکان یا چەند نەتەوەیەک یا چەند ئایدیۆلۆجیا و مەزهەبێک کۆ دەکاتەوە، ئیتر ئەو شوێنە لەلایەک دەبێتە مەیدانی پێکەوە ژیان و لەلایەکی تریشەوە دژایەتی و ململانێکانی تێدا توندتر دەکرێنەوە. (هۆڤمان) ڕۆمانی تایبەت بەم جۆرە شوێنە بە(ڕۆمانی

هزر) ناو دەبات. (پێویستی بنیاتی ئەم جۆرە ڕۆمانە ڕەنگە ئاسانتر بێت لەوەی، کە لە یەکەم جاردا دێتە بەرچاو. یەکێک لەو پێداویستییانە کۆکردنەوەی خەڵکانێکی زۆرە لە تەنیا شوێنێکدا، کە بارودۆخ لەبار بێت بۆ گوزارشتکردنی هەمەڕەنگ لە هەمە ڕۆشنبیریی هزری. ژووری میوان و ئاهەنگ و کاتی شێوان، ئەمانە مەڵبەندی خوازراوی بنیاتگەری ئەم جۆرە ڕۆمانەن)(٥٩).

دەبێ ئەوەش لە یاد نەکرێ، کە شوێنی شانۆیی هەندێک جار دەگۆڕێت بۆ دژە شوێن و جارجاریش بۆ هۆگرە شوێن، نموونەی شوێنی شانۆیی لە ڕۆماندا: نۆڤلێتی (لانە)ی کافکا و نۆڤلێتی (باخچە)ی مارگرێت دۆرا و ڕۆمانی (کوێری)ی ساراماگۆ و (دەیەمین پیاو)ی گراهام گرین و (ئەوان ئەسپەکان دەکوژن)ی هۆراس ماکۆی و (بێدەنگیی دەریا)ی ڤێرکور و (السفینة)ی جبرا ابراهیم جبرا و (بەنداو-السد)ی مسعدی و نۆڤلێتی (زەردەمار)ی حەمە سەعید زەنگنەن.

٢- شوێنی مێژوویی (المکان التأریخي):

هەندێ لە نووسەران بەشوێنکات (الزمکان)یشی ناودەبەن. (شوێنی مێژوویی ئەو شوێنەیە، کە هەرگیز لە کات دانابڕێت، ئەمە ڕەنگە وا بگەیەنێت، کە ئێمە بڕوامان وایە شوێن هەیە بەکاتەوە پێوەستە، شوێنیش هەیە دابڕاوە لێی. لە ڕاستیدا کارەکە پێچەوانەی ئەمەیە، بەڕای ئێمە ناشێت هیچ شوێنێک بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان لە کات جیابێتەوە، چۆن ناتوانێت لە جووڵەش جیابێتەوە، هەروەک "هیگڵ" وای دەبینێ، کە کۆی یەکگرتنی کات و شوێنە)(٦٠).

شوێنی مێژوویی لەو ڕۆمان و چیرۆکانەدا ڕەنگ دەداتەوە، کە مێژووی قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژووی کۆمەڵ دەگێڕنەوە، وەکو ڕۆمانەکانی بلزاک، کە باسی داتەپین و هەڵوەشانەوە و لەدەستدانی دەسەڵاتی چینی دەرەبەگ دەکەن، بەگۆڕانی قۆناغی فیودالّی بۆ قۆناغی سەرمایەداری. یاخۆ شانۆگەرییەکانی شەکسپیر و ڕۆمانەکانی چارلز دیکنز و س. ئێس. فۆرستەر.

ئەو نووسەرانەی، کە زیاتر شوێنی مێژوویی بەکار دەبەن، هێند بەرجەستەی دەکەنەوە، تەنانەت زۆر جار ناوی شارە مێژووییەکە، یا شوێنە مێژووییەکە وەکو

خۆی بەناوە ئەسڵییەکەیەوە ناودەبەن، بێ ئەوەی هێمای بۆ بەکاربێنن. بەگشتی مەیدانی شوێنی مێژوویی، مێژوویەکی لەسەر دەگێڕرێتەوە و بۆنی سەدەکانی ڕابردوو، یاخۆ نەوەکانی پێشووی لێ دێت. نموونەی هەندێک لەو ڕۆمانانەی، شوێنی مێژووییان تێدا بەرجەستە کراوە:

(تۆپەکە)ی فۆرستەر و (النخلة والجيران) و (المخاض) و (القربان)ی غائب طعمة فرمان و (صيادون في شارع ضيق) و (البحث عن وليد مسعود)ی جبرا ابراهيم جبرا و (ئاسۆس)ی محی الدين زەنگنە و (داستانی دەمدەم)ی عەرەبی شامیلۆڤ و (شار)ی حسێن عارف و (هەڵکشان بەرەو لووتکە) و (کۆچڕەو.. کۆچڕەو)ی عەبدوڵا سەراج.

٣- شوێنی ئاشنا (المكان الأليف):

(مەبەست لە شوێنی ئاشنا هەموو ئەو شوێنانەیە، کە تێیدا ژیاوین و هەستمان بەپاراستن و گەرمی کردووە، بەشێوەیەک، کە ئەم شوێنە بووەتە مادەی یادەوەرییەکانمان. ماڵ، نەخوازەڵا ماڵی منداڵیی بەتینترین شوێنی هۆگرە)[٦١]. چونکە خۆشترین و کەم چەوسانەوەترین کاتی ژیان و هەست بەلێپرسینەوە نەکردن و باوەشی پڕ لە سۆز و گەرمی دایک و باب و یاریی کۆڵان و پێوەندیی برادەری و گەلێ شتی تری تێدا تۆمار کراوە، بەدەگمەن دووبارە دەبنەوە. جا مەرج نییە ئەو شوێنە ماڵ بێت، دەشێ ژوورێک یا گەڕەکێک یا شەقامێک یا باخچەیەک یا شارێک بێت. لە ڕۆمانی (پشت کووڕەکەی نۆتردام)ی ڤیکتۆر هۆگۆدا، کڵێسا کە ماڵی منداڵیی (کوازیمۆرۆ)ی قەمبوورە، کە گەورەش بووە، هەر ژیانی تێدا بەسەردەبا، هێند هۆگر و دەستەمۆی بووە، لای ئەو بووەتە (هێلکە و هێلانە و ماڵ و نیشتمان و جیهان)[٦٢].

مرۆڤ هێند هۆگری هەندێ شوێنی ڕەسەن دەبێت، ئامادەیە لە پێناوی بەدەستهێنانی ئەو شوێنەدا، یا لەدەست نەدانی، گیان و سەر و ماڵی لەدەست بدات، ئیتر ئەو شوێنە پانتاییی ئایدیۆلۆجیا داگیر دەکا و بە لەدەستدانی تووشی نامۆیی دەبێت (نامۆییەک نە شارستانی و نە ڕۆشنبیری و نە کۆمەڵایەتی و نە

ڕامیارییە، بەڵكو بەپلەی یەكەم نامۆیی شوێنە)[٦٣]. شوێنی ئاشنا (بەتوندی كار لە دەروون و هەڵسوكەوتی مرۆڤ و كاردانەوە و چالاكییە سایكۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی و تەنانەت بایۆلۆجی و فیزیۆلۆجی و بیروبۆچوون و ژیانی ڕوحی و هەڵوێستی ڕۆژانە و خەون و خەیاڵیشی دەكات)[٦٤].

غەفوور سالح عەبدوڵای چیرۆكنووس لە ڕۆمانی (توانەوە)دا خۆشەویستی و هۆگریی خۆی بۆ شوێنی پێشووی پێ ناشاردرێتەوە، لە زاری پاڵەوانەكەوە دەڵێت: (ئەو ڕۆژەی فەرمانی گواستنەوەت، لە شارە گەرداوییە پڕ ئاپۆراكەوە بۆ ئەم شارە دەرچوو، زۆر دڵتەنگ بووی، تەنیا لەبەرئەوەی لەگەڵ دەربەدەری تێک ترنجاون و چەن ساڵێكە لەگەڵی ڕاهاتووی. لەوێڕا دەیان بیرەوەری تاڵ و تفت و سوێر و شیرینت پاشەكەوت كردووە، وەكو سامانێكی لە دڵ شیرین دڵت نایەت بەجێیان بێڵی)[٦٥].

نووسەرێكی تر، خۆشەویستی و هۆگری و پەرۆشیی خۆی بۆ شوێن ئاوا دەردەبڕێت: (ئەگەر ئێستا پێشبڕكێی ماراسۆن دەست پێ بكەن، دەبمە دوامینتان، خۆ ئەگەر پێشبڕكێكەش بەڕۆیشتن بە پێ بوو، ڕەنگە خاڵی سەرەتا هەر بەجێ نەهێڵم، ئێوە دەتوانن ڕابكەن و بگەنە سەر مانگ، بەڵام من لێرەدا دەمێنمەوە، چونكە هێشتا لە زەوی تێر نەبوومە!)[٦٦].

ماجد لە ڕۆمانی (ظلال علی النافذه)ی غائب طعمة فرمان دا كاتێک لە هەندەران دەگەڕێتەوە، دەبینێ خێزانەكەی لە شوێنی منداڵیی باریان كردووە و بۆ گەڕەكێكی تر گواستوویانەتەوە، گەڕەكێک بێبەش لە بچووكترین دیمەنێک، كە بۆ خۆی ڕابكێشی و هۆگر و دەستەمۆی بكات، چونكە ئەو دیمەنە نوێیە بێبەشە لە كزترین پێوەندیی بەڕابردوو یا بە یادگارییەكانییەوە (گەڕامەوە، بینیم هەموو شتێكم بۆ ساز و ئامادە كراوە، بەشدارنەبووم لە هیچ یەكێک لەو شتانەی بۆ حەواندنەوەم ئامادە كرابوون،ماڵەكە بەهەر پێنج ژوورەكانییەوە بۆنی ڕابردووی لێ نایەت، یادگارییەكانمی لەخۆ نەگرتووە، وا هەست دەكەم بەشێوەیەكی كاتی تێیدا دەژیم، تا ئەو دەمەی ژیانی تایبەتی خۆم لە گۆشەیەک، كە نازانم لە كوێیە، دەست پێ دەكەم)[٦٧].

هەندێک نووسەری تر باس لە (سەربان)ی ماڵ دەکەن. چونکە سەربان لە خانووی کۆنی ڕۆژهەڵاتیدا شوێنی گۆشەگیری و بیرکردنەوە و چێژ وەرگرتن و چاوبڕکێ و دەست لەملانێ و نووستنی ناو کوللەیە، کە ئەمڕۆ لە چیرۆکەکاندا بەکارهێنانی، یاخۆ ناوبردنی سەربان خەریکە کەمتر دەبێتەوە یا نامێنێت، ئەمەش لە سۆنگەی شێوەی بیناسازیی مۆدێرنەوە، یا پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە، گەلێ جار پێوەندیی پاڵەوان بەشوێنەوە نەک هەر لە وەسفی شوێن دەرناچێت، بەڵکو وردتر دەبێتەوە تا وەسفی شتە وردەکانی ناو ماڵیش دەکات، وەکو وەسفی شوقەلەت[٦٨] و سندووقی ماڵ و وێنەی بۆراقی سەری و جامخانە و ڕەف و ئاوێنە و باوڵی جل و جاجم و بەڕە، ئەوانەی باشلار ناویان دەنێت (ماڵی شتەکان – بیوت الأشیاء).

(چونکە لەو سندووقە دارینەیە مانایەکی تر هەڵدەقوڵێ، تەنیا ماڵی شتەکان نییە، بەڵکو ماڵێک دەرژێنێتە ڕابردوو و یادگارییە بەندکراوەکانی ناوی)[٦٩].

واتا ڕەنگە بەکردنەوەی کۆنە سندووقێک شەپۆلی دەریایەک لە یادگاری لە هەناوماندا بکەوێتە هاژە هاژ، بۆ نا، خۆ هەر تەنیا چەند پارچە تەختەیەک لێک بدرێن و بکرێن بە دەرگە، ئەوا دەبێتە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان جیهانی ناوەوە و جیهانی دەرەوە. هەر بۆ بڕینی تخووبی ئەم هێڵەی نێوان دەرەوە و ناوەوە و ئاودیوبوون (پێویست بەتەمەنێک لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی و بڕێک لە ڕەوشت و زەمەنێک لە ئاشنایی و دۆستایەتی دەکات)[٧٠].

شوێنی ئاشنا، کە زیاتر شوێنی داخراو دەگرێتەوە، نەک شوێنی کراوە و فراوان، هەر کاتێک شوێنی هۆگر زیاتر داخرا، تەنگ بووەوە و بوو بەلەمپەرێک لە بەرابەر جووڵانەوە و بەدیهێنانی ئارەزووەکانی، یا بگۆڕێ بۆ شوێنێکی شەرمهێن، ئەوا ئاوەژوو دەبێتەوە و دەگۆڕێت بۆ دژە شوێن، سەییابی شاعیر لە شاری لەندەنی تەماویدا کاتێک هەست بەگرانی و قورسی نەخۆشییەکەی دەکات، لەندەنی ڕازاوەی لێ دەبێتە دۆزەخ و عێراقی لا دەبێتە بەهەشتی سەرزەمین:

«شەوی لەندەن مردنێکە گیانەڵاکەی شەونخوونی و سەرما و بێزاری و نامۆیی

و غەریبییەکی ڕەشە لە بۆشاییی دڵدا، خوایە کەی بۆ نیشتمانەکەم بگەڕێمەوە، تا ئاسمانی نیشتمان بەخۆر ماچم بکا!»(٧١)

٤- دژە شوێن (المكان المعادي):

(هەندێ شوێن هەن مرۆڤ لە بەرابەریاندا هەست بەهیچ هۆگرییەک ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەست بەدوژمنداری دەکات، ئەم جۆرە شوێنانەش یا مرۆڤ بەناچاری تێیاندا دەژی، وەکو: بەندیخانە و گرتووخانە و دوورخراوگەکان، یانیش مەترسی مردنیان تێدا دەبینێتەوە، وەکو بیابان)(٧٢).

مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە، جێی خۆی خۆش بکا و لەگەڵیدا بگونجێ و دەستەمۆ و هۆگری بکات. دوور نییە هەر ئەو شوێنەی پێی هۆگرە، بگۆڕدرێ بەدژە شوێن، بۆ نموونە: ئەگەر لەو ژوورەی هۆگری بووە، ماوەیەک دیل بکرێت، ئەوا لێی دەبێ بەدژە شوێن، یا شوێنی کارەکەی ببێتە مایەی چەوسانەوە و نارەحەتی و نا ئارامی، ئەوا لێی دەبێت بەدژە شوێن، بەندیخانە یەکێ لەو شوێنانەیە، کە مرۆڤ هەرگیز هۆگری نابێ، بۆ نموونە هەر ناوهێنانی شوێنگەلی مێژوویی وەکو (نوگرە سەلمان) یا (عەرعەر) یاخۆ (ئەمنە سوورەکە)، تەنیا ناوهێنان و بیرخستنەوەیان قێز لێبوونەوە و خۆ پاراستن و دوورکەوتنەوە، لەو دژە شوێنانە دروست دەکات، یاخۆ گۆڕستان و نەخۆشخانە و بەرەکانی جەنگ و ئاسایشگە و بارەگاکانی حزبی دکتاتۆر و شێتخانە، دەبنە شوێنگەلێک، نزیک کەوتنەوە لێیان ترس و سامێکی خەست دەخەنە دڵەوە. نموونەی ئەم جۆرە شوێنە، «چیرۆکی (ژووری ژمارە ٦)ی چیخۆڤ و ڕۆمانەکانی (کوێری)ی ساراماگۆ و (شەوێک لە ژیانی ئیڤان دنیسۆڤیچ)ی سۆڵجنستین و (القلعة الخامسة)ی فاضل العزاوي و (شرق المتوسط)ی عبدالرحمن منيف و (العين ذات الجفن المعدنية)ی شريف حتاتە و (الجسور الزجاجية)ی برهان الخطيب و (المبعدون)ی هشام الركابي و (انی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد و (بەهاری ڕەش)ی أحمد محمد اسماعیل»ن.

ڕیمارک لە ڕۆمانی (شەوەکەی لەشبۆنە)دا زێد و مەڵبەندی ژیانی خۆی، کە

ئەڵمانیای بەدۆزەخ کراوی ژێر دەسەڵاتی نازی و سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانییە، لێی دەبێتە دژە شوێن و ئەو شوێنەی، کە لێی گیرساوەتەوە (پورتوگال)، لای دەبێتە هۆگرە شوێن (لەو کەشتییەی لەسەر دەروازەی بەندەرەکە، هەندێک دوور لە شۆستەکە لەنگەری گرتبوو، روانیم، ڕووناکییەکی تیژ ڕۆشنی دەکردەوە، هەرچەندە وا هەفتەیەک بەسەر مانەوەم لەم شارەدا تێپەڕیوە، وەلێ من هۆگری ڕووناکییە بێ خەمەکەی نەبوومە، لە دوای خۆم شارگەلێکم جێهێشت، کە لە باوەشی شەوێکی ئەنگوستەچاودا خۆیان مەڵاس داون، هەر دەڵێی کانە خەڵووزن، شارگەلێک تیشکی چرا تێیاندا ترسناکترە لە دەردە کۆلێرای سەدەکانی ناوەڕاست. بەڵێ من لە ئەوروپای سەدەی بیستەوە هاتووم)[٧٣].

کاراکتەری ڕۆمانی «دوارۆژی مەحکوومێک»ی ڤیکتۆر هۆگۆ دەڵێت:

«هەموو شتەکانی دەوروبەرم گرتووخانەن، لە هەموو وێنە و شوێنەکانی دەوروبەرم من زیندان دەبینم، لە شێوەی مرۆڤ، لە شێوەی فیلە ئاسنینەکان، یان لە شێوەی کێلۆن. ئەو دیوارە گرتووخانەیەکە لە بەرد، ئەو پاسەوانەش گرتووخانەیەکە لە خوێن و گۆشت»

دوکتۆر (ابراهیم جنداری) یش شوێن بەپێی ڕۆمانەکانی (جبرا ابراهیم جبرا) ئاوا سنووربەند دەکات:

١- شوێنی گشتیی کراوە:

لە بەردەم کەسەکاندا کراوەیە، دەتوانن بەئارەزووی خۆیان تێیدا بێن و بچن، وەکو: شەقام و کۆڵان و شوێنە لاچەپ و بازاڕ و نەخۆشخانە و چاخانە و سووڕخانە و گەرماو و مەیخانەکان.

٢- شوێنی تایبەتیی داخراو:

لە بەردەم کەسەکاندا داخراوە، سنوور و ڕووبەرێکی جوگرافی دیارکراوی هەیە، هەموو کەس ناتوانێت بەسەربەستی تێیدا هەڵسوکەوت بکات، تەنیا کەسێک یا چەند کەسێک نەبێت. وەکو: ماڵ و ژوور و ئۆفیس و ڕەشماڵ[٧٤].

شایانی باسە گاستۆن باشلار مرۆڤ بە هەبوویەکی نیوەکراوە دادەنێت. چونکە

نیوەی مرۆڤ کراوە و لە بەرچاوە، چ بەجەستە و چ بەو هزرەی قسە و ڕەفتاری پێ دەکات، نیوەکەی تریش داخراوە، هەر لە جەستەوە تا ڕاز و نیاز و ئارەزووە کپکراوەکانی، کە ڕادەی زیاد و کەمی بەشی داخراو دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی پابەندبوون و ملکەچی بۆ داوونەریتی کۆمەڵ و یاسا و ئاین و دەسەڵات.

هەرچی دوکتۆر (یوسف سلیمان الطمان)ە، لای ئەو شوێن دەچێتە قاڵبێکی ترەوە، لە نامەی دوکتۆراکەیدا (شوێن لە قورئانی پیرۆزدا) شوێن لە قورئاندا دەکات بەپێنج بەشەوە:

یەکەم: شوێنی هەستی (المكان الحسي)، دەکرێت بەدوو بەشەوە:

١- شوێنی ئاسمانی: وەکو (ئاسمان، ڕۆژ، مانگ، ئەستێرە، هەور).

٢- شوێنی زەمینی: دەکرێت بەدوو بەشەوە:

أ- شوێنی دەریایی: وەکو (دەریا، کەشتی، بەرزەخ، کانی، بیر).

ب- شوێنی وشکانی: دەکرێت بەدوو بەشەوە:

١- شوێنی سروشتی: وەکو (بەرزایی، دەشت، دۆڵ).

٢- شوێنی دەستکرد: وەکو (ماڵ، خانوو، دەرگە، بازاڕ، کۆشک، گوند، بەنداو، بەندیخانە، گۆڕ).

دووەم: شوێنی مەعنەوی: وەکو (ڕێگە، ڕووناکی و تاریکی، بەزەیی، پەناگە).

سێیەم: شوێنی جیاجیا (أماكن متفرقة): دەکرێت بە سێ بەشەوە:

١- شوێنی ئاینی: وەکو (مزگەوت، کەعبە، سەفاومەروا، مەککە).

٢- شوێنی جەستەیی: وەکو (دەموچاو، سەرومل، سینگ، پشت).

٣- شوێنی لایەن و مەوداکان (الجهات و المسافات):

وەکو (ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، باکور و باشوور، ڕاست و چەپ، قیبلە، دووری و نزیکی، تەنگی و فراوانی).

چوارەم: شوێنی بەهەشت و دۆزەخ:

بەپێی وەسفی توێژەر لەم دوو شوێنەدا مرۆڤ و شتەکان، لە مانای ئاسایی خۆیان دەردەچن و هەر شوێنە و تایبەتمەندی خۆی پێیان دەبەخشێت.

پێنجەم: شوێنی غەیبی تر:

وەکو (عەرش، بەرزەخ). توێژەر دەڵێت: ژمارەی ئایەتەکانی قورئان (٦٢٣٧) ئایەتن، کە (٢٥٤١) ئایەتیان باس لە شوێن دەکەن، واتە بەڕێژەی ٤١٪، ئەمە و جگە لەوەی کە (١٤) سوورەت بەناوی شوێنەوە ناونراون، کە ئەمانەن: (الاعراف، الحجر، الكهف، الأحقاف، الحجرات، الطور، النجم، القمر، البروج، الطارق، الأعلى، البلد، الشمس، الكوثر).

لە ئەنجامدا توێژەر ئەوە ڕەت دەکاتەوە، شوێنی ناڕاست و ناواقیعی یا خەیاڵی لە قورئاندا بوونی هەبێت. جەختیش دەخاتە سەر ئەوەی، کە هەموو شوێنەکان بوونیان هەیە و دوورن لە یۆتۆپیا و خەیاڵەوە. ئیتر ئەگەر ئەو شوێنە ئاسمانیی بێت یا زەمینی، سروشتی بێت یا دەستکرد، غەیبی بێت یا مەعنەوی[٧٥].

لێرەدا نووسەر بەدیدێکی مەزهەبیی ڕووتەوە دەڕوانێتە شوێن و ئەم شوێنانە نەک هەر بەپیرۆز و نەمر دادەنێت، بەڵکو دەبنە چەقی دنیا و بەشێک لە پرۆسەی خوڵقاندنێکی گەردوونییانەی گەورە (زۆر شارستانییەت پێمان دەڵێن، هەندێ چیا، هەندێ شوێن دەکەونە ناوەڕاستی گەردوونەوە و سەراپای جیهان لەوێوە دەست بەدروستبوون دەکات. بەلای هیندییەکانەوە چیای مەیرۆ چەقی جیهانە. بیری کۆنی ئێرانییش چیای (البرز) یان (هەرە بەرزایەتی)و لە ئاینی زەردەشتیشدا وڵاتی ئێران بەگشتی دەکەوێتە ناوەڕاستی گەردوونەوە)[٧٦] ، چونکە (لە دیدی ئینسانی ئاینیدا هەموو دنیا و گەردوون و شتەکانی تر لەو شوێنە پیرۆزەوە خوڵقاون، ئەو شوێنە دڵی وجودە و ژیان و بوون لەوێوە دەستیان پێ کردووە)[٧٧]. بۆ نموونە (ثعلبي) چیرۆکی خوڵقاندنی ئادەم بەپێی ئینتیما و ئەو نێوەندەی تێیدا دەژی و بەپیرۆزی دەزانێت، وێنا دەکات: (خوا سەری ئادەم و تەوێڵی لە گڵی کەعبە خوڵقاند و، سینگ و پشتیشی لە بیت المقدس و ڕانی لە زەوی یەمەن و لاقەکانی لە

زەوی میسر و پێیەکانی لە زەوی حیجاز و دەستی ڕاستی لە زەویی ڕۆژهەڵات و دەستی چەپیشی لە زەویی ڕۆژئاوا)[٧٨].

د. شاکر نابلسی شوێن لای غالب هەلسای گەورە ڕۆماننووسی عەرەب بە پێی ڕۆمانەکانی بۆ ٢٩ جۆر دابەش دەکات:[٧٩]

١- شوێنی دەستپێک:

ئەو شوێنەیە کە کاری خستنەڕووی شوێن لە ئەستۆ دەگرێت، هەروەها پێشبینیی سروشتی ئەو شوێنە دەکات، کە لە دوایەوە دێت، وەکو ڕێگە خۆڵینەکەی بەرەو ماڵی سۆزانییەکە دەڕوات. ڕۆمانی (سلطانة).

٢- شوێنی پڕ لە دەنگ:

ئەو شوێنەیە کە جوانکارییەکانی تەنیا لە ڕێی دەنگەوە بەرجەستە دەبن.

٣- شوێنی تاسەسازی:

ئەو شوێنەیە کە ڕابردوومان بیر دەخاتەوە زۆرتر لەوەی خۆیمان بیر بخاتەوە. بۆ نموونە: ئەو شەقامەی بەرابەر ئوتێلی (سمیر أمیس). ڕۆمانی (الضحک).

٤- شوێنی سێیەم:

شوێنێکی تێکەڵە لە شوێنی ئێستا و شوێنی یادەوەری. لەم دوو شوێنەوە شوێنی سێیەم دروست دەبێت. بۆ نموونە: شەقامی سەوزەفرۆشان، کە دەتگەڕێنێتەوە ڕەمسیس لە قاهیرە. ڕۆمانی (الضحک).

٥- شوێنی بەراورد:

ئەو شوێنەیە ڕۆماننووس دوو شوێن لە تابلۆیەکدا نیشان دەدات، تاکو بەراوردی تایبەتمەندی و جوانکاریی هەریەکێکیان بکات.

٦- شوێنی ڕەمزی:

ئەو شوێنەیە ڕۆماننووس بەڕەمز بۆ شوێنێکی تر بە کاری دەهێنێت (شار، وڵات).

٧- شوێنی دەروونی:

ئەو شوێنە وێنەگیراوەیە لە میانەی هەست و سۆزی دەروونەوە و ئەو بوویەر و ڕووداوانەی دەوری دەدەن.

٨- شوێنی دەستکەوت:

ئەو شوێنەی خۆی پێی هەڵناسێت، بەڵکو بەیارمەتیی جوانکاریی شوێنی ترەوە کە لەو بەهێزتر بێت.

٩- شوێنی بارگران:

ئەو شوێنەی هیچ ڕۆڵێکی لە ڕۆمانەکەدا نییە. بۆیە ڕۆماننووس تەنیا بەناو ناوی دێنێت، تاکو خوێنەر بەناوهێنانی (کە پێشتر شارەزایەتی) لەزەتی بیرکردنەوەی لێ ببینێت.

١٠- شوێنی منداڵدان:

ئەم شوێنە لە منداڵدانی دایک دەکات. چۆن گەرمی و دڵنیایی بە کۆرپە دەبەخشێت. وەکو ماڵی منداڵی و گوند. بە درێژاییی تەمەنی لە بیری ناکات.

١١- شوێنی خێودار:

ئەو شوێنەیە، کە جەستە یاخۆ ڕوح خۆی لێ دەهێڵێتەوە. بۆیە بە شوێنی خێودار ناودەبرێت.

١٢- شوێنی فۆتۆگرافی:

ئەو شوێنەیە، کە لە ژێر ڕووناکیدا وێنەی دەگیرێت، بێ ئەوەی ڕۆماننووس دەستی تێدابێت. شوێنێکی بێ کارە و سکاڵا لە دەست بێکاریی بەرچاوی هونەریی دەکات لە ڕۆماندا. ناوهێنانی لە ڕۆماندا بە ناتەواوییەکی هونەری دادەنرێت. بە ئاسانی دەکرێت لێی ڕزگار بین، بێ ئەوەی کار لە کارە هونەری و بیناسازییەکەی بکات.

١٣- شوێنی تەواو:

ئەم شوێنە لە ڕۆماندا وەکو بەشێک لە بیناسازیی شوێنێکی گشتیی تر ناوی دەبرێت. دەکرێت ئەم شوێنەش لاببرێت ئەگەر تەواو لەگەڵ شوێنە گشتییەکە و ڕووداوە سەرەکییەکەدا جووت نەبوو.

١٤- شوێنی بزماری:

شوێنێکە تەنیا بۆ ناوهێنان لە ڕستەیەکی کورتدا ناوی دەبرێت، لە سێ وشە تێپەڕ ناکات، بۆیە ناوی دەبرێت تاکو (شێوەی بزمار (مێخ) دوو شوێن پێک بگەیەنێت.

١٥- شوێنی گشتگیر (تۆتالیتار):

ئەو شوێنەی هەرسێ کاتەکەی لەخۆ گرتووە (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) وەکو چاخانەی ئەسترا لە قاهیرە. ڕۆمانی (السؤال).

١٦- شوێنی برووسکەیی:

ئەو شوێنەی بە خێرایی ئاماژەی پێ دەدرێت، بێ ئەوەی ناوی بهێنرێت. گرینگی و جوانییەکەی لە ناوهێنانیدا نییە، بەڵکو لەو ڕووداوانەی لە دوایەوە دێن. وەکو (مەیخانە). ڕۆمانی (البكاء على الاطلال).

١٧- شوێنی بەرهەمهێن:

ئەو شوێنە لەو ڕووەکانە دەکات، کە خواردن لە مادە سەرەتاییەکانی سروشتەوە وەردەگرن، پاشان لە شێوەی بەر و گوڵ بەرهەمیان دێنن. ئەم شوێنەش مادە سەرەتاییەکانی لە سروشتی مرۆڤەوە وەردەگرێت و لە شێوەی ئیستاتیکا بەرهەمیان دێنێت. ئەم جۆرەی شوێن باڵاترین جۆریانە جوانکارییەکانیشی لە باشترینیانە. بۆ نموونە (بانیژەی ئەپارتمان). ڕۆمانی (سلطانة).

١٨- شوێنی دەلالەت:

ئەو شوێنەیە، کە جوانکارییەکانی لە میانەی کاری سادە و ساکارەوە دەخاتە ڕوو، کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، لەگەڵ پشتگوێ خستنی ئەو شوێنەی کارەکەی تێدا دەکرێت. وەکو (خانوو). ڕۆمانی (سلطانة).

١٩- شوێنی تژی:

ئەو شوێنەیە، کە جوانکارییەکانی لەمیانەی دەوروبەری و ئەو مرۆڤەی لە نێویدا دەجووڵێتەوە دەخاتە ڕوو. لە شێوەی ئەو پارچە قوماشەیە، کە وێنەکێشەکان بەکاری دەبەن و پڕی دەکەن لە وێنە و جووڵە، هیچ بۆشاییەکی تێدا نییە، بۆ نموونە: (بانیژەی ئەپارتمان). ڕۆمانی (سلطانة).

٢٠- شوێنی مرۆیی:

ئەو شوێنەیە، کە کاریتە و کەوان و دەرەوە و ژوورەوە و ژوور و کاشی و ناوماڵی تێدا نییە، ئەوی تێیدایە ئامادەیی مرۆڤ و کارەکانین. زۆر جار ئەم شوێنە لە یادەوەرییدا هەر دەمێنێت.

لە میانەی ئەو کارە سێکسییەی هەمیشە لە یادەوەریدا بە سەوزی دەمێنێتەوە. وەکو (ئەپارتمانەکەی فاتمە). ڕۆمانی (الروائیون).

٢١- شوێنی لێکدراو:

ئەو شوێنەی بریتییە لە خۆی و شوێنێکی تر لە ناویدا، زۆر جار تابلۆیەکە، یاخۆ کۆمەڵە تابلۆیەک لە ژوورێکدا، کە وەسفکردنی شوێنێکی گەورە لە دەقەکەدا داگیر دەکات. زۆر جار لە وەسفی ژوورەکە زیاتر دەبات.

٢٢- شوێنی ڕەها:

ئەو شوێنەیە، کە ئامادەیی ئافرەتی تێدا دەبێت، جگە لەوەی شوێنێکی تریش لە خۆ دەگرێت، وەکو: تابلۆ، ماسک، یاخۆ کۆمەڵە پەیکەرێک. گرینگترین سیفەتی ئەم شوێنە ئەوەیە قسە و کرداری تێدا نییە. وەکو مۆسیقای ڕەها.

٢٣- شوێنی هزری:

ئەو شوێنەیە، کە جوانکارییەکانی لە ڕێی ئاماژەی هزرییەوە دەبێت (بەمەبەستی جوانی نا)، هەروەها لە ڕێگەی وێنەگرتنی ڕاستەوخۆوە نابێت. وەکو: باخچە و جۆگەی ئاو. بۆ نموونە "ژوورەکەی فاتیمە ". ڕۆمانی (الروائیون).

٢٤- شوێنی وێستگەیی:

ئەو شوێنەیە، کە ڕۆماننووس دەیکاتە خاڵی دەرپەڕین بەرەو شوێنێکی تر. هەروەها وەکو شوێنی ژوانیش بەکار دەبرێت. بۆ نموونە "مووبەق". ڕۆمانی "الضحک"

٢٥- شوێنی حەزبزوێن:

ئەو شوێنەیە، کە مرۆڤ حەزی خواردن یا خواردنەوە یاخۆ سێکسیی تێدا دەکرێتەوە. بۆ نموونە (گەڕەک). ڕۆمانی (السؤال)

٢٦- شوێنی پێچراو:

ئەو شوێنەیە، کە لە شێوەی چوکلێت دەپێچرێتەوە ، دەستی بەری ناکەوێت، وەلێ تەنیا لە ڕێگەی ئەو کاغەزەی لێی پێچراوە دەیبینێت. بۆ نموونە ( شاری بەغدا). ڕۆمانی ( ثلاثه وجوة لبغداد)

٢٧- شوێنی نەخشە کێشراو:

ئەو شوێنەیە، کە ڕۆماننووس شێوە و کەنارەکانی بە ڕوونی بەرجەستە دەکات. بۆ نموونە ( شاخەکان). ڕۆمانی (الضحک).

٢٨- شوێنی پۆلیڤۆنی:

ئەم زاراوەیە "یوری لووتمان" لە کتێبی"بینای دەقی هونەری" دا دای هێنا. واتا شوێنەکە خۆی. کە پارچەکانی لەملا و لەولا لە کارە هونەرییەکەدا بە شێوازی جیاجیا لە کەسایەتی و ڕووداوی جیاجیادا دەبینرێت.. لووتمان وای دەبینێت

پەنابردنی ڕۆماننووس بۆ ئەم جۆرە شوێنە ، حەزکردنێتی لە یاریکردن بە شێواز و پارچەکانی شوێن، یاخۆ پانتاییی ڕۆمان. بۆ نموونە "جێخەو" . ڕۆمانی ( البکاء علی الاطلال).

٢٩- شوێنی بەپشکۆ بوو:

ئەو شوێنەیە، کە لە پشکۆ دەکات. هەمیشە لە یادەوەریدا گڕ و کڵپەی دەمێنێتەوە. ئەمەش لە ڕێگەی ئەو کات و مەودایەی شوێن دەیانبڕێت. بۆ نموونە (جۆلانە). ڕۆمانی (ثلاثة وجوة لبغداد).

## شوێنێکی گرینگی پشتگوێ خراو

ئەندامە شوێن (شوێنی جەستەیی):

جۆرێک لەو شوێنانەی جگە لە توێژەر (یوسف سلیمان الطمان)، ئیتر هیچ یەکێک لەو نووسەرانەی تر بەلایدا نەچوونە و ناویان نەهێناوە، (ئەندامە شوێن)ە. مەبەست لە ئەندامە شوێن، ئەو شوێنەی جەستەیە، کە دەبێتە مەیدانی سەرەکی دەقەکە، یا جێگەیەکی فراوان لە پانتاییی دەقەکەدا داگیر دەکات. وەکو (دەم، لووت، لێو، چاو، سینە، ڕان، قژ). هەندێک جار مرۆڤی خاوەن ئەم هەموو ئەندامە شوێنانە، خۆی دەبێتە شوێنی سەرەکی بۆ شتێک (شتەکە دەبێتە شوێنی مرۆڤ یا مرۆڤەکە خۆی دەبێتە شوێنی شتێک، یا ئاژەڵێک یا مێروویەک یا مرۆڤێکی تر)[٨٠]. بەبۆنەی ئەو تابۆیەی لەسەر هەندێ شوێنی جەستە دانراوە، سنووربڕین و باسکردنی، نووسەری لە سەرئێشە و بەخراپ باسکردن نزیک کردووەتەوە، دیارە هەر لەبەر ئەمەشە پشتگوێ خراوە. لە کاتێکدا ئەمڕۆ ئەندامە شوێنی وەکو (دەست، چاو، سەر) ڕۆڵی زمان دەگێڕن و مرۆڤی بێ زمان دەتوانێت بەجووڵاندنیان ئەوی دەیەوێ دەری ببڕێت. فۆلکلۆری کوردی، گرینگییەکی زۆری بەئەندامە شوێن داوە، بەجورئەتەوە باسی کردووە و گەلێ هۆنراوەی بەسەردا هەڵداوە، ئەگەر زیادەڕۆیی نەبێ، دەتوانین بڵێین فۆلکلۆری کوردی لە فۆلکلۆری زۆربەی زۆری میللەتانی تر زیاتر، پانتاییی شوێنی جەستەیی داگیر کردووە و بە

ئەندامە شوێندا هەڵی داوە و بەرجەستەی کردووە. ئەوەتا دەڵێت:

گۆزەی سووری سەر شانی
یار هاتەوە لە کانی
بەچارۆکە دای پۆشی
لەرە لەری مەمکانی

یا دەڵێت:

مانگەشەو خۆشە بدا لە سەربان
لێو لە بانی لێو، ڕان لە بانی ڕان

لە قۆناغی شیعری کلاسیکیی کوردیدا، قژی ئافرەت زۆرترین خەڵاتی شیعر پێداگوتنی بەرکەوتووە و بەچەشنی لێو زۆر باس کراوە. نالی (١٨٠٠-١٨٥٦ز)ی شاعیر وەسفی زوڵف دەکات و دەیکات بەڕەمزی تەرازوو و تایەکانی، کە چۆن قولاپ ئاسا دڵی دڵدار رادەکێشن و دەیگرنە خۆ:

زوڵفی دووتایی ترازوو مەسەلی دڵکێشت،
ڕوح دەکێشن بەدوو سەر،
ئەم بەسەرێ ئەو بەسەرێ[٨١].

هەر لە وەسفی قژ و پرچدا، شێرکۆ بێکەسی شاعیریش لە هۆنراوەیەکیدا، پرچ بەکار دەهێنێت و ڕەمزێکی زیندووتر و چالاکتری دەداتێ:

با گلەیی لە پرچەکانی کاڵێ کرد
چونکە خۆیان بەستۆتەوە و
ناچن لەگەڵیا هەڵپەڕن
پرچە دڵ تەنگەکان وتیان
هەتا پەنجەکانی کاکل
خۆی نەئاڵێنێتە ئێمە
لەگەڵ کەسدا هەڵ ناپەڕین[٨٢].

بۆدلێر (١٨٢١–١٨٦٧ز)ی شاعیریش کەم گرینگی بەئەندامە شوێن نەداوە، لە هۆنراوەیەکیدا هونەرمەندانە پرچ دەکات بەمەیدانی هۆنراوەکەی و دەبێتە ڕەمزی شەپۆلی بێ کاری و کاسبی ئەوسای فەڕەنسا:

پەلکی پرچە ڕەشەکانت،
بەسەر شان و گەردنتا
دێنە خوارێ
وەک ئەو شەپۆلی
بێ کار و کاسبێتییەی
فەڕەنسا داگیر دەکا

بێگومان چەندە تەکنەلۆجیا گەشە بکا و بڵاوبێتەوە، سێبەری تابۆکان زیاتر لەسەر ئەندامە شوێن کاڵتر دەبنەوە و هەڵدەگیرێن، ئیتر ئەندامە شوێنەکان ئازادتر دەبن و ناوهێنانیشیان لە ئەدەبدا ئاساییتر دەبێتەوە، لە هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵدا. ئەگەر باس لە ئەندامە شوێن کرابێت، هەر چینێک و بە ئەندامە شوێنی ئەندامانی چینەکەی خۆیدا هەڵی داوە، کۆیلە بە کچەکۆیلە و خاوەنداری کۆیلەش بەکیژی سەردار و داراکاندا هەڵی داوە، چونکە ناچار نەبووە بە ئەندامی کیژە کۆیلەیەکدا هەڵبدات، کە هەرزانترین کوتاڵی ئەو ڕۆژگارە بووە و بەئاسانی بەدەست هاتووە. خۆ ئەگەر بەسەریشیدا هەڵدابێت، ئەوا بێ ڕێزی و بێ نرخی لە ڕوانگە و جیهانبینیی چینەکەیەوە بەرابەر نواندووە، یا تەنیا بۆ تێربوون و دامرکانەوەی غەریزەی سێکسی بووە. وەسفی جووتیار و کرێکار، یا دەرەبەگ و سەرمایەدار، بۆ ئەندامە شوێن لەسەر هەمان بناغە و تێڕوانینی چینایەتی بووە. لەبەر گرینگی ئەندامە شوێن لە ئەدەبدا، گەلێ چیرۆک و ڕۆمان و شانۆگەری ئاوێزەی دەق (ثریا النص) یان ئەندامە شوێنە، لەوانە: چیرۆکی (لووت)ی گۆگۆڵ و ڕۆمانی (پاژنە ئاسنینەکان) و (دان چەرمو)ی جاک لەندەن و ڕۆمانی (چاوەکانی)ی بزورگی عەلەوی و ڕۆمانی (چاوە پێڵووداره کانزاییەکان)ی شەریف حەتاتە و شانۆگەریی (کەللە سەر)ی نازم حیکمەت و شانۆگەریی (چاو)ی گەوهەر موراد.

**پەراوێزەکان:**


١- ناوی ڕاستەقینەی کتێبەکە (شعرية الفضاء)ە.

٢- غالب هلسا - مقدمة كتاب (جماليات المكان) لجاستون باشلار. كتاب الأقلام - دار الجاحظ للنشر - بغداد ١٩٨٠ ص٦.

٣- جەلالەدینی ڕۆمی و سروودی نەی، و : ئەحمەد تاقانە، چاپخانەی علاء - بەغدا ١٩٧٩ ل٢٠.

٤- هەمان سەرچاوە ل ٣٠.

٥- س. م. پیتروٚڤ، پووشکین (ژیان و بەرهەمی شاکاری). و: محەمەدی مەلا کریم، چاپخانەی الحوادث، بەغدا ١٩٨٣ ل ,٢٢٩

٦- جاستون باشلار، جماليات المكان... ص ٨٣ - ٨٤.

٧- کۆواری کۆڕی زانیاری (دەستەی کورد)، بەرگی ٢٩ - ٣٠، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا، ٢٠٠٢ ، ل٩٣.

٨- بەردی کۆڵێ: ئەو بەردەیە، کە حاجی قادر پێش ئەوەی کۆیە جێ بهێڵێ، پاڵی پێدا و لە دەوروبەر و شاخ و ئاو و کووچە و کۆڵان و... ڕاما.

٩- ڕۆژنامەی هاوکاری. ژ/ ١١٣٥ی ١٤/١٢/١٩٨٩

١٠- نیکۆس کازانتزاکی، براکوژی، و: عبدالكريم محمود شێخانی، چاپخانەی علاء، بەغدا - ١٩٨٢ ل٣٥.

١١- عبدالله سەراج، کاولاش (ڕۆمان)، هەولێر ١٩٩٧ ل٨.

١٢- محمد كامل الخطيب، الرواية والواقع، دار الحداثة، بيروت ١٩٨١ ص٤٠.

١٣- د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني في الرواية العربية في العراق، ج٢ - دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٠ ، ص١٧.

١٤- د. علي ابراهيم، الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق ٢٠٠٢ ص١٧٠.

١٥- رشيدة احمد التركي، فلوبير ( نظرة في أسلوبه الفني) الموسوعة الصغيرة، بغداد ١٩٨٣ ص ٣٥.

١٦- د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني في الرواية... ص ١٣.

١٧- هەمان سەرچاوە، ل٢١.

١٨- د. سيزا أحمد قاسم، بناء الرواية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة١٩٨٤ ص٨١.

١٩- هەمان سەرچاوە، ل ٨١.
٢٠- د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني... ص١٤.
٢١- د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي عند جبرا أبراهيم جبرا. دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ٢٠٠١ ص ١٨١.
٢٢- هەمان سەرچاوە ل١٨٤.
٢٣- یەشار کەمال، حەمەدۆک، و: عەبدوڵا حەسەن زادە، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئاب، بەغدا ١٩٩١ ل١٨٢.
٢٤- د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني... ص١١.
٢٥- جاستون باشلار، جماليات المكان... ص ٨٥.
٢٦- بودوستنيک و ياخوت - عرض موجز للمادية الديالكتيكية - دار التقدم، موسكو، سنة (؟) ص٤٤.
٢٧- هس ل٤٦.
٢٨- أسامة غانم، التجربة الجمالية والمكان في الرواية العربية - الطليعة الأدبية - دار الشؤون الثقافية العامة - ع/٣ السنة الرابعة - بغداد ٢٠٠٢ ص٧٤.
٢٩- د. شجاع مسلم العاني - البناء الفني في الرواية العربية في العراق - ج٢ - دار الشؤون الثقافية العامة-بغداد ٢٠٠٠ ص١٨- ١٩.
* لە شیعرێکی (بەختیار عەلی)یەوە وەرگیراوە.
٣٠- ياسين النصير - الروايه والمكان ج١ - الموسوعه الصغيره - دار الحريه للطباعه - بغداد - ١٩٨٠ ص ٩.
٣١- بورهان قەرەداغی - دەسەڵاتی شوێن لە نمایشی شانۆییدا - کۆواری پەیک، ژمارە (١)ی ١٩٩٩ سلێمانی، ل٢٢.
٣٢- ياسين النصير - الرواية والمكان... ص ٧٥.
٣٣- هس ل ٣٧.
٣٤- د. شجاع مسلم العاني - البناء الفني في الرواية...ص٢٠-٢١.
٣٥- سعيد الغانمي - قصة اللقاء، الرؤية الناقصة والتعريف عبر السرد - الطليعة الأدبية، ع (٥،٦) ١٩٨٨ ص ٣٠.
٣٦- رزاق ابراهيم حسن - المدينة في القصة العراقية القصيرة - الموسوعة الصغيرة- بغداد، ص ٣٨.

٣٧- هس ل ١٧.
٣٨- باسم عبدالحميد حمودي - مدخل الى المدينة العربية والرواية - الأقلام - العدد/٢ بغداد، ١٩٨٥، ص٧٥.
٣٩- رزاق إبراهيم حسن - المدينة في القصة العراقية القصيرة... ص٧١
٤٠- هس ل١٦.
٤١- له دانیشتنێکدا له ماڵی مامۆستا (محەمەدی مەلا کەریم) وتی: یەکەمین کەسێک زاراوەی پانتایی بەکارهێنابێت، (گۆران)ی شاعیره، بەڵام لای ئەو نەک بەمانای (فضاء) بەڵکو بەمانای (مساحة) هاتووه.
٤٢- د. ابراهيم جنداري. الفضاء الروائي و اشكالياتة، مجلة الأقلام، العدد (٥) بغداد ٢٠٠١ ص١١.
٤٣- د.ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ٢٠٠١، ص١٦٧.
٤٤- گاستۆن باشلار(١٨٨٤- ١٩٦٢ز): له ١٨٨٤ دا له فەرەنسا هاتووەته دنیاوه، له ساڵی ١٩١٢ دا بڕوانامه له بواری ماتماتیک بەدەست دەهێنێت، لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیی بۆ ماوەی چەندین ساڵ وانەی کیمیا و فیزیای دەگوتەوە، هاوسەرەکەی دەمرێت و ناچار خۆی بۆ پەروەردەکردنی سوزانی کچی تەرخان دەکات. سوزان له خوێندنی فەلسەفەدا سەرکەوتنێکی باش بەدەست دەهێنێت و وەک ئافرەتێکی فەیلەسووف دەناسرێت. باشلار له خوێندن بەردەوام دەبێت و بڕوانامه له فەلسەفەدا بەدەست دەهێنێت، له ساڵی ١٩٣٠دا دەبێته پرۆفیسۆری فەلسەفه له کۆلێجی ئاداب، له ساڵی ١٩٥٥دا دەبێته پرۆفیسۆری فەخری و سەرپەرشتیاری ئەنستیتۆی مێژووی زانستەکان و دەبێته ئەندامی ئەکادیمیای زانسته ئەخلاقی و سیاسییەکان.
باشلار کاریگەرییەکی زۆر قووڵ و گەورەی لەسەر تێڕوانینەکانی (میشێل فۆکۆ) له بواری بیرۆکەی (دابڕانی ئەپستمۆلۆژی) بەجێ هێشتووه. باشلار کۆمەڵێک کتێبی بەنرخی بڵاو کردەوه، لەوانه: پێکهاتنی بیری زانستی، بیری زانستی نوێ، شیکردنەوەی دەروونیی ئاگر، ئاو و خەون، زەوی و خەونی ئیراده، زەوی خەونی کپ... هتد.
٤٥- جاستون باشلار، جماليات المكان، ت: غالب هلسا، كتاب الأقلام، دار الجاحظ

للنشر، بغداد ١٩٨٠، ص٤٧.

٤٦- بروانه: د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي و أشكالياتة...ص١٢.

٤٧- د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي عند جبرا...ص١٦٨(ساتةكان لةلايةن منةوة دانراون).

٤٨- سعيد يقطين، قال الراوي (البنيات الحكائية في السيرة الشعبية) المركز الثقافي العربي-بيروت ١٩٩٧ص ٢٣٩.

٤٩- نفس المصدر ص٢٣٩.

* غالب هەلسا (١٩٣٢-١٩٨٩): لە گوندی (ماعین) لە گەورەترین خێڵە دیانەکانی خوارووی ئوردن، هاتووەتە دنیاوە، لە ئوردنەوە بۆ قاهیرە سەری هەڵگرت، پاشان بەبۆنەی بەشداربوونیەوە لە کۆڕێکدا دەربارەی (نەخشەی ئەمریکا لە ناوچەی عەرەبیدا) لەگەڵ کۆمەڵێک رۆشنبیری چەپی میسری لە ساڵی ١٩٧٦دا، دوای ئەوەی بیست ساڵی تێدا بردەسەر، بە یەکجاری لە میسر دەرکرا. بەرەو بەغدا ملی نا. لێرەش جێی نەبووەوە و بەرەو بەیروت رۆیی، لەوێشەوە بۆ دیمەشق، ئیتر لە دیمەشق جێگیر بوو تا ئەو رۆژەی سەری نایەوە. هەلسا یەکێک لەو رۆمانووسە هاوچەرخە عەرەبانەیە، کە رۆمانەکانی دەربارەی گرفت و خەون و خەیاڵەکانی چینی ناوەندن. تا مرد ژنی نەهێنا و بەوە ناسراوە، کە خوێنەرێکی بەتوانا بووە، فلۆبێر ئاسا زۆر کەم ماڵی جێ دەهێشت، لە ژیانیدا حەوت رۆمانی نووسیوە: الضحك ١٩٧٠، الخماسين ١٩٧٥، السؤال ١٩٧٩، البكاء على الاطلال ١٩٨٠، ثلاثة وجوه لبغداد ١٩٨٤، سلطانة ١٩٨٧، الروائيون ١٩٨٨ .

٥٠- غالب هلسا، مقدمة كتاب (جماليات المكان) لجاستون باشلار..ص٦.

٥١ - بروانە: د. ابراهيم جنداري. الفضاء الروائي عند جبرا... ص ٢١٨-٢١٩.

٥٢- بۆ زیاتر ئاشنابوون لە رۆڵی شوێن لای (یاسین النصیر) بروانە: نەوشەفەق ژمارە (٥)ی ٢٠٠٣، سەباح ئیسماعیل - چەمکی شوێن و جوانکارییەکانی لای (یاسین النصیر).

٥٣- بروانە: لەتیف هەڵمەت (پانتایی پانتاییەکانی دەق) گەلاوێژی نوێ، ژمارە (٢٩)، بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی ٢٠٠٢.

٥٤- سعيد يقطين- قال الراوي...ص ٢٥٣

٥٥- بروانە: سعيد يقطين، قال الراوي (البنيات الحكائية في السيرة الشعبية) المركز الثقافي

العربي–بيروت ١٩٩٧ .
٥٦– سەلاح جەلال، فەزای شانۆ، رامان ژمارە (١٤)، دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی گولان، هەولێر ١٩٩٩ ل ٣٨.
٥٧– نیهاد جامی پانتاییی شانۆ، بەشێکە لە کتێبی (جەستەی نا ئامادە لە پانتاییەکانی زەمەنی شانۆکار).
٥٨– سێ نووسەر، پرسیارە نەزۆکەکان (کۆمەڵە چیرۆک) چیرۆکی (فاڵچییەکی بێژوو) کەرکووک ٢٠٠٠، ل ١٩.
٥٩– وليم فان اوكونور، أشكال الرواية الحديثة، ت: نجيب المانع، دار الرشيد للنشر، بغداد ١٩٨٠، ص٢٥٩
٦٠– د. شجاع مسلم العاني. البناء الفني في الرواية العربية في العراق ج ٢، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ٢٠٠٠ ، ص٥٩.
٦١– نفس المصدر، ص ٩٩
٦٢– جاستون باشلار، جماليات المكان... ص١٢٣
٦٣– د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني في الرواية العربية...ص٨٥.
٦٤– زاهیر رۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردی (شێوە و شێواز و بونیاد)، هەولێر ١٩٩٧.ل٢٧٧.
٦٥– غەفوور ساڵح عەبدوڵا. توانەوە (ڕۆمان) شوێنی چاپ (؟) ١٩٨٨، ل٨.
٦٦– د. أسعد غالب الأسدي، شعرية العمارة، سلسلة الموسوعة الصغيرة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ٢٠٠٢، ص١٥.
٦٧– غائب طعمة فرمان، ظلال على النافذة، دار الآداب، بيروت ١٩٧٩، ص٣٩.
٦٨– جاران لە خانووی قوڕدا، لەوسەری ژوورەکەدا، شوقەلەتیان دروست دەکرد، لە شێوەی سەکۆ بوو، بەڵام ناوی بۆش و خانەخانە بوو، لەسەری سندووق و پێخەفیان دادەنا، لە ژێریشی لەودیو پەردەکەوە پیاز و ڕۆن و زەخیرەیان دادەنا.
٦٩– د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني في الرواية العربية.. .ص١٠٩.
٧٠– د. أسعد غالب الأسدي، شعرية العمارة.. .ص٦٧.
٧١– کۆواری کۆڕی زانیاری (دەستەی کورد)، بەرگی ٢٩ – ٣٠، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا، ٢٠٠٢، ل١٠٢.
٧٢– د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني في الرواية العربية... ص١٢٩.

٧٣- أريش ماريا ريمارك، ليلة لشبونة (رواية) ت: ليلى نعيم، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، ١٩٨٣، ص٥.
٧٤- بڕوانە: د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا - دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ٢٠٠١.
٧٥- بڕوانە: مجلة (الموقف الثقافي) العدد (٣٨)، دار الشؤون الثقافية، بغداد ٢٠٠٢.
٧٦- ڕێبوار سیوەیلی، چەمکی میتۆلۆجیا و جیهانبینیی مەلا خدری نالی، دانمارک، ١٩٩١، ل٤٢.
٧٧- ئاینده. ژماره (٣٨)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢، ل٤٩.
٧٨- سعيد يقطين، قال الراوي...ص, ٢٨٢
٧٩- شاكر النابلسي- جماليات المكان في الرواية العربية - المؤسسة العربية للدراسات والنشر - بيروت، ١٩٩٤، ص١٥-٢١.
٨٠- د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي واشكالياته، مجلة الأقلام، العدد (٥)، بغداد ٢٠٠١، ص١٢.
٨١- مەلا عبدالكريمی مدرس و فاتح عبدالكريم. ديوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦، ل٦٥١.
٨٢- شێرکۆ بێکەس، کازیوە (پۆستەرە شیعر)، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ١٩٧٨.ل١١٩.

## سەرچاوەکان:

* بە زمانی کوردی:
- جەلالەدینی ڕۆمی و سروودی نەی، و: ئەحمەد تاقانە، چاپخانەی علاء، بەغدا ١٩٧٩.
- س.م. پیترۆڤ، پووشکین (ژیان و بەرهەمی شاکاری) و: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی الحوادث، بەغدا ١٩٨٣.
- نیکۆس کازانتزاکی، براکوژی، و: عەبدولکەریم شێخانی، چاپخانەی علاء، بەغدا ١٩٨٢.
- عەبدوڵا سەڕاج، کاولاش (ڕۆمان)، هەولێر ١٩٩٧.
- یەشار کەمال، حەمەدۆک، بەرگی دووەم، و: عەبدوڵا حەسەن زادە، چاپخانەی ئاب، بەغدا ١٩٩١.
- بەختیار عەلی، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی (٨٣-٩٨) سوێد ١٩٩٩.

- سێ نووسەر، پرسیارە نەزۆکەکان (کۆمەڵە چیرۆک)، نووسینگەی عەبدولوەهاب کەرکووک ٢٠٠٠.
- غەفوور سالّح عەبدوڵا، توانەوە (ڕۆمان)، شوێنی چاپ (؟) ١٩٨٨.
- مەلا عەبدولکەریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦.
- شێرکۆ بێکەس، کازیوە (پۆستەرە شیعر) چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی ١٩٧٨.
- ڕێبوار سیوەیلی، چەمکی میتۆلۆژیا و جیهانبینیی مەلا خدری نالی، دانیمارک ١٩٩١
- نیهاد جامی، پانتاییی شانۆ، بەشێکە لە کتێبی جەستەی نا ئامادە لە پانتاییەکانی زەمەنی شانۆکار.
- کۆواری کۆڕی زانیاری (دەستەی کورد)، بەرگی ٢٩-٣٠، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا ٢٠٠٢.
- پەیک، ژمارە (١)، سلێمانی ١٩٩٩.
- گەلاوێژی نوێ، ژمارە (٢٩)، بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی ٢٠٠٢.
- ڕامان، ژمارە (٤١)، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گولان، هەولێر ١٩٩٩.
- ئاینده، ژمارە (٣٨)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢.
- ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (١١٣٥)ی ١٩٨٩/١٢/١٤، بەغدا.

* بە زمانی عەرەبی:
- جاستون باشلار، جماليات المكان، ت: غالب هلسا، دار الجاحظ للنشر، بغداد ١٩٨٠.
- محمد كامل الخطيب، الرواية والواقع، دار الحداثة، بيروت ١٩٨١.
- د. شجاع مسلم العاني، البناء الفني في الراوية العربية في العراق، ج٢، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ٢٠٠٠.
- د. علي ابراهيم، الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان، الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق ٢٠٠٢.
- رشيدة احمد التركي، فلوبير (نظرة في أسلوبه الفني)، سلسلة الموسوعة الصغيرة، بغداد ١٩٨٣.
- د. سيزا احمد قاسم، بناء الرواية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة ١٩٨٤.

- د. ابراهيم جنداري، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ٢٠٠١.
- بودوستنيك و ياخوت – عرض موجز للمادية الدياليكتيكية، دار التقدم، موسكو.
- ياسين النصير، الرواية والمكان، ج١، سلسلة الموسوعة الصغيرة، دار الحرية للطباعة، بغداد ١٩٨٠.
- رزاق ابراهيم حسن، المدينة في القصة العراقية القصيرة، سلسلة الموسوعة الصغيرة، بغداد ١٩٨٤.
- سعيد يقطين، قال الراوي (البنيات الحكائية في السيرة الشعبية)، المركز الثقافي العربي، بيروت ١٩٩٧.
- وليام فان اوكونور – اشكال الرواية الحديثة، ت: نجيب المانع، دار الرشيد للنشر. بغداد ١٩٨٠.
- د. أسعد غالب الأسدي، شعرية العمارة، سلسلة الموسوعة الصغيرة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ٢٠٠٢.
- غائب طعمة فرمان، ظلال على النافذة (رواية)، دار الآداب، بيروت ١٩٧٩.
- أريش ماريا ريماك – ليلة لشبونة (رواية)، ت: ليلى نعيم، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت١٩٨٣.
- شاكر النابلسي– جماليات المكان في الرواية العربية– المؤسسة العربية للدراسات والنشر– بيروت ١٩٩٤ ص١٥–٢١.
- مجلة الطليعة الأدبية، دار الشؤون الثقافية العامة، العدد (٣) السنة الرابعة، بغداد ٢٠٠٢.
- مجلة الطليعة الأدبية، العدد (٥–٦)، بغداد ١٩٨٨.
- مجلة الأقلام، العدد (٥)، بغداد ٢٠٠١.
- مجلة الأقلام، العدد (٢)، بغداد ١٩٨٥.
- مجلة الموقف الثقافي، العدد (٣٨)، بغداد ٢٠٠٢.

## فانتازیای پێشبینی لە چیرۆکی "هاوار"دا

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵێ نووسەری دڵسۆز و عاشق بە چیرۆک، گۆمی مەنگ و قەتیسماوی چیرۆکیان شڵەقاند و گوڕوتینێکی تریان وەبەرخست. ئەو داهێنەرانە، کە ژمارەیان لە پەنجەکانی هەردوو دەست تێپەڕی نەدەکرد، بە بڵاوکردنەوە و خوێندنەوەی هەر یەکێک لە چیرۆکەکانیان، بە گفتوگۆ نەک لەگەڵ نەستی (لاشعور) وەرگر، بەڵکو بە شێوەیەک تا مەعریفەیان بجوولێنن و بەرەو ڕووی بەخۆداچوونەوە و پرسیار گەلێکیان بکەنەوە، بوێرانە چیرۆکەکانیان دەخستەڕوو، ئەمەش وەنەبێ تەنیا بۆ مەبەستی ئایدیۆلۆژی و لەسەر حیسابی پشتگوێ خستنی تەکنیک و جوانکاری نووسرابن.

ئەو نووسەرانە بە بیری چیرۆکەکانیان دوژمنێکیان بۆخۆ دروست دەکرد و خوێنی خۆیان لە کاسە دەنا. بۆیە دەبوو پاش ڕووناکی بینینی چیرۆکەکانیان، ملی ڕێگەی شاخ بگرنەبەر و ماڵئاوایی یەکجاری لە خوێنەرانیان بکەن. وەک ئەوەی پێیان بڵێن: ئەمەبوو پەیامی ئێمە. ئیتر ئەمانەتی ئەم خاک و نەتەوەیە لە ئەستۆی ئێوەدایە. محەمەد موکری دەڵێت: "چیرۆکی ئامێردەکان بووە مایەی ئەوەی شار جێ بێڵم و ڕوو لە شاخ بکەم، لە چیا نەمتوانی شتێکی وەک ئامێردەکان بنووسم و کە لە شاریش بووم، نەمتوانی شتێکی وەک سەگوەڕ بنووسم"[١]. ناوهێنانی هەندێ لەو چیرۆک و چیرۆکنووسانە گەواهی قسەکانمانن، بۆ نموونە (ئەفسانەی ڕێگەی هات و نەهات)ی ڕەووف بێگەرد[٢] و چیرۆکی (ئامێردەکان)[٣]ی موکری و (برایم شۆڕاوی) و (هەشت و نیوی بەیانی هەشت و نیوی شەو) و (بڕیار)ی عەبدوڵا سەڕاج و (لە ڕۆژژمێری دێیەکی ئەم خوارەدا) و (هاوار)[٤] و (بەسەرهاتی وەیسە)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و (دووربین)[٥] و (جیهانێکی تایبەتی)[٦]ی

حەمە فەریق حەسەن و (لە ڕاگوزارێکدا) و (گەواڵە خەم)ی جەلیل کاکەوەیس...

ئەوکاتە ئەم ئەدەبە بەرگرییە نەتەوەییە و بە ڕادەیەکی کەم چینایەتییە، گڕی حەماس و بەرگرییان دژ بە چەوسێنەران خۆشتر دەکرد، چونکە وەڵامی نوێیان بە پرسیارگەلی کۆن دەدایەوە.

ئیتر چیرۆک بۆخۆی بووبووە ئامرازێکی کاریگەری بەرگریکردن لە مانەوەی میللەتێک، کە ڕۆژانە لە ژێر هەڕەشەی ئەنفال و جینۆساید و بەعەرەبکردن و ڕاگوێزتندا دەیناڵاند. هەر لەو کاتەشدا ئەو بارودۆخە وای دەخواست، کە گرینگی و بایەخ بە بینای هونەریی شوێن بدرێت و بە پێی بوار و توانا شوێن بەرجەستە بکرێت، چونکە میللەتێک ئەگەر وڵاتەکەی یا خاکەکەی کە شوێنە، لەدەست بدات، ئەوا پێناسەی بوونی نەتەوەیی لەدەست دەدات و بەرەو سڕینەوە مل دەنێت. بۆیە نووسەران وای بۆ دەچوون هەمیشە شوێن چ بە مانا جوگرافییەکەی یا مانا ڕەمزییەکەی، دەبێت هەوێنی چیرۆکەکان بێت.

بۆ نموونە جەلیل کاکەوەیس لە چیرۆکی (لە ڕاگوزارێکدا) هەر بۆ ئەوەی لە خوێنەر بگەیەنێ، کە شوێنەکە دێیەکی وێران کراوە، دەڵێ: (هێشتا شوێنەواری هێلانەی کوکوختییەکە هەر ماوە، ئەوە پووش و پەڵاشەکانێتی، چەشنی ڕەزەوانێکی شاخی هەردەڵێی بەرچنە ترێی دروست کردووە و لە نێوان ئەو دوو پەلەدا بەکارامەیی چەسپاندوویەتی، بەڵام لە ماڵێکی ساردوسڕی بێ ئاوەدانی دەکات! تۆ بڵێی ئەمیش بەم گوڕەی بەهارە سەری خۆی هەڵگرتبێ !؟)(٧).

غەفوور ساڵح عەبدوڵایش لە چیرۆکی (ماسییەکان) دا دەنووسێت: (بەسەر بەرەو خواری ئاواییەوە سەرکەوت. خۆی کردە ناو گوندە بێ ئاوەدانییەکەیانەوە. چووە حەوشەکەی خۆیان. چەند ساڵێکە بەجێی هێشتووە. داروباری هەروەکو خۆی ماوەتەوە. هێشتا سەکۆ تایبەتییەکەی باپیرەی وەکو خۆی ماوەتەوە. جگە هەندێ لە لێوارەکانی نەبێ ڕووخاون. خۆی کردە ئەو ژوورەی (٣٠) ساڵ بەر لە ئێستا لێی لە دایک بوو. لەسەر زەوییەکەی لە ناوەڕاستەوە پاڵی لێی دایەوە و ئۆخژنێکی هەڵکێشا)(٨).

با باسەکەمان قووڵ نەبێتەوە و زۆریش دوور نەڕۆین. ئەمجار چیرۆکی (هاوار)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل هەڵدەبژێرین و دەبێتە بابەتی لێکۆڵینەوەکەمان.

**بەرایی:**

بە درێژاییی ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، تەنیا دوو سێ کۆمەڵە چیرۆکیان تێدا چاپ کران. ساڵانی دوای شۆڕش بوو، بارودۆخێکی ناجێگیر و نالەبار، ڕۆژنامەو کۆوارە کوردییەکان داخرابوون، حزبی بەعس تازە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتبوو و بیری ژەهراویی ناسیۆنالیزمی شۆڤێنیی پیادە دەکرد. لە سایەی ئەو کەش و هەوا نالەبارەدا ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل لە ساڵی ١٩٦٨دا کۆمەڵە چیرۆکی (دارەکەی بەرماڵمان)ی بەچاپ گەیاند. هەر لەو کاتەدا وەکو چیرۆکنووسێکی هۆشیار و مەعلان و شارەزا و ڕچەشکێن، لە بواری چیرۆکدا چاوەڕوانی نوێکردنەوە و تاودانێک بە چیرۆکی کوردی و ڕاشڵەقاندنی گۆمە مەنگەکەی لێ دەکرا. چیرۆکی (دارەکەی بەر ماڵمان) باشترین گەواهە و تاکو ئێستاش لە پەردەی بیری خوێنەردا کاڵ نەبووەتەوە. لە پاش ئەوە نووسەر (٥) کۆمەڵە چیرۆکی تری بەچاپ گەیاندن: دەستی ئۆخەی ١٩٧٣، ئەسپ ١٩٧٨، چاوەڕوانی ١٩٨٢، بەردی سەبر ١٩٨٩، فرینەکان ٢٠٠٣. ئێستاش لە چیرۆک نووسیندا بەردەوامە، جگە لە نووسینی ڕۆمانی (بەهاری ڕەش) چەند کتێبێکیشی لە تورکییەوە وەرگێڕاون.

**چی لەبارەی چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلەوە نووسراوە؟**

لە پاش نزیکەی چل ساڵ نووسین و ئەزموونی چیرۆکنووسین، ئەم چیرۆکنووسە بە کەمی لای لێ کراوەتەوە و توێژینەوەی تێروتەسەل لەسەر چیرۆکەکانی نەکراوە، تەنیا زاهیر ڕۆژبەیانی نەبێ، لە کتێبی (چیرۆکی هونەریی کوردیی- شێوە و شێواز و بنیات)، لاپەڕەکانی (١٣٨ تا ٢١٨)ی بۆ نووسین لەسەر چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل تەرخان کردووە و بە تێرو تەسەلی چیرۆکەکانی بەسەر کردۆتەوە. هەروەها سابیر ڕەشید و ڕەووف بێگەرد و حسێن عارف و

حەسەن جاف و بەکر دەروێش[٩] و ئەحلام مەنسووریش لە ماستەرنامەکەیدا[١٠]، بەسەریان کردووەتەوە. ئەمەو جگە لە چەند ڕەخنەگرێکی عێراقی وەکو (سهام جبار) و (محمد اسماعیل) لە ڕۆژنامەکاندا لە سەریان نووسیوە.

یەکێ لە چیرۆکە هەرە سەرکەوتووەکانی نووسەر چیرۆکی (بۆشایی)یە. ئەو چیرۆکە باس لە سەرنگومکردنی سەرجەم پیاوانی گوندێک دەکات، ئافرەتانی گوند لە شوێن پیاوان دەست بەکارن و بەئومێدی گەڕانەوەی باوکیان، مێردیان، کوڕیان، کەس و کاریان ڕۆژ دەژمێرن.. کەچی حەسەن جاف لە کتێبەکەیدا (چیرۆکی نوێی کوردی–١٩٨٥)، دێت ئەم چیرۆکەی، کە باس لە کارەسات و ماڵوێرانیی گوندێک دەکات، دەخاتە قاڵبی چیرۆکی سێکسییەوە و لەگەڵ چیرۆکی (کەژ و کەژاڵێ)ی محەمەد ڕەشید فەتاحدا، کە لای لە سێکس کردووەتەوە، بەراورد دەکات. ئەوەتا دەڵێ: (پاڵەوانی "بۆشایی" دوودڵ و بێ ورە و دەستە پاچەیە، هەموو ئەوەی لە دەستی دێ و دەیکا ئەوەیە، کە شەوان دەست لە سەرینەکەی گیر بکا و فرمێسک بڕێژێ)[١١].

بەدوور لەوەی باس لە هۆی سەرەکیی یا مەبەستی نووسینی چیرۆکەکە بکات، کە بۆ چ مەبەستێک نووسراوە. ئەوی لاوەکی بێت و لەم چیرۆکەدا باس کرابێت، سێکسە، کەچی ئەو خۆی لە مەبەستە سەرەکییەکە لاداوە، کە باس لە گرتن و بێ سەروشوێنکردنی سەرجەم پیاوانی گوندێک دەکات، هاتووە سێکسی کردووە بە دەسکەلای بابەتەکە. هەرچەندە سێکسیش ڕەنگدانەوەی حەزە تایبەتییەکانی ئافرەتە و سەرهەڵدانی غەریزەی سێکسی و بێ بەری بوون لێی لەم چیرۆکەدا، لەو واقیعە تاڵەوە دێ کە بەسەریدا سەپێنراوە.

لێرەدا مەبەست لە ناوهێنان و بەسەرکردنەوەی نووسینەکانی ئەو نووسەرانەی چیرۆکەکانی ئەمیان بەسەرکردووەتەوە، ئەوەیە، بڵێین هەر نووسەرێک بەسەرنەکرێتەوە و توێژینەوە لەسەر نووسینەکانی نەکرێت و نووسینەکانی بیر نەخرێنەوە، تووشی جۆرە ساردبوونەوە و لاوازی و هەست بە نازیندوویییەک لە نووسینەکانی خۆیدا دەکات. لە کاتێکدا دەبینێ زۆر لەوانەی بەسەر دەکرێنەوە و بەردەوام لەسەریان دەنووسرێت، نووسینەکانیان لە خوار نووسینەکانی ئەوەوەن.

## چیرۆکی "هاوار" بە کورتی

هەرچەندە لەگەڵ ئەوەدا نیم چیرۆک کورت بکرێتەوە، چونکە بەگێڕانەوەی ئاسایی بەها هونەری و ئیستاتیکییەکەی لەدەست دەدات. بەڵام بە مەبەستی ئەوەی ئێوەش لە هێڵی گشتیی چیرۆکەکە ئاگەداربن ، هەوڵ دەدەم چڕی بکەمەوە:

چیرۆکی (هاوار) باس لە کابرایەک دەکات، کوێخا و ڕەشۆڵی بازرگان بەکارێک بۆ ئەو گەرمیانە دەینێرن، کابرا لە ڕێگە دەکەوێتە بیرێکەوە، چەندی دەکا و دەکۆشێ خۆی پێ قوتار ناکرێ، پێشتر تۆزێکی لە دوورەوە بینیبوو بەرەو ئەو دەهات، ئێستا لە بیرەکەدا بە خەیاڵی خۆی، ئەو تۆزە ئەسپێکی شەکەتە و لە ئاو دەگەڕێ، ڕەنگە بێتە سەر ئەم بیرە و مل بۆ ئاو خواردنەوە شۆڕەوە بکات، ئەم دەگرێ بە جڵەوی شۆڕەوەبووی ئەسپەکەدا و بۆ یەکجاری لە بیرەکە ڕزگاری دەبێت.

## سەردەمی بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکە

ساڵی ١٩٨٨ ڕژێمی تۆتالیتاری بەعس، لە شەڕێکی ماڵوێرانکەری هەشت ساڵەدا بووبووەوە و بەجەستەیەکی شەلاڵی خوێن لێ چۆڕاوەوە مەیدانی شەڕی لە بەرەی باشوورەوە گواستەوە بۆ چیا سەرکەشەکانی کوردستان و دوژمنی سەرسەخت و ڕاستەقینەی خۆی لە میللەتی کورددا دەبینییەوە.!

بۆیە بێ بەزەییانە کەوتە گیانی خەڵکی ستەمدیدەی بێ دیفاع و پرۆژەی قڕکردنی سەرتاپا میللەتێکی لە بەرنامەدا بوو. ئەوەبوو کەوتە وێزەی گوندەکان و زیاد لە ١٨٢ هەزار منداڵ و پیر و لاوی بێ سەروشوێن کرد. تراژیدیایەکی خوڵقاند ئەوپەڕی نائومێدی و ڕەشبینی لە ناخی یەک بەیەکماندا چاند. ئیتر ڕەوشەکە وای دەخواست ئەدیبانێک بێنە کایەوە، ڕوحی بەرەنگاری و هیوایەک لە ناخی تێکشکاوماندا بچێنن، یا «بەیانکەری دڵشکاوی و نائومێدیش بن لە وەزعی ئێستا، دیسان دەتوانن ببن بە هاندەر بۆ ژیانێکی بالاتر و بە سۆراخی مرۆڤانی گەشەکردووترەوە بچن و کاریان تێ بکەن»[١٢].

ئا لەو کاتەدا، کە هەڵمی ئەنفال و بۆکرووزی سووتان و هەڵقرچانی دار و پەردووی گوندەکان بەجەستەمانەوە نیشتبوونەوە (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) لە کۆواری بەیانی ژمارە (١٤٨)ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٨دا، چیرۆکی (هاوار)ی وەکو بەرەنگاری و دژەوەستانێک بڵاو کردەوە.

## هەڵسەنگاندنی چیرۆکەکە

ئەو دۆخە نالەبارەی چیرۆکەکەی تێدا نووسراوە و بووەتە مامانی هاتنە دنیای چیرۆکەکە، وای دەخواست نووسەر پەنا بۆ ڕەمز ببات، تا (سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێ بۆ شتێ بێ ئەوەی ناوی شتەکە بهێنێ)(١٣).

لە چیرۆکەکەدا دوو ڕەمز بەکارهاتووە:

یەکەم: (بیر)، کە لێرەدا وەکو شوێن ڕەمزە بۆ دۆزەخی ژیان، لە ژێر سایەی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکاندا.

دووەم: (ئەسپ)، ڕەمزی ئازادی و سەربەخۆییە.

لە چیرۆکەکەدا شوێن دوو مەبەست لەخۆ دەگرێت (یەکەم، وێنەیەکی واقیعی شوێنێکی دیارکراو، دووەمیش ڕەمزییە، لە پێوەند بە کەسێتی و حاڵەتی دەروونی یا کۆمەڵایەتییەوە، لە حاڵەتی دامالینی شوێن لە مەبەستە ڕەمزییەکەی دەبێتە وەسفێکی پووچ و بێ مانا)(١٤).

چیرۆکنووس بەهۆشیارییەوە شوێنێکی خوازەیی (مەجازی) هەڵبژاردووە، بۆیە دەڵێین خوازەیی، چونکە بوونی سەد لە سەد نییە، بەڵکو لە گریمانەوە (افتراضي) نزیکە. هەموو شوێنێکی گریمانکراویش زادەی خەیاڵی ڕووتە، دەکرێ هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی لە واقیعەوە وەرگرێت، بەڵام بەدیارکراوی نا. ئەو شوێنە مێژووی گشتیی ونە و کاتیش تاڕادەیەک تێیدا بزرە، یا گرینگی پێ نەدراوە.

ئەم شوێنە خوازەیییە، گریمان کراوە، شانۆیییە، لە هەمان کاتدا، داخراوە، بەڵام کراوەیە و لەسەر پشتە بۆ هزر و ڕامان، ئەگەر چی لای نووسەری بێ دیدگا و بێ ئەزموون تەنگتر دەبێتەوە.

ئەم شوێنە (بەشوێنێکی کاتی دادەنرێت، چونکە بەتێپەڕبوونی کات و فراوانبوونی هزر و گۆڕانی بارودۆخەکە، دەکرێ لێی ڕزگار بیت و سەربەخۆ بیت)(١٥).

ئەم پانتاییە چۆڵەوانییە دژ بە ئینسانە، سەرسوڕمان و ترس و تۆقاندن و خەم و پەژارە و دڵەڕاوکێ دەچێنێت و بەناچاری ژیانی تێدا بەسەر دەبرێ و هەڕەشەی مەترسیی مردن لە هەموو ساتێکدا لە ئارادایە. بۆیە هەمیشە ڕەنگی ڕەش و زەرد لەخۆ دەگرێت (هەر کە بیری بۆ ئەوە دەچوو با هاواریش بکات و لە کەللەی سەر بقیڕێنێ، نەکەس گوێی لێ دەبێ، نەبەدەنگییەوە دێن، لە ناخەوە دەشڵەژا و مووچڕکی ترس و نائومێدی تەنی دەتەنی)(١٦).

کەسایەتییەکە جگە لە خۆدواندن واتا مۆنۆلۆژ هیچی بۆ نامێنێتەوە دڵی خۆی پێ بداتەوە و ئارامی بەخۆی ببەخشێ، ئەم زیرەکییەش لە هەڵبژاردنی مۆنۆلۆژدا دەگەڕێتەوە بۆ نووسەر خۆی، چونکە باش لەوە گەیشتووە یەکێک لە ئامانجەکانی مۆنۆلۆژ ئارامی بەخشینە. لە شوێنێکدا، کە هەرگیز لەگەڵیدا هۆگر و دەستەمۆ نابێ، بەدەردی پاڵەوانی ڕۆمانی (دوارۆژی مەحکوومێک) ی ڤیکتۆر هۆگۆ هەمیشە بە دژەشوێنی دەزانێ و تێیدا هەڵناکا. ئەوەتا دەڵێ (هەموو شتەکانی دەوروبەرم گرتووخانەن، لە هەموو وێنە و شێوەکانی دەوروبەرم من زیندان دەبینم، لە شێوەی مرۆڤ، لە شێوەی میلە ئاسنینەکان، یان لە شێوەی کێلۆن. ئەو دیوارە گرتووخانەیەکە لە بەرد، ئەو پاسەوانەش گرتووخانەیەکە لە خوێن و گۆشت)(١٧).

سێ کەسایەتی، چیرۆکەکە بەڕێوە دەبەن، تارمایی ڕۆڵی دووانیان لە ڕابردوودایە، کوێخا مەجید نوێنەری چینی فیوداڵە، ڕەشۆڵی بازرگانیش نوێنەری چینی بۆرژوا، کارەسوولێش وا نیشان دەدرێ نوێنەری زۆرلێکراوانە. ئەمی دواییان بێ ناسنامەیە و ناسنامەی چینایەتی و تەمەن و ئاستی خوێندەواری نەزانراوە. ڕۆڵی کەسایەتی سەرەکیی پێ بەخشراوە و ڕووداو دروست دەکات، بەڵام لە بناغەدا داشی دامەی یاریی نێوان کوێخا و ڕەشۆڵە و ئەوان چارەنووسی دیاری دەکەن. هەرچەندە ئەوان بە جەستە بزر و نادیارن، بەڵام دەسەڵات و بوونیان بەسەرتاپای جەستەی دەقەکەوە دیارن (پێیان گوت برۆ. تۆ برۆ و هەقت نەبێ.. تۆ شارەزای ئەم ڕێگەوبانەی، ئێمە دەڵێی؟ هەقتە.. ئێمە توێشوو و ئەرکی ڕێگەت بۆ

مسۆگەر دەکەین). ل٧

لە شـوێنێکی دیدا پێی دەڵێن (تۆ کـە گـەیشـتی ئێـمـەش ناوەسـتین و دێین، تۆ جاریٚ برۆ) ل٧. نووسـەر دەیەوێ پێمان بڵێت هەمیشە شۆڕشەکانمان دەرەبەگ و بۆرژوا لـە پشـتـیـیـەوە بوونـە و بەڕێوەیان بردووە. ئەوان دواکـەسن دەچنە ڕیزی شـۆڕشـەوە و یەکـەمین کـەسـیشـن لێی دەردەچن، واتە تەمـەنی مـانەوەیان لە ناو شۆڕشدا پێوەندە بەتەمەنی بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵیدا. ئەوەتا هەرکە ڕەسووڵ لە گەڕانەوە دوادەکەوێ، کوێخا دەڵێ: (باشە ڕەشۆڵ ئێمە سەری خۆمان کز کردبوو، نەدەبوو بە بەشی خـوا ڕازی بین؟ کـەس بەرهەنگاری کـاری خـوای پێ دەکـرێ؟.. ناکـرێ. چ دەڵێی؟) ڕەشـۆڵـی بازرگـانیش ئـاوا وەڵامی دەداتـەوە: (پیـاو دەبێ بەگـوێرەی قـازانج و زیان هەڵسـوکەوت بکا)ل٨ ئەمـە واقـیـعـیـیـەتی هـەڵوێسـتـی چینەکانی سەرەوەن، چینی سەردەست هەرکە سەرینی ئاسوودەیی و خاترجەمیی ژێر سەریان دەخزێ، یا دەرگیری بنبەست و لـەدەستدانی دەسـەڵات و بەرژەوەندی و ئیعتباری کۆمەڵایەتی دەبنەوە، لە واقعییەتی سیاسەتی سازشکارانە و دژی دیموکـراتی و کـۆنەپەرسـتـانەیانـەوە پاکـانە بۆ سـیـاسـەتەکـانیـان دەهێننەوە و جوانکاری تێدا دەکەن. ڕەسووڵیش کابرایەکی ناهۆشیار و یۆتۆپی و ساویلکەیە (حەز دەکـەم تۆزەکە ئەسـپێ بێ، ئەشـهەدوبیللا، ئێسـتـا چوار ناڵەیەتی جـڵـەوی بەقـەڵبـووسـەکـەیەوەیە، یا هەر بەکـێـشـی کـردووە، یانی بـۆ وا نەبێ؟ ئەسـپـێکی سەرهەڵگرتووە و بێرەدا گوزەر دەکات... کورە فریشتەیە، خدری زیندەیە و دەیەوێ لەم چاڵەم قوتارکا.. دێ مسۆگەر دێ) ل ٦.

ئێرنەست فیشـەر ڕاسـتی بۆ چووە، کە گوتوویەتی: (هەمـوو شـتێک سنووری خـۆی هـەیە، تەنیا ئـاواتەکانی ئینسـان نەبێ هەرگیز برانـەوەیان نییـە). خـەون و خەیاڵ و پێشبینییەکی جوانە، لێ تا بڵێی دوورە لەواقیعەوە، چونکە خەونی واقیعی ئینسـانی هـۆشـیار دەیبینێت، هەمیشـە ئینسـانە هۆشـیـارەکان واقیع دەگۆڕن و مێژوو دروست دەکەن. چیرۆکنووس بۆ پاکانەی ئەم هەڵوێستە، دێ شایەدی لەسەر دەدا: (درۆ دەکا، چەند جاریان تووشی دەردەسـەری هێناوە و لە ژێریشـەوە ڕیش خەنیان پێ کردووە، کەچی هەر دەستیان لەیەک نەترازاند.. دەبیخۆ)ل٦.

چیرۆکێکی نموونەییە و لە هەلومەرجێکی نموونەییشدا نووسراوە، سەرەڕای گەشبینیی لە ڕادەبەدەری کەسایەتییەکە، لێ هەڵوێستی نموونەیی تێدا بەدی ناکرێ. تەنیا هەڵوێستێک کەسایەتی سەرەکی بینوێنێ، ئەو گەشبینی و خەیاڵ فراوانییە و پێشبینییە گەورەیەتی، کە مخابن لە واقیع بینییەوە نەهاتووە، تا بڵێین خەیاڵێکی ڕۆمانسیی شۆڕشگێڕانەیە. لێرەوە گوشاری نووسەر بەسەر دەقەکەوە بەدی دەکرێ، لە ڕێی گێڕەرەوەوە، کە ڕاستەوخۆ منی دووەمی نووسەرە. دەنگی سەپاندووە بەسەر کەسایەتییەکەدا و ئەوە نووسەرە هاوار بۆ میللەت دەکات نەک کەسایەتی ناو بیرەکە.

دەکرێ بڵێین خاڵی لاواز و بەرچاوی چیرۆکەکە لەوەدایە، چیرۆکەکە لە دەرەوە بەبڕیاری گێڕەرەوە دەتەقێتەوە، نەک لە ناوەوە هەوڵی تەقینەوەی بدرێت.

پێشتر گوتم، چونکە کەسایەتیی سەرەکی هۆشیار نییە و ناسنامەی چینایەتی بزرە، نازانین پایە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی ئەو لە چ ئاستێکدایە، خۆیشی نازانێت بۆ کێ هاوار دەکا و خواستەکانی چین، هاوارکردنەکەشی لەدەست گەیشتنە سەر ئێسکی چەوسانەوە نییە، بەڵکو هاواری بەتەنیا خۆ ڕزگارکردنە و هۆیە زاتییەکان هۆیە مەوزووعییەکانیان لە بیر بردووەتەوە، "کاری تاکە کەسییش چاری هیچ شتێک ناکا لە مێژوودا"(١٨).

بەڵام چیرۆکنووس هەند پێی لەسەر دادەگرێ و دووبارەی دەکاتەوە، وامان لێ دەکا مەزەندەی ئەوە بکەین، کە ئەو هاوارە خواستێکە بۆ ڕزگارکردنی سەرجەم میللەت لە کۆت و بەندی چەوسانەوە.

ئایا کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکەکە لەسەر چ بنەمایەک هاوار بۆ میللەت دەبا و بەخەیاڵی واقیعیی ئەسپێک بەهانایەوە دێت و لەو تەڵەزگەیەی ڕزگار دەکات؟ بە ئومێدی کوێخا مەجید و ڕەشۆڵی بازرگان؟ یا بەو ئەزموونە دووردرێژەی (ئەگەرچی گەرما و سەرمای زۆری بینیبوو، بەڵام هەرگیز وەک ئەم جارە دەستێکی لە دوا و یەکێکی لەبەرەوە نەمابووەوە) ل٦ .

خۆ ئەو بەئاشکرا دەستەپاچەیی خۆی ڕادەگەیەنێت (باشە ئەی دەست

بەچییەوە بگرم) ل٦، (خوار و ژووریشم لێ گۆڕا) ل٦، (ئێستا کامە قیبلەیە و کامە قیبلە نییە؟ جا، کێ دەڵێ ڕوو لە من دەکا و ڕێک و ڕەوان بەلای جەنابما گوزەر دەکا؟ دوا جار کێ دەڵێ گەردەلوول نەبوو و دەچووە ئاسمانا؟) ل ٦

ئەم ڕاڕایی و دوودڵی و بێ بڕیارییە دەمانگەیەنێتە سەر ڕاستەشەقامی ئەو ڕایەی بڵێین، ئەمە خواستێکی یۆتۆپییە و بەخەیاڵ بنیاتنانی کۆشکە لەسەر ئاو.

ڕەسووڵ لە دەستە پاچەیی و بێ ورەییدا، هەست بەتەنیایی کردنێکی قووڵ دای دەگرێت، بۆیە خۆزی دەخوازێ مەجە یا ڕەشۆڵی لەگەڵدا بوایا (خۆزی یا مەجە یا ڕەشۆڵم لەگەڵدا دەبوو) ل٧. ئیتر ئەوی گرینگ بێت بەلایەوە، بوونی یەکێک لەوانە، ئەگەرچی (ئەوان چاوەڕێی خوانی حازرن... ئێ کە من تیا بچم ئەوانیش دەستیان بەگونم) ل ٧. ئەم خۆزی خواستنە بە بوونی ئەوان لەگەڵیدا، دوای ئەوە دێت، کە ئەوان (چەند جاریان تووشی دەردەسەری هێناوە و لە ژێریشەوە ڕیش خەنیان پێ کردووە، کەچی هەر دەستیان لە یەک نەترازاند) ل ٧ ئەم هێشتا پەندی لەو هەڵوێستە هەلپەرستییەی ئەوان وەرنەگرتووە و ئینجاش، کە دادەمێنێ و دەکەوێتە تەنگانەوە، وەک ڕزگارکەرێک هانا بۆ کوێخا و ڕەشۆڵی بازرگان دەبات. ئەمە لاپەڕەیەکی ڕاستگۆ و دەگمەن باسکراوی ناشرینییەکانی سەرجەم شۆڕشەکانی کوردستان بووە، کە هەمیشە و بەردەوام چینی خوارەوە پاشکۆی ئەو چینە بووە، کە لە ئەسڵدا دەبوو سەری ڕمی شۆڕشەکەیان دژ بەوان بوایا. کەچی ئەوان بەهەل وەرگرتن لە ناهۆشیاری و ساویلکەیی خەڵکە زەحمەتکێش و بەشمەینەتەکە، بەناوی ڕزگاری خاکی کوردستان و ئازادکردنی میللەتی کوردەوە، جڵەوی شۆڕشیان بەدەستەوە گرتووە.

هونەرکارییەکی تری چیرۆکەکە، ئەوەیە جارێک گێڕەرەوە، کە چیرۆکنووس خۆیەتی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، جارێکیش بەزمانی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک دەدوێت و هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکەوە، لە ڕێگەی جیاوازیی لە شێوەی گێڕانەوەکە، گۆڕانکارییش لە شێوەی دەربڕین و جیهانبینییاندا بەدی دەکرێت. لە گێڕانەوەی ڕووداوی کەوتنە ناو بیرەکەوە، گێڕەرەوە هەمان گێڕانەوەی کەسی سەرەکی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بەزمانێکی هونەریتر، وا دیارە مەبەستی

چیرۆکنووس زیاتر لە گێڕانەوەی دووەمدا ئەوە بێت، جەخت بخاتە سەر ڕووداوەکە و ڕاستی ڕوودانی. هاتووە بەشێوازی ئەفسانەئامێز چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە (دەرۆی ناگەیتە سەرچاوەی ڕۆخانە، ڕەز و باخێکت تووش دەبێ، مێوەهاتی دنیای لێیە، تەماع نەتگرێ، مەوەستە و دەستی ڕاست بگرە، ڕێک بە قەڵا کۆنێکت دەگەیەنێ، تێی پەڕێنە، هەر ئاودیو بوویتەوە زەویوزارە بەپیتەکە و کانیی سازگارت باوەش بۆ دەکەنەوە....) ل٧.

هەرچی بینای کاتە بەتەواوی پشتگوێ خراوە، کات بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژی (زنجیرەیی) بە دوای یەکدا دێت، شەبەق، چێشتەنگاو، نیوەڕۆ، ئێوارە، زەردەپەڕ... لە ماوەی کەوتنە ناوچاڵی کەسایەتییەکە (لە چێشتەنگاوەوە تا زەردەپەڕی ئێوارە)، کە کاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەیە، زوو زوو کات ڕاگەیەنراوە، بەتێپەڕبوونی کات گێچی سووری ترس و دڵەڕاوکێکەش زیادی کردووە، واتا چەند کات هەڵکشابێت مەترسی زیاتر هەڕەشە لە کەسایەتیی ناو بیرەکە دەکات. ئەمەش جەختکردنە لەسەر ئەوەی (باری دەروونیی مرۆڤ دەورێکی بەرچاوی هەیە لە دەرخستنی پێوان و هەستکردن بە کات)[١٩].

لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا نووسەر پەنای بۆ بەکارهێنانی شێوازی مۆنتاژی کات بردووە. (ئەگەر ڕاستەو ڕاست ڕوو لە من بکات، هەر سەعاتێ دوو سەعاتی پێ دەچێ، کورە بە سێ ڕازیم، برۆ تا زەردەش بۆ ئەو، هەر شەوم بەسەرا نەشکێ..) ل٦.

داڤێد داچیز لەبارەی مۆنتاژی کاتەوە دەڵێ: (دەکرێ لەمیاندا کەسەکە لە جێی خۆی جێگیربێ و تەنیا بیری لە ناو کاتەکاندا بخاتە جووڵانەوە. ئەمە مۆنتاژی کاتە، بەدانانی وێنە یاخۆ هزر لە کاتێکی دیارکراو لەسەر وێنە یا هزرێکی تر لە کاتێکی تردا)[٢٠].

سەرەنجام لە پاش ئەم تاووتوێکردنە، لە خۆمان دەپرسین:

* ئایا مەبەستی نووسەر لەم چیرۆکەدا چییە و دەیەوێ چی بڵێت؟

خاڵی بەهێزی چیرۆکەکە و مەبەستەکەی لەوەدا چڕ دەبێتەوە، کە نووسەر لەو

ڕۆژە ڕەش و لێوانلێو لە ڕەشبینییەدا، لەو بەهاری ڕەشە، گوڵی گەشبینیمان دوور لە هـوتافی شـۆڕشگێـڕی بەسـەردا دەبارێنـێ. لەو پەڕی هـەرەس و بێ هیـوایی و سـڕینەوەی ناسـنامـەی مـیللـەتێکدا مـژدەی هەرەس و ڕووخـانی گـەندەڵتـرین و دیکتاتۆرترین ڕژێممان بۆ دەکات بەفانتازیا. کە لەو کاتەدا وەک خەیاڵێکی جوان و ڕۆمـانسی هەنـاوی سـووتـاومـانی فـێنک دەکـردەوە و کـاری تێ دەکـردین. هـەمـوو ئەمـانەش بەخـۆ لادان لە گێڕانەوەی تەقلیـدی و وەسـفـی درێژدادڕ و بەدوای یەکدا هاتنی ڕووداوەکان بەشێوەی زنجیرەیی و (هارمـۆنییەک لە نێوان پێشکێشکردنی ڕووداوەکە و، ڕاکێشـانی سـەرنجی خوێنەر و زیادبوونی تەئسـیرتێکردنی- بەپێی بەرەو پێش چوونی ڕووداوەکان-خۆی دەنوێنێ)(٢١).

**پەراوێزەکان:**

١- ڕۆژنامەی ستایل، ژ (١١٢)ی ٢٠٠٤/١١/١٥ هەولێر.

٢- نووسەری کورد، ژ (١)ی ئایاری ، ١٩٧٩

٣- بەیان ژ (٧٢)ی ١٩٨١. (دەزگـاکـانی دەوڵەت ئەو ژمـارەی کـۆوارەکـەیان لە بازاڕدا کۆکردەوە و قەدەغەیان کرد).

٤- بەیان ژ (١٤٨) تشرینی یەکەمی ١٩٨٨

٥- نووسەری کورد ژ (١١)ی شوباتی ١٩٨٣

٦- نووسەری کورد ژ (١٠)ی کانوونی دووەمی ١٩٨٢

٧- جەلیل کاکەوەیس، چرکە زیندووەکان (کۆمەڵە چیرۆک)، هەولێر ٢٠٠٠، ل٤٦-٤٧

٨- غەفوور سالح عەبدوڵا، پەیکەر و پیاو، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٩، ل١١٥.

٩- لە پەراوێزی چیـــرۆکی دووربینیندا، بەکـــر دەروێش، هاوکــــاری، ژ(٣١٥٦)ی ١٩٩٩/٨/٢٩

١٠- ئەحـلام مـەنسـوور- بینای هونەری لە کـورتە چیـرۆکی کـوردیدا (١٩٧٠-١٩٨٠)، زنجیرەی کتێبی سەردەم، سلێمانی ١٩٩٩، ل١٤٠-١٤٣

١١- حەسەن جاف، چیرۆکی نوێی کوردی، چاپخانەی عەلاء، بەغدا١٩٨٥، ل٥٠

١٢- ئیرەجی ئازەرین، لە پەراوێزی مەرگی اخوان ثالث دا، کۆواری ئەدەبی کرێکاری، ژ

(٣) سلێمانی، ١٩٩٢ ل١. (سووکە دەستکارییەکم کردووە).
١٣- حەمە سەعید حەسەن، شیعر هەڵوێستە، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی ١٩٧٩، ل٣٩
١٤- د. علي ابراهيم، الزمان والمكان في روايات غائب طعمة فرمان- الاهالي للطباعة والنشر- دمشق، ٢٠٠٢ ص٨٦.
١٥- سەباح ئیسماعیل- شوێن و چەمکی شوێن لە ئەدەبدا بەشی دووەم ، نەوشەفەق ژ (٩)، کەرکووک، ٢٠٠٣، ل٤٦
١٦- ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، فرێنەکان، کۆمەڵە چیرۆک ، وەزارەتی رۆشنبیری- هەولێر، ٢٠٠٣، ل٥
١٧- ڤیکتۆر هۆگۆ، دوارۆژی مەحکوومێک، و: عەبدولموئمین دەشتی، سلێمانی ٢٠٠٤، ل١٣
١٨- قسەیەکی پلیخانۆڤە.
١٩- نەجم ئەڵوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٨.
٢٠- روبرت همفري، تيار الوعي في الرواية الحديثة، ت: د. محمود الربيعي، ط٢- دار المعارف بمصر- القاهرة ١٩٧٥، ص٧٢-٧٣.
٢١- کەمال میراودەلی، پێشەکیی کۆمەڵە چیرۆکی (تەزووی ناخ)، ئەحمەد قادر سەعید- چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٨٠، ل١٢.

## خەمی نەتەوەیەک بەکۆڵی چیرۆکێکەوە

مخابن ڕەخنەی کوردی (لەبەر لاوازی عەقڵی ڕەخنەیی و نەبوونی ڕەخنەگری خاوەن ئامرازی ڕەخنەیی و ڕۆشنبیریی ڕەخنەیی بەرفراوان)(١) بەو دەگمەنی خۆیەوە، لە هیچ قۆناغیکدا نەیتوانیوە شان بەشانی چیرۆک هەنگاو بنێت و هەمیشە هونەری چیرۆکی بەتەنیایی و لە نیوەی ڕێگەدا جێ هێشتووە و پشتی تێ کردووە، لەمەش کارەساتتر ئەوەیە، کە زۆر جار ڕەخنەی کوردی ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادی لە نووسەر بڕیوە و هەندێک جار کار بەوە گەیشتووە، ڕێنوێنیی نووسەری کردووە، دەبوو پاڵەوان وای بکردایا و وای بگوتبا، بەدوور لە بەرچاوگرتنی هەڵوێستی چینایەتی یا هەڵوێستی نەتەوایەتی، یاخۆ ڕادەی ڕۆشنبیریی کەسایەتییەکە. واتە کەم کات ڕەخنە (ئازادیی ئەوەی بە دەقێک ڕەوا دیتووە، کە ئەو دەقە تەنیا لەبەر ڕۆشنایی بنیاتەکانی هەمان دەقدا بخوێنرێتەوە)(٢).

یەکێ لەو نووسەرانەی بە دەگمەن ڕەخنە بەسەری کردووەتەوە و ئاوڕی لێ داوەتەوە، لە کاتێکدا ڕێبازێکی تایبەتی بەدەر لەوانی تر گرتووەتە بەر، جەلیل کاکەوەیسی چیرۆکنووسە. ڕەنگە هەر چیرۆکنووسێکی تر ئەوەندەی ئەم بەکەمی لای لێ بکرایەتەوە، ئێستا تووشی کەم خوڵقی و بێ هیوایی و گۆشەگیری و کەمنووسین یا ڕاوەستان لە نووسین دەبوو. کەچی ئەو نووسەرە یاخییە سەر چەرمووە بەدڵ لاوە، وەک ئەوەی بەهەوای چیرۆک هەناسەیەکی بەگوڕتری بەبەردا بێتەوە و دەستی چیرۆکەکانی لە جیهانە تایبەتییە پڕ نیگەرانییەکەی دەری بێنێت و ئۆخژنی پێ ببەخشێت، هەمیشە چالاکتر خۆ دەنوێنێت، نەک هەر لە مەیدانی چیرۆکنووسیدا، بەڵکو مەیدانی لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و بیبلۆگرافیا و

ڕۆژنامەوانی و مێژووشی بەسەرکردووەتەوە. لێرەدا دەمەوێ لە ڕێگەی چیرۆکی (قەرمەجەکان)ەوە گەشتێک بەجیهانی چیرۆکنووسیی جەلیل کاکەوەیسدا بکەم و لە ڕێگەی بنیاتی شوێن و ڕووتکردنەوەی جەستەی شوێنەوە هەنگاوی یەکەممان بەرەو قەڵای پەی پێ نەبراوی چیرۆکەکانی بنێین، بێ ئەوەی باس لە جەمکانەی شوێنکات بکەین، چونکە بەدرێژاییی چیرۆکەکە کات مەییوە.

جەلیل کاکەوەیس بەوە دەناسرێتەوە، کە چیرۆکەکانی بەیەک جار خوێندنەوە خۆیان بەدەستەوە نادەن و هەموو نهێنییەکان نادرکێنن. جۆرە خەستکردنەوە و چڕ کردنەوەیەک بەکار دەبا، کەم لە ڕەخنەگران و زۆریش لە خوێنەران بە ئاسانی پەی بەو جوانکارییانەی چڕکردنەوەکە نابەن، جێی خۆیەتی بڵێین ئەم شێوە نووسینە زۆر لە شێوازی نووسینی (سەلیم بەرەکات)ەوە نزیکە. دیارە ئەویش وەکو کلۆد سیمۆن بەلایەوە وایە (هەوڵدان بۆ تێگەیاندنی هەموو خەڵک، لەناوبردنی بەرهەمی هونەری و شێتی دەگەیەنێت)[٣].

بۆ لێکۆڵینەوە لە شوێن و چەمکی شوێن لە چیرۆکدا، چیرۆکەکانی جەلیل کاکەوەیس بە باشترین هەڵبژاردنی تەتبیقی لەسەر ئەم ڕەگەزە دەزانم، چونکە عەنباری چیرۆکەکانی زەخیرەی هەموو جۆرەکانی شوێنی بە کراوە و داخراوەوە، گشتی و تایبەتی، ئاشنا و دژ، شانۆیی و بزێوی تێدا هەن. ئەمە جگە لەوەی ئەو وەکو نووسەرانی تر ڕاگوزاری و تیژتێپەڕ بەسەر شوێندا تێ ناپەڕێ، بەڵکو هەندێک جار دەواری بەسەر ئەو شوێنەی مەبەستێتی هەڵدەدا و دەمێنێتەوە، چۆک دادەدا و تێرتێر دەگری، خاکی بە فرمێسک تەڕکردووی چیرۆکەکانی هەڵماوی ئەو بۆنە تایبەتەی لێ دێت، کە پاش یەکەم بارانی پایز بەر لووتمان دەکەوێت. چیرۆکەکانی بەگشتی باس لە تاسەی کەسایەتییەکە (کە نووسەر خۆیەتی) بۆ زێدی خۆی و هیوای دەست لەملانێی یادگارەکانی شوێنی لەدایکبوون بەدەست هێنانەوەی ئەو شوێنەی، کە مرۆڤ بەدەر لە ئیرادەی خۆی لێی دوورخراوەتەوە و لێی بێبەش کراوە. هەمیشە ناوهێنان و بەبیرهاتنەوەی شوێن بەدرێژەدانی ژیان دەزانێت، نەک هەر ئەمە بەڵکو (هایدگەر) ئاسا لەبیرچوونەوەی جێگە بەمەرگ دەزانێت.

لە دەسپێکی چیرۆکەکەدا نووسەر پەنای بۆ ئاوێنە بردووە، یا ڕاستتر لە پانتایی ئاوێنەدا سەرجەم ڕووداوەکانی چیرۆکەکە ڕوو دەدەن و لەمیانەی ئاوێنەوە بەناخی کەسایەتییەکەیدا، کە سیمبول و نوێنەری سەرجەم نەتەوەیەکە، شۆڕ دەبێتەوە و مێژوویەکی نەنووسراومان بۆ دەگێڕێتەوە. شێوازی ئاوێنە بەکارهێنان لە چیرۆک و ڕۆماندا تازە نییە و زۆر وتراوەتەوە، مارکیز لە ڕۆمانی (سەد ساڵ دووره پەرێزی) دا ئاوێنەی وەکو ڕەمزی دووبارەکردنەوە و نەگۆڕان بەکاربردووە. عەبدوڵا سەڕاج لە چیرۆکی (ئاوێنە)دا، ئاوێنە لە بری مێژوو بەکاردەبات (مێژووش لە ئاوێنەوە دەست پێ دەکات)[٤]. یا (بەم جۆرە لاپەڕەیەکی نوێم خستە سەر کتێبی مێژووی ئاوێنەکان)[٥]. لە پاش ئەمانیش چیرۆکنووس جەلیل محەمەد شەریف لە چیرۆکی (ئاوێنە)دا، ئاوێنە دەکات بەشوێنی شانۆیی و ئاوێنەی پاسەکە دەکات بە شانۆی ڕووداوەکان. ئەمیش ئاوێنەی بۆ هەمان مەبەست بەکاربردووە (کابرا، سەروسیمای لە ناو چوارچێوەی ئەو ئاوێنە گەورەیەوە دیاربوو، کە لە ڕاست سەر شوفێرەکەدا، هەڵواسرابوو. منیش یەکسەر، لەسەر کورسییەکەی دوای شوفێرەکە، دانیشتبووم.. ئاوێنەکە، بووە شانۆ، بۆ شانۆگەرییەکی تاکەکەسی ئەکتەرێکی بێدەنگ. منیش بوومە سێبەری شانۆکە، کابرا بەساڵاچوو بوو.. چاویلکەیەکی لە چاو بوو، بێ هێزی و ماندوێتی لە ڕەنگ و ڕوویا دەباری..)[٦].

بەکاربردنی ئاوێنە و ماناکانی بەکاربردنی بەپێی تەمەن دەگۆڕێت. منداڵ کە ئاوێنە بەکار دەبات تەنیا ڕادەی جوانیی جلەکانی تێدا دەبینێتەوە، لاوێک کە ئاوێنە دەخاتە باخەڵی، زیاتر بۆ سەرنجدانە لە ڕێکی قژ و بێ خەوشی ڕووی، هەرچی بەساڵاچوویەکە، کە ئاوێنە بەکاردەبات، تەنیا بۆ سەرنجدانە لە ڕادەی چەرموویی سەر و ڕیشی، واتە ئاوێنە دەبێتە پێوەرێک بۆ ساڵانی ژیانی و ئەو مێژووەی بەسەری بردووە.

چیرۆکی (قەرەجەکان) باس لە شایەدحاڵێک دەکات، کە بەچاوی سەری دەبینێ چۆن گوندەکەیان ئەنفال دەکەن و ئاسەواریان لێ دەبڕنەوە، نەک هەر ئینسانەکان، بەڵکو سەگەکەیشی (هۆپی) بەردەکەوێت. ئیدی کەسایەتییە وێڵ و سەرگەردانەکەی قەرەج ئاسا لە هەموو چرکەیەکدا دۆزەخ دەبینێت. هەر لەوکاتی هەڵمەتی ئەنفال



سەباح ئیسماعیل (٦)

بۆ سەر گوندەکەیان دەست پێ دەکات، ئەم خۆی دەکوتێتە کولانەی سەگەکەیەوە و خۆی بەسەگەکە دەسپێرێت (تۆش مناسا نێرەتی خۆت بخەسێنە، دەماری نێریت بکوژە، ئاخر تۆ ئەو قەلایەی ڕوحی منت تێدا حەشارداوە، هەر بەئاستەم لایەکت هەرەس بێنێت ڕوحی منیش دەکەوێتە ئەو گۆڕە..)(٧).

لێرەدا جەستەی هۆپی دەبێتە ئارامترین و هۆگرترین شوێن بۆ ئەم، هەر بۆیەشە بە قەلا ناوی دەبات، چونکە بەردەوامیی ژیانی خۆی لە پاڵ ئەم و بێدەنگیی ئەمدا دەبینێتەوە. دڵنیاشە لەوەی، قەلایەکە بە ئاسانی سەنگەر ناداتە دەستەوە و داگیر ناکرێت. کەچی هەر بەپاڵ ئەم و سەگەکەیەوە ڕەنگدێرێک پەلاماری خوشکەکەی دەدات و خراپی دەکات. (ئاسکێکی سرکی وەک تۆ دەبێ ببێتە نۆبەرەی حەزە کپکراوەکانی چەندین ساڵەی من)(٨). داخۆ ئەمە قسەی شاعیرێکی هەست ناسکە، یاخۆ سەربازێکی بێ هەستی نەزانی داگیرکەر؟ دەکرا نووسەر زمانە بازارییەکەی شێوە قسەکردنی سەربازانی بەکار ببردایا، چونکە فەرهەنگی سەربازان و کولتووری سەربازی لێوانلێوە لە دەمپیسی و جوێندان و بێ ڕەوشتی. بۆیە هەر کە خوێنەر دەگاتە ئێرە یەکسەر لە جیهانی چیرۆکەکە دادەبڕێ و بە قسەی سەربازەکەی نازانێ و دەیداتە پاڵ نووسەر خۆی. نووسەر لە زۆرێک لە چیرۆکەکانیدا، کەسایەتییە جووتیارەکەی هەمیشە ئاوارەی دەستی بێ شوێنییە، یا لە سەفەرێکی دوور دەگەڕێتەوە سەر زێدی خۆی، زێدێکی خاڵی لە بوونی ئینسانەکان، زێدێکی وێرانە (دەچەمێتەوە پڕ بە سییەکانی بۆنی خۆڵەکە دەکات. بۆنی سینگ و بەرۆکی دایکی لێ دێت، بۆنی هەڵماوی عارەقەی لەشی لێ دێت. لووت لە زەوی دەژەنێت و بۆن دەکات)(٩). پێوەندبوون بە شوێنەوە (پێوەندبوونە بەکێشەی ئەو شوێنەوە، نەک پێوەندییەکی سۆزئامێز و جوگرافی ڕووت)(١٠)، ئەو شوێنە مێژووییەی بەتێپەڕبوونی کات، دەبێ تەمی بیرچوونەوە دای پۆشێ و کاڵ بێتەوە، کەچی لای ئەم هەمیشە پانتاییی شوێن جوگرافیای یادەوەریی داگیرک ردووە و ڕەنگدارتر بووە، شوێن (خاوەنی ناسنامە و هەڵگری دەلالەت و دەسەلات و سیستم و کەش و ڕەهەند و سروشتی خۆیەتی)(١١). هەر کاتێکیش (شوێن لە دەلالەتە ڕەمزییەکەی ڕووت بکەینەوە، دەبێتە وەسفێکی پووچی بێ مانا)(١٢).

سەرکەوتنیش لە بەکارهێنانی شوێن و ڕەهەندەکانی (پابەندە بە بیرفراوانی و هۆشیاری ئەو نووسەرە و چاوکراوەیی بەرابەر بەجوولەی شوێن)[١٣]. مانی شوێن بەلای چیرۆکنووسەوە، درێژەدانی ژیان و وەڵام بەهاوارەکان و مانەوەی کەس و کار و بوونی ئازادی و ئاسایش و بوونی ئینسانە (لای من شتێک نەماوە ناوی شوێن بێت. ئێ ئەگەر شوێن بمایە ئەمێستا جەنگی و تۆڵە و حەمەجان و مەعسوومە لە شوێنێکدا دەبوون، ئەگەر شوێن بوونێکی هەبووایە ئێستا ئێسک و پرووسکی هۆپی لە شوێنێکدا دەبوو، هەر شوێنێک)[١٤].

لەم چیرۆکەدا کەسایەتییەکە وەک تاکێک هەڵوێست وەردەگرێ و بەرهەڵستی چەوسانەوە دەکات و لە دەنگی خۆی زیاتر گوێبیستی دەنگانی تر نابین. بۆیە یەکێ لە خاسیەتە نەگەتیڤەکانی شێوازی نووسین لای چیرۆکنووس، دەستگرتنە بەدیالۆگ و بەگەڕخستن و باوەش کردنەوەیە بۆ مەنەلۆگ، لە ڕێگەی دواندنی بزرەکانەوە (مردووەکان) بەزمانی حازر (تا خەمە ناخەکییەکانی بهێنێتەوە سەرەوە، تا خەون و ڕوانینەکانی ناوەوەی بدرکێنێ)[١٥]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە نووسەر دەیەوێت زیاتر لە ڕێی کردارەوە پەیام و جیهانبینیی خۆی بگەیەنێتە خوێنەر، نەک لە ڕێگەی گوتاری ئایدیۆلۆجییەوە.

نووسەر وەکو مرۆڤێک، کە کوردبوونی ڕێککەوت بووە، بەرگریکردنی لە مافە ڕەواکانی میللەتی کورد، گەلێ دوورە لە دیدی نەتەوەپەرستێکی تەسکبینەوە. بەگشتی نووسەر لە چیرۆکەکانیدا (بەم چیرۆکەشەوە)، خەباتی نەتەوەیی هێندە قورس و چڕ کردووەتەوە، خەباتی چینایەتی شاردووەتەوە و ناسنامەی چینایەتیی کەسایەتییەکانی ونە. دوا هەڵوێست، کە کەسایەتییەکە دەری ببڕێت وەستانەوەیە، یا زیاتر مەیدان چۆڵکردنە بۆ خاوەن کۆشک و تەلارەکان و هەموو ئەوانەی بڕیاری چارەنووسی ملیۆنەهای وەک ئەمیان بەدەستەوەیە. هەربۆیە لە داخی ئەو بێ سەرەوبەرەییە ناسنامە شڕەکەی (کوردبوون) تووڕ هەڵدەدات و پێیان دەڵێت:

– قەرەجایەتی هەزار جار لە بەهەشتەکەی ئێوە بەماناترە[١٦].

ئەو قەرەجی دەست شوێنە، واتە قەرەج لەدەست ئەو دەسەڵاتدارانەی ئەو شوێنەیان بەدەستەوەیە. قەرەجایەتی واتا گەڕاڵی و گەڕۆکی و لەبیرنەکردن و

عەودالّیی شوێن و کۆچکردن... چونکە (هیچ شتێک وەک کۆچ وات لێ ناکات بیر لە مانای شوێن بکەیتەوە)[١٧] و پێوەی پێوەست بیت.

**پەراوێزەکان:**

١- عەتا قەرەداغی، ئایا خانی فەیلەسووف و بیریار بووە؟، گەلاوێژی نوێ، ژ (٢٦)ی (٢٠٠١) ، ل٦٦.
٢- رێبوار سیوەیلی، مەستوورە لە روانگەیەکی ترەوە، دانیمارک (١٩٩٢)، ل١٢
٣- رامان ژ (٤١)ی (١٩٩٩)، ل١١٨.
٤- عەبدوڵا سەراج، لاکێشە رووناکەکان، دارالحریة للطباعة، بەغدا (١٩٨٠) ، ل١٠٧.
٥- هس ل١١٦.
٦- جەلیل محەمەد شەریف. چاوی هەتاو (کۆمەڵە چیرۆک) ، نووسینگەی عەبدولوەهاب، کەرکووک (٢٠٠٠) ، ل١٣.
٧- جەلیل کاکەوەیس، بۆنی ئەشکەوت (کۆمەڵە چیرۆک) ، چاپخانەی رۆشنبیریی، هەولێر، (٢٠٠٣) ، ل١٢٣ .
٨- هس ل١٢٤.
٩- هس ل١٢٢ .
١٠- محمد کامل الخطیب، الروایة والواقع. دارالحداثة، بیروت (١٩٨١) ، ص٤.
١١- بورهان قەرەداغی، دەسەڵاتی شوێن لە نمایشی شانۆییدا، گۆڤاری پەیک، ژ (١)ی (١٩٩٩) ، سلێمانی، ل٢٢.
١٢- د. علي ابراهیم، الزمان والمکان في روایات غائب طعمة فرمان، الاهالي للطباعة و النشر، دمشق (٢٠٠٢) ، ص٦٨.
١٣- سەباح ئیسماعیل، شوێن و چەمکی شوێن لە ئەدەبدا (بەشی یەکەم) ، نەوشەفەق، ژ (٨)ی تشرینی دووەمی (٢٠٠٣) ، کەرکووک، ل٤٦
١٤- جەلیل کاکەوەیس، بۆنی ئەشکەوت.... ل١٢٢.
١٥- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی رەنج، سلێمانی (٢٠٠١) ، ل٨٨-٨٩.
١٦- جەلیل کاکەوەیس، بۆنی ئەشکەوت..... ل, ١٢٦
١٧- بەختیار عەلی، کۆچ بەرەو ناشوێن (بەشی دووەم) ، رەهەند، ژ (١٤-١٥)، چاپخانەی رەنج، سلێمانی (٢٠٠٣) ، ل, ٥٢

# هەڵوەستەیەک لە بەردەرکەی "ژووری ناوەڕاست"دا

کـاتی خـۆی دیمـانەیەکم لەگـەڵ چیـرۆکنووس "عـەبدوڵا سـەراج" سـازدا، لەو دیمانەیەدا سـەرنجی بۆ نووسـەرێک ڕاکێشـام، کە لە دە دوازدە سـاڵی دابڕانم لە بڵاوکـراوەکـانی کـوردسـتـان، خـۆی پێگەیاندبوو و گـەرمـوگـوڕی و تینێکی تر بە چیرۆکی کوردی دابوو. بەو حسێبەی سەراج کۆتایی بە قۆناغی چیرۆکنووسی هێناوە و لای ئەو قۆناغی ڕۆماننووسیی برەوی پەیدا کردووە و تێکستی سەردەمە، دەربارەی جـێگرەوەی و ئـاڵا هەڵگرانی چیـرۆکی نوێی کـوردی، ئـەوانەی کــە داهێنانیـان لێ بەدی دەکرێت و مـەشخـەڵ و ئومێدی دوارۆژی چیرۆکی کوردین، دەڵێ (من چوار کەسم دەستنیشان کرد، ئێستاش ئەو چوار کەسە موبدیعن، کە ئەو کات زۆر نەناسرابوون. ئەو چوار کەسەش، ئەمانەن: شێرزاد حەسـەن، سەلاح عومەر، غەفوور ساڵح، جەلیل کاکە وەیس)(1).

بەدەر لەوەی ڕایەکەی سەراج سەنگی مەحەک نییە، لێ بەڕاستی ئەو سیانەم پێ پەسـەند و شـایان بوون. پێم پەسـەندتریش دەبوو ئەگەر نێوی (ئەحمـەد محەمـەد ئیـسمـاعیل)ی چیـرۆکنووسـیشـیـان لەگەڵدا بووایا. بەڵام بە نیـسـبـەت سـەلاح عومـەرەوە، هەڵوەسـتـەیەکم کرد و ڕامـام. چونکە لە نووسینەکانی دوور و بێ ئاگا بووم. بۆیە لـەو ڕۆژەوە لە کـوێ چیـرۆکی سـەلاح عـومــەرم بەرچاو کـەوتبێ، خوێندوومەتەوە. لە میانەی ئەو خوێندنەوانەمەوە بۆ چیرۆکەکانی سەلاح عومەر، لام ڕوون بووەوە، کـە سـەراجی بە ئـەزمـوون لە چیـرۆکنووسین لە خـۆڕا ئەم قسـەیەی نەکـردووە. ئـێـمـە لە بـەردەم چیرۆکنووسـێکی چالاک و خـامـە ڕەنگین داین، کـە بەردەوام لە هـەوڵی خۆ نوێکردنەوە و گەڕانە بەدووی بابەت و تەکنیکی نوێدا.

وا لێـرەدا، مـخـابن بـێ ئەوەی هیچ سـەرچاوەیەک لەسـەر چیـرۆکـەکـانی، یا

زانیارییەکم لەسەر نووسەر لە بەردەستدا بێت، خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکی "ژووری ناوەڕاست" دەکەم، کە ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی کوشتن لە دەقدا.

ئەم کورتە چیرۆکە باس لە ئافرەتێک دەکات، خۆی تەیار و ئامادە کردووە، کات و شوێنی چاوەڕوانیی خۆشەویستەکەی پێ بگەیەنن، بڕوات بۆ لای و بۆ یەکجاری شارەکە جێ بهێڵن. کاتێ کە دەڕوات، لە پشت دەرگەی ژووری ژواندا، یەکێک بە خەنجەرەوە بەهەمان چارەنووسی خۆشەویستەکەی دەگەیەنێت.

گێڕەرەوەی چیرۆکەکە گێڕەرەوەیەکی هەموو شتزانە و جار بەجار پێش ڕووداوەکان دەکەوێ و هەندێ شت هێشتا ڕوویان نەداوە، ئەو لە زانینیان بووەتەوە، وەکو (بڕیار بوو یازدە و چل و حەوت دەقیقەی تەواو بەدڵدارەکەی بگات و مرازی حاسڵ بێ)، یا (لە پشت دەرگەکەوە یەکێ چاوەڕێ بوو، سەعات یازدە و چل و حەوت دەقیقە شاڵاوی بۆ بەرێ).

وەکو ئەوەی قەدەری وابێ و بۆی بڕابێتەوە، یا لە چارەی نووسرابێ! (بە مانا مەزهەبییەکەی) مارکیزیش لە ڕۆمانی (سەرهاتی مردنێکی ڕاگەیەندراو)دا هەمان شێوازی پێش ڕووداوکەوتنی بەکاربردووە.. لێرەدا دەنگی نووسەر تێکەڵ بەدەنگی گێڕەرەوە کراوە، تەنانەت هەست بەبوونی گێڕەرەوە، ئەو کەسایەتییە خەیاڵییە ناکرێ و منی دووەمی نووسەر بزرە و تەنیا چیرۆکنووس خۆی لە مەیدانی گێڕانەوەدا ڕۆڵ دەگێڕێت. بۆیە (هەرگیز حیسابێ بۆ خوێنەر ناکات، کە ئەم چۆن ئاگای لەم هەموو شتانەیە. گوێیەکانی دەتوانن دەنگی کەسایەتییەکان ببیستن و پێش ئەوەی، کە ئەوان دەست بەقسە بکەن، چاوەکانی دەتوانن لە پشت دەرگە داخراو و پەردە تاریکەکانەوە ببینن)(٢).

بۆیە لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا ئەو هەستەت لە لا دەڕوێ، کە ڕووداوەکە پێشوەخت ڕووی داوە و ئێستا ئەم بۆمانی دەگێڕێتەوە. ئەمەش لە تاموچێژی نووسینەکە کەم دەکاتەوە. چونکە وەرگر بەردەوام حەز بەخوێندنەوەی چیرۆکێک دەکات، ڕووداوەکانی لای هەمووان نائاشکرا و نەدرکاو بێت و لەگەڵ ڕووداوەکاندا، کە شانبەشانی خوێندنەوەکە ڕوو دەدەن، بژین.

بەوە هەست دەکات ئەو یەکەمین کەسە شریتی نهێنییەکانی دەخرێتە بەردەست و بەر لەم کەس پەی بەرِایەڵەکانی چیرۆکەکە نەبردووە. ئەگینا ئەو شێوە گێرِانەوەیە، دەیگێرِێتەوە بۆ رِابردوو و وەکو ئەفسانە و چیرۆکی میللی وێنای دەکات. نەک هەر ئەمە، بەڵکو پێشوەخت ئەو شێوە گێرانەوە کرۆنۆلۆژییە (زنجیرەیی)، بەپێچەوانەی تاقە نۆڤلێتەکەی (لە وڵاتی تارماییدا)، کە تێیدا ریزبەندی کات پێرِەو نەکراوە و تێک شکاوە، دەیگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی، کە رووداوی کتوپرِ و گۆرِان لە چیرۆکەکەدا رِوو نادەن و چیرۆکەکە لەسەر هێڵێکی راستی درامی بە کۆتا دەگات. کەچی لێرەدا هەند بەوردی حیساب بۆ کات کراوە، دەزانین سەرجەمی کاتی چیرۆکەکە (٥٢) خولەکی تەواوە (لە ١٠و٥٥ خولەک دەست پێ دەکا و لە ١١ و٤٧ خولەک کۆتایی پێ دێت).

کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکەکە خولەک بەخولەکی چاوەرِوانییەکەی دەژمێرێت، تەنانەت لە چرکە خۆشەکانی ژیانیشیدا، چونکە ترس و تۆقین ئابڵووقەیان داوە، تا دوا چرکەش هەر لە ترس و دڵەراوکێدا دەژی و چاوەرِوانی و بارە دەروونییەکەی رۆڵی بەرچاو لە پێوان و بەرجەستەکردنی کاتدا دەبینن.

ئەو پەلەپەل و چرکە بەچرکە ژماردنە لە خزمەتی گەیشتنە بە شوێن. کات لە چیرۆکەکەدا بزێوە و بەردەوام لە جووڵەدایە، شوێنیش وەستاوە. هەر لەگەڵ گەیشتنە شوێنی مەبەست، کە ژووری ناوەرِاستە، چۆن ژیان بەیەکجاری بووەستێت، کاتیش دەوەستێ. هەرچەندە لەگەڵ دوا چرکەی کاتدا، کەسی سەرەکیی چیرۆکەکە بەناکامی دوا هەناسەی ژیان، کە ئومێدی دەکرد مێژوویەکی نوێی بۆ بنووسرێتەوە و ژیانێکی نوێی بۆ تۆمار بکرێت، لە دەست دەدات.

لەبەرئەوەی چیرۆکەکە باس لە توندوتیژی و دیاردەی نارِەوای کوشتنی ئافرەتان دەکات، جەللاد کە یەکێکی نەناسراوە، یا مێردی لە پێشینەی ژنەیە، یا برایەتی، یا باوکییەتی... بەلای نووسەرەوە و بەهەمان شێوەش بەلای خوێنەری هۆشیار و زرنگەوە گرینگ نییە کێ کوشتوویەتی، بەقەد ئەوەی بەلایەوە گرینگ بێت بۆ کوژرا!! ئەمرۆ لە کۆمەڵگەکەماندا دیاردەی تیرۆری ئافرەتان هێند بڵاوە و تەشەنەی کردووە، خەریکە دەبێتە عورف و عادەت و رەسمییەتی پێ دەدرێت.

ئەوەتا بە بەرچاوی هەمووانەوە، ڕۆژانە دەبینین یا دەبیستین یا دەخوێنینەوە، کچێک یاخۆ ژنێک بەدەستی مێردەکەی یا کەسوکاری دەکوژرێت، یا خۆی دەسووتێنێت. ئەمەش بەناوی شەرەف و لە ژێر پەردەی شەرەفدا ئەنجام دەدرێت. چونکە لای ئێمە (شەرەف ئەو بەهایەیە، کە موڵکی پیاوە و بەقەرز هەر لە زووەوە لەلای کچ دانراوە و دەبێ تا شوو دەکات تەقەت و خاوێن بیپارێزێ)[٣].

کەسایەتیی چیرۆکەکە ئافرەتێکە (لەم وەحشەتە خەریکە شێت دەبێ، ئیتر چاوەڕوانی بەسیەتی، پەیمانی دابوو هەر کە بەم ڕۆژە گەیشت بۆ جاری دووەم وەک کچێکی بەشوو نەدراو جلی بووکێنی لەبەر بکاتەوە. ئەی بۆ ئەو نەبێ و بۆ ڕۆژێکی وانەبێ، بۆ کێ و کەی بیپۆشێ؟)[٤].

ئافرەتێک بێبەش لە هەموو مافەکانی بەئینسانبوون، بەسەربردنی ژیانێکی دۆزەخ ئاسا و پڕ لە چەوسانەوە، ژیانێک تژی و لێوانلێو لە چەرمەسەری و بێبەش لە کەمترین خۆشەویستی، بۆ وەستانەوە بەرووی ئەو ناهەقی و زوڵم و زۆرەی بەرابەری دەکرێت، هیچی بۆ نامێنێتەوە، تەنیا چەکی ئەو، ڕەدووکەوتنە.

بێگومان ئەمەش بێ باج بەسەریدا تێ ناپەڕێ. چونکە تخووبی داوونەریتی کۆمەڵگەی بەزاندووە. دەبێ باجی ئەو هەڵوێستەی بداتەوە و خۆڕا بەسەریدا تێ نەپەڕێ. ئەگەرچی ئەو پێوەندییە خۆشەویستییەی ئەوان تایبەتە بەدوو کەسەوە و دەبێت خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، کەچی حوکم و دەسەڵاتی کۆمەڵ وا دەخوازێت ڕەزامەندیی یەکجاری لەوانەوە بێ و بەدەر لە ویستی کۆمەڵ ئەنجام نەدرێ!.

گوتاری سەرەکیی چیرۆکەکە و کەسایەتییەکە، هەڵاتنە لەو دۆزەخەی ئابڵووقەی داون و دەبێ ئاوی پێدا بکرێ. هەر لە سۆنگەی ئەمەشەوەیە پانتاییی چیرۆکەکە هێند تژییە لە ترس و تۆقاندن و دڵەڕاوکێ، ڕووداوەکان بەنهێنی ئەنجام دەدرێن و پێویست بەبێدەنگی دەکات.

چیرۆکەکە خاڵییە لە خۆدواندن و مەنەلۆگ و دیالۆگ. واتە خاڵییە لە ئامادەگی زمان و لە هەموو گوتارێکی عەقڵانی. پۆڵ ڕیکۆر دەڵێت (لە کوێدا زمان نائامادە

بێت، لەوێدا ئەگەری ئامادەگی توندوتیژی گەورەیە و لە کوێشدا زمان ئامادە بێت لەوێدا ئەگەری ئامادەبوونی توندوتیژی لاوازە)[٥].

هەر لە سۆنگەی ئەمەشەوەیە ترس باڵی ڕەشی بەسەر چیرۆکەکەدا داداوە (لە پشت دەرگەی ژووری ناوەڕاست یەکێ خۆی مەڵاس دابوو، چاوەڕێ بوو ئەو بگات) تا بیکوژێت.

ئەم پەرچە کردارە لەو کات و شوێنەدا و لە ژێر سێبەری ئەم کۆمەڵگەیەدا بەلامانەوە نامۆ نییە و بەپەرچەکرداری ئەو هەڵوێستە یاخیبووەی ئەوانی دەزانین، چونکە لای ئێمە هەرچەندە خۆشەویستی پیرۆزیی زیاتری پێ ببەخشرێ و ئایدیالیزە بکرێ، ئەوەندە زیاتر لە ژێر قامچیی هەڕەشەی مەترسیدا دەناڵێنێت[٦].

**پەراوێزەکان:**

١- دیمانە لەگەڵ عەبدوڵا سەراج، باسەرە، ژ(٩٩)ی ٢٨/٤/٢٠٠٥.

٢- جەمال میرسادقی، بڕوانە: نەجم خالید ئەلوەنی، بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٧٦-٧٧.

٣- شێرزاد حەسەن، شەرەف لە نێوان خێڵ و حزبدا، کتاب کردستان، ژ(٢)، تاران٢٠٠٣، ل١٦٦.

٤- سەلاح عومەر "ژووری ناوەڕاست" (چیرۆک) مێرگ، ژ(٢)، هەولێر , ٢٠٠٥

٥- مەریوان وریا قانیع، هاوڵاتی، ژ(١٦٢)ی ٢٥/٢/٢٠٠٤.

٦- دەستکاریی وتەیەکی ڕێبوار سیوەیلییە. بڕوانە: ڕێبوار سیوەیلی، لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی، دەزگای سپیرێز، دهۆک ٢٠٠٤، ل٧٦.

# خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکی ترپەی پێی شەو

"شیرین. ک" یەکێکە لەو ئافرەتە نووسەرانەی لە دوای ناوەندی حەفتاکانەوە بە بەردەوامی سەرقاڵی چیرۆکنووسینە و چیرۆک مامەڵەکەتێکی تایبەتی بۆ دروست کردووە، یا ڕاستتر بەخشتی چیرۆک مەمڵەکەتێکی تایبەتی بنیات ناوە. هەرچەندە شیعریش دەنووسێت، لێ هەر وەک چیرۆکنووس ناسراوە.

نکوڵی لەوە ناکرێت شیرین. ک، ئەحلام مەنسوور ئاسا چیرۆکەکانی بەرایی تەرخان بوون بۆ داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان و وەستانەوە بەڕووی چەوسانەوەی ئافرەتان لە سایەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا. پاشان شانبەشانی گۆڕانکارییەکان ناوەڕۆک و تەکنیکی چیرۆکەکانی ڕەوتێکی دییان گرتەبەر. لە دەرگەی گەلێک کێشە و ململانێی جیاجیایان دا. یەکێک لەو چیرۆکانەی، کە زمانەکەی زیاتر شیعرییە و بۆ بایەخدارکردنی زمانەکەی، شیعری تێکەڵ بە چیرۆکەکانی کردووە، چیرۆکی (ترپەی پێی شەو)ە.

نووسەر لەم چیرۆکەدا باس لە ئافرەتێک دەکات لە چاوەڕوانیی هاوسەرەکەیدا شەونخوونی دەکێشی و بە خەیاڵی ڕۆژانی ڕابردووەوە شەو بەسەردەبات. کاراکتەری دووەمی چیرۆکەکە گۆدۆیەکی نادیارە و هیچ لە بارەیەوە نازانین، کاراکتەری یەکەمیش ئافرەتێکە لەگەڵ کۆرپەکەیدا لە چاوەڕوانی گۆدۆی مێردیدا ڕۆژ دەکاتەوە. ئافرەتێک لە تەنیاییەکی قووڵدا دەژی، تەنیاییەک، کە تارمایی ترس و گومان بە دوای خۆیدا دێنێت، هەرچەندە ژنە ئەمەی پێوە دیارنییە، لێ لەو مەنەلۆگەدا ڕەنگدانەوەی ترس بەدی دەکرێت (لە پەنجەرەکەی ئەو ئەپارتمانەی بەرامبەری ڕوانی، تەنیا پەنجەرەکەی قاتی خوارەوە و دووانی سەرەوە ڕۆشن بوون (دیارە ئەوەیان زۆر مەست بووە و بیری چووە گڵۆپەکان بکوژێنێتەوە، دەنا لەم

ولاتەدا کارەبا بە چاوە...لەوانەیە ئەمەشیان کیژۆڵەیەکی تەنیا بێ و بترسێت لەوەی بە تاریکی بخەوێت)[1].

چونکە یەکسەر بیری ترس بەلای ئەو کیژۆڵەیە بە مێشکیدا دێت، دوور لە گەلێک بیروبۆچوون و وێناکردنی تر، دیارە ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەستی خۆیەتی و لە کچەی ئەپارتمانەکەی ئەوبەرەوە بەدی دەکات. ئەوەتا نازانین کابرا بۆچی نەهاتووەتەوە؟ هۆی دواکەوتنەکەی چییە؟ چ کارەیە؟

ئەمە و جگە لەوەی نازانین لە سۆنگەی چییەوە ژنە لە پیاوەکەی بە گومانە و نوقلانەی خراپ بە مێشکیدا دەگوزەرێت (دەبێ لە کوێ و لەگەڵ کێ بێ؟). وا لێرەدا دواکەوتنەکە خۆی لە خۆیدا گومانی خراپی لەلا دروست دەکات، ئەمەش لەو ڕەفتارەی دراوسێکەیانەوە دێت، کاتێک کە تەپەیەک بەرەو ماڵە دراوسێکەیان مل دەنێت ( چرکەی کردنەوەی دەرگەی ژوورەکەی تەنیشتی هاتە گوێ، دەنگە دەنگ و مشتومڕ بەزمانێک، کە ئەم لێی تێ نەدەگەیشت بەرز بووەوە، ئینجا پێکەنین و بە توندی دەرگەکە بە یەکدا درا و دەنگەکان کپ بوون....) ل١٧.

لە پاش ئەم هەڵوێستە یەکسەر گومانی ئەوەی لە لا دەڕوێت (دەبێ لە کوێ و لەگەڵ کێ بێ؟)، بێگومان ئەمەش هەر ڕەنگدانەوەی گومانی پاڵەوانە بەرامبەر بەوی تر، ئینجاش کاریگەریی ڕەنگدانەوەکەیە لەسەر هزری خۆی. کە ئەمەش زیاتر لە کاراکتەرێکی بێ ئیرادە و تەریک کەوتووی وەک کاراکتەرەکەی لەمەڕ خۆمان بەدی دەکرێت. ژنە خۆی پێویستی بەگەرمکردنەوەی هاودەم هەیە، بۆیە تەنانەت لە فلاشباگەکەیشیدا دەیەوێت ئەمە بچەسپێنێت (پێخەفەکانی هێنا، ڕای خست، سەرینەکەی ئەوی هێنا و پاڵکەوت، باوەشی پیا کرد، بە قووڵی پڕ بە سییەکانی بۆنی سەرینەکەی کرد، ماچی کرد، پێڵووەکانی لێک نا...) ل١٧.

ئەو ژنە چونکە پێشتر تامی ئەزموونی خۆشەویستیی چەشتووە، دەزانێت بە لەدەستدانی مێردەکەی چی لە کیس دەچێت. بۆیە بە درێژاییی شەو لە چاوەڕوانیدا دەتلێتەوە و ئەو ترس و لەرزەش، ترسی لە دەستدانی مێردەکەیەتی، ترس لە تارماییی داهاتێکی بێ بەزەیی، کە بەڕێوەیە. ژنە لەو بۆشاییەدا دەیەوێ بە بیرکردنەوە لە شەوێک لەو شەوانە پڕ بکاتەوە، کە لە چاوەڕوانی تەپەتەپی پێیدا

هەناسەی لە خۆ بڕیبوو و تەپەتەپی دڵی لە گوێیدا دەزرنگایەوە. مێردەکەی دێتەوە، قەتماغەیەک لە بۆنی سپرتۆ و دەرمانی لە خۆ گرتووە، سەرەڕای ئەو ئارەقەیەی گیانی، کە هەراسانی کردبوو، بە قەڵەمبازێ خۆی گەیاندێ و باوەشی پیا کرد.

کات لەم چیرۆکەدا لە وەستانەوە نزیکە و زۆر بە سستی و خاوی دەڕوا (هەردوو چاوی لەسەر سەعاتی قەد دیوارەکە مەیی، ڕووی گرژ کرد "ئەوە سەعات چەندە!؟ تازە نایەتەوە").

ئاوێزەی دەق زۆر جار دەبێتە کلیلی بابەتەکە، واتە (لە دەقی زیندوودا ناونیشان دەوری کلیل دەبینێت بۆ کردنەوەی دەقەکە و شۆڕبوونەوە بۆ ئاستە نادیارەکانی)(٢).

لێرەدا ناونیشانەکەی لای وەرگر زیاتر دوو هێما بە دەستەوە دەدات:

١- وا دەزانێت چیرۆکێکی سیاسییە و باس لە نهێنیکاری دەکات.

٢- هەر لە دەستپێکەوە بڕیاری ئەوە دەدات، کە چیرۆکێکی سێکسئامێزە.

نووسەر ئەو ناونیشانەی زیاتر لەبەر ئەوە بەکار هێناوە، چونکە ناوێکی شاعرییە و چەند جارێک لە دەقەکەدا ترپە دووبارە بووەتەوە.

بۆیە لە پاش خوێندنەوە دەگەیتە ئەو قەناعەتەی، کە ترپەی پێیەکە ئاماژەی بەردەوامی و چاوەڕوانی بە حاڵەتەکە دەدات (ترپەی پێیەک بەئاشکرا لەبەر هەیوان و ناو هەیوان و لە ناو دڵیدا لەسەرخۆ دەهات و دەچوو) ل١٧١، یا (تا خەو بردییەوە، ترپەی پێ و مۆسیقای ترسناکی هەورە گرمەکان گەمەیان پێ دەکرد) ل١٧٢، یاخۆ (خەو بردییەوە بەیانی ترپەی پێیەکی ڕاکردوو، ڕاونراو، شپرزە لەبەر دەرگە و لە ناو گوێیدا هەر پێکوتەی بوو) ل١٧.

شوێن لە چیرۆکەکەدا شوێنێکی ئاشنایە و لە هەمان کاتیشدا شانۆییە، چونکە جووڵەی تێدا نییە و بەدرێژایی چیرۆکەکە هەر هەمان شوێنی بێ جووڵەیە، پانتایی جووڵەی پاڵەوان ژوورێکە، واتە تایبەتە، شوێنی تایبەتیش بەپێی پێناسەی ئەرستۆ (لە یەک تەن و تەنیا کاتێک زیاتر ناگرێتە خۆی)(٣).

هەرچەندە ناونیشانی چیرۆکەکە ئاماژە بەجووڵەیەکی بەردەوام دەکات، لێ

گۆڕانکاریی تێدا بەدی ناکرێت، بۆیە زۆر بە ئاسانی دەکرێت ئەم چیرۆکە بگۆڕێت بەشانۆنامەیەکی مۆنۆدرامی و نمایش بکرێت.

نووسەر لەم چیرۆکەدا (زۆر لە کەسایەتییەکەوە نزیک دەبێتەوە، تا دەنگی تێکەڵ بە دەنگی ئەو بکات و هزر و بیری بە هزر و بیری ئەو و زمانی تێکەڵ بە زمانی بکات)(٤) کاراکتەر کەسێکی ئۆقرە لێ براوە، هەر کاتێک پەنجەرەکە دەکاتەوە، چاوی لە دنیایەکی ترە، دنیای دەرەوەی ژوورەکەی، ئەو دنیایەی مێردەکەی لە خۆ گرتووە و ئێستا شەوی لێ ڕۆژ دەکاتەوە، پەنجەرەکە دەبێتە دابڕێک لە نێوان دنیای ئەو و دنیای مێردەکەی، لە هەمان کاتیشدا پەنجەرەکە دەبێتە ئامرازی پێوەندی لە نێوان جیهانە تایبەتەکەی و جیهانی دەرەوەدا. دەیەوێت ئەڵتەرناتیڤێکی تر بۆ پێوەندیکردن بە دەرەوە و دەرچوون لەو جیهانە تایبەتە بە ڕادیۆکە جێ بکاتەوە، کاتێک ( دەستی دایە ڕادیۆ بچووکەکە، میلەکەی گۆڕی لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر، لەوسەرەوە بۆ ئەمسەر، دەنگی مۆسیقایەکی ترسناک میلی ڕادیۆکەی لەسەر وێستگەیەک پێ وەستاند، مۆسیقاکە بەرەبەرە کزبوو، ترپەی پێی هەنگاوی بە پەلە بەسەر مۆسیقاکەدا زاڵ بوو، قیژەی ژنێکی تۆقیو مۆسیقاکەی کەرت کرد، ساواکەی بە دەم گریانەوە خەبەری بووەوە، بەپەلە ڕادیۆکەی کوژاندەوە و..) ل١٧٢.

لێرەدا تەنانەت ترپەی پێ بەسەر هێمنترین ئاوازی مۆسیقادا زاڵ دەبێ و مۆسیقاکەی لێ نامۆ دەکا و دەتۆرێنێت. ترپەی پێ لە بری ئارامی و دڵنەواییەکی پێ ببەخشێت، جێگەی ترس و دڵەڕاوکێ و نائارامییە.

**پەراوێزەکان:**

١- ئاینده ژماره (٤٩)ی ٢٠٠٣، ل١٦٩.

٢- عەتا قەرەداغی، گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٢٦.

٣- سەباح ئیسماعیل - شوێن و چەمکی شوێن لە ئەدەبدا، بەشی دووەم، نەوشەفەق ژ(٩)ی ، ٢٠٠٣، ل٤٤.

٤- ياسين النصير-اشكالية المكان في النص الادبي-دار الشؤون الثقافية العامة - بغداد ١٩٨٦، ص٧٣.

## دوو چیرۆک لە دادگایەکدا

گەلێک جار ڕێک دەکەوێت ڕۆمانێک، یا چیرۆکێک دەخوێنیتەوە، هەر لەگەڵ خوێندنەوەیدا لە پەردەی بیرتدا کاڵ دەبێتەوە و لە دوای خوێندنەوەی مەرگی خۆی ڕادەگەیەنێت. زۆر جارانیش ڕێککەوتووە ڕۆمانێک، یاخۆ چیرۆکێک دەخوێنیتەوە لە ئەستتدا دەمێنێتەوە و لە شێوەی فلاشباک بە مێشکتدا گوزەر دەکا و ناوبەناو بە شێوەیەک لە شێوەکان سەر هەڵدەداتەوە و لە پانتاییی هزرماندا جێگەیەک بۆ خۆی کۆنترۆڵ دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو دەقە کاریگەریی خۆی لامان جێ هێشتووە و لە ساتی خوێندنەوەدا هێند کۆمەڵایەتی بووەتەوە، لەگەڵماندا ژیاوە و ئێش و ئازارەکانی ڕاژەندووین، چون ئەویندارێک کۆژانەکانی لە نامەیەکدا خەست دەکاتەوە و بۆ دڵدارەکەی دەنێرێت، ئەو دەقەش هەمان کاریگەریی ئەو نامەیەی دەبێت.

جوانترین و کاریگەرترین چیرۆکی کوردی، کە بەر لە چەندین ساڵ خوێندوومنەتەوە و ڕووداو و چێژی تایبەت بە خۆیان لەلام بەجێ هێشتبێت، دارەکەی بەرماڵمانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و چای شیرینی حوسێن عارف و ئامێردەکانی موکری و بریاری عەبدوڵا سەراج و دووربینی حەمە فەریق حەسەن و گوڵی ڕەشی شێرزاد حەسەن و ئەفسانەی ڕێگەی هات و نەهاتی ڕەووف بێگەرد و پاکەتێ جگەرە و قوتوویەک شیری ئەحمەد سەلامن. لە هەمووشیان زیاتر ئەم چیرۆکەی دواییانە، کە ئەو کات خۆزگەم دەخواست بمتوانیبایە چیرۆکێکی لەو بابەتە بنووسم، یاخۆ نووسەرەکەی خۆم بوومایە..

ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کە لەوکاتەدا تارمایی ئایدیۆلۆجیای مارکسیزم بەسەر ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەدا زاڵ بوو، نەخوازەڵا چیرۆکەکەش

باس لە کرێکارێکی بێ کار دەکات، برسێتیی کۆرپەکەی و حەزی جگەرەکێشان وای لێ دەکەن، بچێتە دووکانی حاجییەکی ناسیاوی خۆیەوە و پاکەتێ جگەرە و قوتوویەک شیر بدزێت. هەڵبەت جوانی و سەرکەوتوویی یەک بە یەکی چیرۆکەکان (لە سەردەمی نووسیندا نییە، بەڵکو لەو بەها و تێڕوانینەدایە، کە دەقەکە هەڵگریەتی)(١).

ئەوەی زیاتر وای کرد ئەو چیرۆکە لە یادەوەریمدا بمێنێتەوە، ئەو دوو ڕەخنە لاواز و ڕووخێنەرانە بوون، کە دوا بە دوای بڵاوکردنەوەی لە چیرۆکەکە گیرابوون(٢).

بەتایبەت ڕەخنەکەی مستەفا سالح کەریم، کە دەڵێت (لەم چیرۆکەدا شتی وای تێدا نییە، کە لەوە بچێ ئەم کارە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕوو بدات، ئایا دەبێ لاوێک بیر لەوە بکاتەوە، کە بەهێز و بازوو و عارەقی نێوچەوانی بکەوێتە جەنگ لەگەڵ ژیاندا، بۆ نان پەیداکردن، یان پەنا بەرێتە بەر (دزی)!؟ بۆچیش؟ بۆ پاکەتێ جگەرە و قوتوویەک شیر، یەکەمیان ئەگەر دەست نەکەوت کەس بۆی نامرێ، دووەمیشیان دەتوانێ لە خەستەخانەی شیرەکە وەری بگرێ. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە مەسەلەی ڕاوەستانی کوڕە گەنجەکە لە مەیانەکە و ئیش دەست نەکەوتنی شتێکە دەبێ چەند جارێ خوێنەر پێیدا بچێتەوە و ئەوساش هەر نایسەلمێنێ)(٣).

محەمەد ئەحمەدیش دەڵێت: (هەرچەندە لەم چیرۆکەدا چارەسەری بۆ نەدۆزیوەتەوە و بە شێوەیەکی – تەقریری – باس دەکا، کە دەیەوێ بڵێ: کێ لەو پەروەردەیە لێپرسراوە)(٤).

ئەم جووتە ڕەخنە لە ڕێ لادەر و ڕووخێنەرانەی ئەو سەردەمە، باشترین بەڵگەی چەواشەکاری و خزمەتکردنن بە چینی دەسەڵاتدار و دەرگەوان ئاسا ماڵی سەرمایەیان پاراستووە. بە هەمان ڕادەش نیشانەی سووکایەتی و بە کەم زانینی خەباتی چینایەتیی کرێکاران و خەڵکە زەحمەتکێشەکەیە.

ئا لەو کاتەدا تەنیا حەمە سەعید حەسەن لەسەر یەکێ لە هەرە باشترین چیرۆکەکانی کۆتاییی حەفتاکان (پاکەتێ جگەرە و قوتوویەک شیر) هاتە وەڵام و پوختەی وەڵامەکەی (چیرۆکێکی باش و ڕەخنەگری خراپ) بوو.

ئەوەی مایەی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەر کردنە، ڕەووف حەسەنی چیرۆکنووس و لێکۆڵەر لە کتێبی (کرێکار و چیرۆکی کوردی)دا دوور و نزیک ناوی ئەم چیرۆکە کرێکارییەی نەهێناوە، جا نازانم بە دەستی ئەنقەست ئەمەی کردووە، یاخۆ کەسایەتییەکە بە کرێکار دانانێت!، چونکە بە درێژایی حەوت مانگ بێ کارە و لە کرێکاریی دامالڕاوە. ئەمەش لەو کاتەدایە کە دوو جار ناوی چیرۆکی (خالێک لە پاش ژمارەوە)ی ڕەووف بێگەر دێنێت، کە لە هەمان کۆواردا بڵاو کراوەتەوە[٥].

لەم دواییەشدا لە دوا کتێبی د. نەجم خالید ئەڵوەنیدا (تەکنیکی دیالۆگ)، باسی تەکنیکی دیالۆگ لەم چیرۆکەدا کراوە، نووسەر هەند تیژ تێپەڕ گوزەری بەسەر چیرۆکەکەدا کردووە، بە ڕادەیەک بایەخی بەناوەڕۆکی چیرۆکەکە نەداوە و بەوردی نەیخوێندووەتەوە، چونکە بە درێژایی چیرۆکەکە ناوی کەسایەتییەکە نەهاتووە، کەچی د. نەجم ئەڵوەنی بە (مەحموود)ی ناو دەبات[٦].

کە لە ڕاستیدا ئەمە ناوی هاوڕێکەیەتی ، نەک کەسایەتییەکە (شیرینی خێزانی قسەکانی مەحموودی کۆنە هاوڕێی بۆ دەگێڕایەوە، کە چۆن بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە، کاتێ چووەتە لای و داوای لێ بکا ببێ بە کەفیلی)[٧].

ئەم هەڵەیەی د. نەجم ئەڵوەنی کە نیشانەی پەلەیی و لە کۆڵکردنەوە و گوێ پێ نەدانە، تارماییی گومانێکمان لەسەر میتۆدی زانستییانەی لێکۆڵینەوەکەی و ئەوانی پێشووشی لە لا دروست دەکات.

***

لەو چیرۆکەوە تا نهۆ چیرۆکنووس ئەحمەد سەلام لە چیرۆکنووسین بەردەوامە و کۆڵی نەداوە، ئاخۆ تا چەند ئەحمەد سەلام ئەم هونەرەی بەرەو پێش بردووە و تا چەند تێیدا سەرکەوتوو بووە؟ یاخۆ لە شوێنی خۆی پێڕەوکێ دەکا و ڕوحی چیرۆکەکانی لە گیانەڵادان؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە گەشتێک بەدوا چیرۆکی نووسەردا دەکەین و بە بەراورد بە چیرۆکی (پاکەتێ جگەرە و قوتوویەک شیر)، دەتوانین هەندێ زانیاری هەڵێنجێنین و بزانین تا چەند لە بازاڕی تازەگەریدا کوتاڵی چیرۆکەکانی ڕەواجیان هەن. تازەترین چیرۆکی نووسەر، چیرۆکی (دادگاییکردنی شۆڕەژنێک)ە[٨].

## کورتەی چیرۆکەکە:

دایکی پێشمەرگەیەک چەند جارێک لە شارەوە بۆ بینینی کورەکەی ڕێگەی مەترسی دەگرێتە بەر. لەو ماوەیەدا پێشمەرگەیەکی هاوڕێی کوڕەکەی دەچێتە دڵەوە و هەندەی (شێرە)ی کوڕی خۆشی دەوێت، لە شەڕێکی دەستە و یەخەدا شێرەی کوڕی لە پێناو ڕزگارکردنی جوامێردا شەهید دەبێت، پاشان جوامێر دەبێتە یەکێک لە گەورە سەرمایەدارەکانی شارەکە، پیرەژن بۆ دۆزینەوەی کار بۆ کوڕەزاکەی دەچێتە لای، ئەو خۆی لێ نەزان دەکات و بە نائومێدی دەیگەڕێنێتەوە. سەرەڕای ئەمانەش یەک دوو جار بووکەکەی لەگەڵ جوامێردا دەبینێت، تا ڕۆژێکیان دەمانچەی کوڕەکەی هەڵدەگرێت و دەچێت بە سەریاندا. بووکەکەی لە پەنجەرەکەوە خۆی فڕێ دەدات و.. جوامێریش بەر گوللەی پیرەژن دەکەوێ و لە پێ دەکەوێت. دواتر خۆی بە دەستی پۆلیسەوە دەدا و دەدرێتە دادگا.

ئەم چیرۆکە هەمان شوێن و هەمان کەشوهەوای چیرۆکی (پاکەتێ جگەرە و قوتوویەک شیر)ی تێدا دووبارە بووەتەوە، شانۆی چیرۆکەکە دادگایە. لە هەردوو چیرۆکەکانیشدا کاراکتەری سەرەکی چون تاوانبارێک لە قەفەس نراون و لە ژێر گوشاری هەڕەشەی حوکمدان و تەنیا ئەگەرێک بەدەستیانەوە مابێت، بەرگریکردنە لە خۆ لە هۆڵی دادگە.

لە چیرۆکی یەکەمدا، بە دیدی یاسای باوی دەسەڵاتداران، چونکە دزییەکەی هەڕەشە لە ئاسایشی وڵات دەکات و لەبەرئەوەی حەوت مانگ دەردی بێ کاریی چەشتووە، حەوت مانگیش دەیبەنە بەندیخانەوە (بۆ ئەوەی دادخوایی لەم شارەدا پێشێل نەکرێ، بڕیارمان دا ماوەی حەوت مانگ لە بەندیخانەدا بەرێتەسەر، دەبێ هەر ئێستاکەش پاکەتە جگەرەکە و قوتووە شیرەکە بدرێتەوە حاجی عەلی)[٩].

واتا بێکارییەکەشی بە تاوانێکی گەورە دانراوە، خۆ ئەگەر یەک مانگ بێ کار بوایا ئەوا دادوەر بە یەک مانگ حوکمی دەدا، کە لە ڕاستیدا ئەوە ڕێژیمەکەیە، دەبێ باجی تاوانی بێکاری بداتەوە، نەک خەڵکانی بەشمەینەت.

هەموو ئەمانەش لە کاتێکدا پیادە دەکرێن، کە چەندین خێزانی بێ کار و بێ

دەرامەت، هەژاری و برسییەتی چاوشارکێی مەرگیان وێرا دەکەن، کەسانێکیش لەسەر حیسابی ئەرک و ماندووبوونی ئەوان لە خەمی سەرمایە کۆکردنەوە و بەگەڕخستنی ماشێنی زەبەلاحی سەرمایەدان.

چیرۆکی دووەم (دادگاییکردنی شۆڕەژنێک)، باس لە ململانێی چینایەتی ناکات، بەڵکو پرسی شەرەف، یاخۆ ناموسپەرستی، ئەو بناغەیەیە، کە بینای چیرۆکەکەی لەسەر ڕۆنراوە.

یەکێ لەو کێشانەی ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبێتەوە، مانەوە و شوو نەکردنیانە، لە سۆنگەی بەشوودانیان، یاخۆ ڕێگری دروستکردن لە شووکردنی ئەو ژنانەی مێردەکانیان بەر لەوان ژیان جێ دێڵن، کە ئەمیان گرفتێکی گەورەیە و لە کۆمەڵی ئێمەدا، ژنی پیاو مردوو زۆر ئەستەمە جارێکی تر بتوانێت شوو بکاتەوە.

وا دیارە کاراکتەری سەرەکیی چیرۆکەکە (مینا عەزیز گەرمیانی)، کە نووسەر بە شۆڕەژنی ناو دەبات، خۆیشی بە هەمان دەردی بووکەکەی چووبێت و مێردەکەی لەدەست دابێت و لە سۆنگەی کوڕەکەیەوە شووی نەکردبێتەوە، بۆیە هێند بە توندی پێ لەسەر ئەو پرسە دادەگرێ و بەردەوام چاوی بەسەر بووکەکەیەوەیەتی.

هەر ئەم هۆکارەشە وای لێ دەکات دەست بداتە دەمانچەی کوڕە شەهیدەکەی (کە لە داری دنیا ئەوەم بە میراتی بۆ جێ مابوو)(١٠) و هەوڵی کوشتنی بووکەکەی و جوامێر دەدات. لێرەدا دەتوانین ئەوە هەڵێنجێنین، کە مانەوە و بەکارهێنانی دەمانچەکە، گوزارش لە زاڵبوونی عەقڵی شاخ بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەکات، کە تەنیا ئامرازە بە باشی دەزانێت بۆ کۆتایی هێنان بەو مەسەلەیە. پیرەژن وەکو داننان و شەرعیەتدانێک بە یاسا، دەچێت لە پۆلیسخانەیەک خۆی بەدەستەوە دەدات، بە دوور لەوەی ئەو هۆشیارییەی هەبێت، کە ڕێی تێدەچێت لایەنی دووەم، چونکە سەرمایەدار و خاوەن دەسەڵاتە، دەتوانێت پیرەژن بەتاوانبار دەربکات و خۆیشی وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت.

هابرماز لەم بارەیەوە دەڵێت: (تاوانبار بوونی نابێت، ئەگەر پارێزەری زیرەک و شارەزا هەبێت، کەواتە تاوان بوونی نییە، بەڵکو پارێزەرەکان خراپ و نەشارەزان).

ئەمــە لایەنێکی تراژیدی گــەمــەی دیموکــراسی و یاســایە، کــە زۆر مــاف و تاوان دەشێت لەو پێچەدا جێگەی خۆیان بکەنەوە و خۆیان پەردەپۆش بکەن.[١١]

هەڵبەت من لای خۆمەوە، لە سەرەتاوە ئەو ماف بەخۆدانی کوشتنەم لە پیرەژن سەندووەتەوە، چونکە (نە چینی دەسەلاتدار و نە کۆمەڵگە بۆیان نییە، ئینسانێک لە مافی ژیان بێ بەش بکەن، ئەوە چ جۆرە کۆمەڵگەیەکە، کە هیچ ئامرازێک بۆ پاراستنی خۆی بێجگە لە جەللاد ناناسێ؟)[١٢].

هەڵبەت ئەوەی پیرەژنی فێر کردووە و ئەو مافەی پێ ڕەوا بینیوە، کە بۆی هەیە لە پێناوی شەرەفدا ژیان لە ئینسانەکان بسەنێتەوە، کۆمەڵگە و دەسەلاتە، یا ڕاستتر بیری باوی دەسەلاتدارانە، کە هەمیشە مافی ئەوە بە خۆی و لە هەندێک حاڵەتیشدا ڕێگە بە کۆمەڵگە دەدات ژیان لە ئینسانەکان بسەننەوە، چونکە سزای لەسەر شەرەفکوشتن لای ئێمە جگە لەوەی، کە بە ئازایەتی و جوامێری دادەنرێت، هەند سووک کراوەتەوە، لەگەڵ قسەکانی (نۆرما خوری) دا ڕاست دێتەوە، کاتێک گوزارشت لە پێشێلکردنی مافی ئافرەت و بێ مافی ئافرەتانی ئوردنی دەکات، دەڵێت: (کەسێک لە کاتی ئۆتۆمبێل لێخوڕیندا قایشی سەلامەتی نابەستێت، سزاکەی توندترە لەو کەسەی کە کوشتنێک لەسەر شەرەف ئەنجام دەدات. کەسێک بەئاشکرا جنێو بە مەلیک بدات، دەسبەجێ دەخرێتە زیندانەوە، کەچی ئەو کەسەی، کە ئافرەتێک لەسەر شەرەف دەکوژێت زیاتر لە سێ کاتژمێر لە بەردەم دادگای شەریعەدا بەسەر نابات)[١٣].

چەندە شەرەف بالادەست بێت، هێندە زیاتر لەگەڵ خۆیدا بێ مافی بۆ ژنان دێنێت. واتە شەرەف وەکو کۆدێک بۆ بێدەسەلاتی و کۆیلەکردنی ئافرەتان ڕۆڵی کارا دەبینێت. ئەمەش لە ڕێگەی کەسانی ناهۆشیارەوە پیادە دەکرێت، چونکە هەند بەڕایەڵە دەزووی نەبینراوە و بەداوونەریتی کۆمەڵگەوە پێوەستن، کاردانەوەیەکی توندوتیژ و ترسناکیان دەبێت. لە هەمان کاتدا لە لای کەسانی هۆشیار و ڕۆشنبیر، کە بە شێوەیەکی هێمنانەتر و عەقلانیتر کاردانەوەی دەبێت و ئەوەی کە ناشێ بیری لێ بکاتەوە کوشتنە، بەڵکو جڵەو بۆ ئاوەزی شل دەکا و بڕیارەکانی شانبەشانی هەڵچوونەکەی سەرناکەن. (ڕۆژێکیان زانی ژنەکەی خەیانەتی لێ

دەکـات، لەبری ئەوەی وەک پیـاوانـی تر پەلامـاری چەقـۆ و تفـەنگ بدات، پەلامـاری فلووتە کۆنەکەی دایەوە).[١٤]

نووسـەر هـەر لە ناوونیشانی چیرۆکەکەوە (دادگاییکردنی شۆڕەژنێک) لایەنگیری خۆی بۆ کاراکتەرەکە (شۆڕەژن) ناشارێتەوە و بە ئاشکرا چەند جارێک لایەنگیریی خـۆی ڕادەگـەیەنـێت (هۆڵەکە دەتوت لە جێـی خـۆی دەلەرزێتـەوە، کـاتێ ئـافـرەتێکی کورتە بنـەی سـەر و قژ سـپی.. بەسـالاچووی دەمـوچاو چرچ و لۆچ، بەڵام تـا بڵێـی سـەروسـیمـا نوورانی)[١٥]، یاخۆ (ئافرەتەکە بەسـەربەرزییەوە لە دەوروپشـتی خـۆی دەڕوانی، ئـەو سـەرەی بەرزی کـردبـووەوە، دای نەدەچـەمـاند)[١٦]، (ئـاخــۆ دەبێ هـەفتـەی ئاینده چ داد و یاسایەک فریای ئەم شۆڕەژنە بکەوێت..؟؟)[١٧].

لایەنگیریی نووسـەر هـەوڵدانە بۆ ڕاکێشـانی وەرگر بەلای کـەسـایەتییـەکـەدا، تا هـەر لە سـەرەتاوە جیـهـانبـینی ئەو بەرابـەر لایەنی چاک و خـراپ لـە چیـرۆکـەکـەدا ئاشکرا دەکات، شتـەکانی لای خـۆیەوە بڕیوەتەوە و یەکلایی کردووەتەوە، ئەمـە لە کاتێکدا کە لایەنگیریی نووسـەر لە چیرۆکدا لەسـەر حسێبی چیرۆکەکەیە و یەکێ لە خـاڵە لاوازەکانی چیـرۆکەکە بەدەسـتـەوە دەدات و دەسـەڵاتی دیکتـاتۆریی نووسـەر ئاشکرا دەکـات. بە پێـچـەوانەشـەوە، بێـلایەنیی نووسـەر کـارکـردنـە لەسـەر بەگەڕخسـتنی هۆش و مەعریفەی وەرگر، بۆیە هـەمیشە (بێلایەنیی نووسـەر کار بۆ ئەوە دەکات، کە ڕێگە لە بەردەم خوێنەردا کراوە بێت)[١٨].

سـەلاح عومـەری چیرۆکنووس لە چیـرۆکی (ژووری ناوەڕاست)دا، کە کار لەسـەر هـەمـان هـەڵوێسـت دەکات، هێند بایەخی بە وردەکارییەکـانی کوشـتنی ئافرەتەکە نەداوە و پێمـان ناڵێت کێ کوشتوویەتی، (مێردەکەی، بابی، براکەی، کەسوکاری؟) ئەوی بەلایەوە گرینگ و جێی هـەڵوەستە لەسـەرکردنە، هۆی کوشتنی ئافرەتەکە بوو (بۆچی کوژرا؟) تا خوێنـەر خۆی بڕیار لەسـەر هـەڵوێسـتی کەسـایەتییـەکان بدات و بڕیـارەکـان لـەوەوە دەربچن. (بڕیـار بوو یازدە و چل و حـەوت دەقـیـقـەی تـەواو بە دڵدارەکەی بگات و مـرازی حـاسڵ بێ)، (لـە پشت دەرگـەکـەوە یەکێ چاوەڕێی بوو، سـەعات یازدە و چل و حەوت دەقیقە شالاوی بۆ بەرێ)[١٩].

کەچی دەسـەڵاتی لایەنگیری لە چیرۆکی (دادگاییکردنی شۆڕەژنێک)دا هێندە بە ئاشکرا زاڵە، ڕێگەی بەرگری لە خۆکردن لە دادگەی لە تاوانبار (جوامێر) بڕیوە و هیچ بوارێکی بۆ قسـە لەسـەرکردن و دیالۆگ نەهێشـتـووەتەوە، کە ئەمـە بۆ خـۆی ڕەتکردنەوە و ڕەفـزکـردنی ئەوی ترە و دژوەسـتـانەوەی نووسـەر خـۆی بەرابەر بەو کاراکتەرە (جوامێر) بەدی دەکرێت.

**ئەنجام:**

١- لە بەراورد لە نێوان چیـرۆکی یەکـەم و دووەمدا، دەگـەینە ئەو ئەنجـامـەی، کـە کاراکتـەری چیـرۆکی یەکەم (پاکەتێ جگەرە و قـوتوویەک شـیـر)، کەسـێکی هۆشـیـارە و ڕەنگدانـەوەی هزری بزووتنـەوەی کـۆمـەڵایـەتیی شـارە، کـەچی کـاراکتـەری چیرۆکی دووەم (دادگاییکردنی شـۆڕەژنێک) زادەی بزووتنەوەی شاخە (لادێ) و هەڵگری ئایدیۆلۆجیایەکە، کە بۆ ماوەی سەردەمی فیوداڵییە و لە بەرزاییی شاخەکانەوە دابەزیوەتە ناو کووچە بە کووچەی شارەکانەوە.

٢- چیرۆکەکە هەر لەگەڵ یەکەم خـوێندنەوەیدا خۆی بەدەستـەوە دەدا و هیچ کۆد و نهێنییەکی لەلا بەجێ نامێنێت و دەیداتە دەسـتی وەرگرەوە، مـخـابن ئەمە یەکێ لە سـیـفـەتە هـەرە باوەکـانی چیـرۆکی کـوردییـە و لە گـەمـەی تەکنیکی دوور دەخاتەوە.

٣- نووسەر دەیەوێت کەشوهەوایەکی شۆڕشگێڕانە بەسەر چیرۆکەکەدا زاڵ بکات، بێ ئاگا لەوەی پەڵە هەوری هزری کۆن بەری ئاسمانی چیرۆکەکەی گرتووە.

٤- لایەنگیـریی نووسـەر لە چیـرۆکـەکـەدا بـواری بۆ دروسـتکردنی پرسـیـار نەهێشتـووەتەوە، چونکە خـۆی وەڵامی پرسـیـارەکان دەداتەوە، کە لە ڕاسـتیدا ئەمـە ئەرکی چیـرۆک نییـە و ئەرکی چیـرۆک دروسـتکردنی پرسـیـارە نەک وەڵامدانەوەی.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

١- عەتا محەمەد (جیهانی ڕاڤەنەکراو) سەردەمی ڕەخنە، ژ (٢) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٥ ل ١٤٢.

٢-١: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی - محەمەد ئەحمەد، کۆواری بەیان ژ (٤٦) دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. بەغدا ١٩٧٨، ل٢٩-٣١

٢-٢: چیرۆک و ڕیالیزمی نوێ- مستەفا سالّح کەریم- کۆواری بەیان ژ(٤٨) بەغدا ١٩٧٨ ل١٠-١٤

٣- سەرچاوەی پێشوو (٢-٢) ل ١١.

٤- سەرچاوەی پێشوو (٢-١) ل ٣٠.

٥- بەیان ژ (٤٦) ی ١٩٧٨ ل ٤٠- ٤١.

٦- د. نەجم ئەڵوەنی - تەکنیکی دیالۆگ، دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەق، کەرکووک ٢٠٠٦ ل٧٢- ٧٧

٧- کۆواری بەیان ژ (٤٦)ی ١٩٧٨ ل ٢٨.

٨- نووسەری نوێ ، ژ (٣٠) لە بڵاوکراوەکانی (یەکێتی نووسەرانی کوردستان) هەولێر ٢٠٠٥ ل ١٢٨- ١٣٢.

٩- کۆواری بەیان ژ (٤٦)ی ١٩٧٨ ،ل ٢٩.

١٠- نووسەری نوێ، ژ (٣٠) ی ٢٠٠٥ ،ل ١٣٢.

١١- ئیسماعیل حەمە ئەمین، هاوڵاتی ژ (١٦٥)ی ٢٠٠٤/٣/١٧.

١٢- وتەیەکی مارکسە لە پێشڕەوی ژ (١٨٢)ی ٢٠٠٤ وەرگیراوە.

١٣- نۆرما خوری، عەشقی دالیا. و: ئەیوب نووری - خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی. چ ٣، ٢٠٠٥ ،ل ١٨٣.

١٤- بەختیار عەلی- شاری مۆسیقارە سپییەکان- لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند- سلێمانی ٢٠٠٥ ل٣٠.

١٥- نووسەری نوێ، ژ (٣٠)ی ٢٠٠٥ ل ١٢٨- ١٢٩.

١٦- نووسەری نوێ ل ١٢٩.

١٧- نووسەری نوێ، ل ١٣٢.

١٨- عەتا محەمەد (جیهانی ڕاڤەنەکراو)، سەردەمی ڕەخنە، ژ (٢) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٥، ل ١٦٢.

١٩- سەلاّح عومەر، چیرۆکی (ژووری ناوەڕاست)، کۆواری مێرگ، ژ (٢) هەولێر ٢٠٠٥، ل ١٢٢.

## به خۆداچوونەوەی خود لە چیرۆکی (ئاوێنە)دا

گەلێک جاران ڕێککەوتووە، کە بەرهەمی نووسەرێک دەخوێنیتەوە، دەبیتە لایەنگیری و قەستی ئەوە دەکەیت زووتر بتدۆزیبایەوە و زیاتر بە بەرهەمەکانی ئاشنا بوویتایە، ئینجا هەوڵی ئەوە دەدەی سەرجەم نووسینەکانیت بەردەست بکەون و بیانخوێنیتەوە، بە پێچەوانەی حەزی ئەو خوێنەرانەی، کە چیرۆکی نووسەرێکی گەورەی وەک (خۆرخی لویس بۆرخیس) دەخوێننەوە، لە حوکمدانیاندا ناتوانن بێ لایەن بن، ئیتر (یان دەبێ عاشقانە بیپەرستن، یانیش تا ئەوپەڕی بێزاری لێی هەڵێن، لەم بەینەدا حەدی ناوەڕاست نییە).(١)

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی ئەو ڕاوبۆچوونەی لە دەستپێکی ئەم نووسینەدا بەرچاومان خستووە دەیگرێتەوە، چونکە ئەو لە چیرۆکەکانیدا واقیعێک دەگێڕێتەوە هەمووان پێی ئاشناین و هەڵوێستمان دەربارەی هەبووە، یان دوور و نزیک کاریگەریی بەسەرماندا جێ هێشتووە، بۆیە جورئەت دەکەم بڵێم چیرۆکەکانی زیاتر ئاراستەی نەوەیەک دەکات، کە هاوتەمەن و هاوکاتی ئەو ڕووداوانە بوونە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، نووسەر هەوڵی نەداوە توخنی سنووری خەم و کۆژانی لاوان و نەوەی نوێ ببێتەوە، ئەمە بۆخۆی یەکێک لەو تایبەتمەندییانەیە، کە نووسەرانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی پێی دەناسرێتەوە، کە تا نەهۆ بابەتی چیرۆکەکانیان، یا وەک شایەتحاڵێکی ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاون، ڕۆڵی گێڕەرەوە دەگێڕن، یان بابەتی چیرۆکەکانیان گەڕانەوەیە بۆ مێژوو، وەکو ئەوەی ڕووداو و کارەساتەکانی ئەمڕۆ کاریگەری و بایەخیان نەبێ و کاریان لێ نەکەن..! هەموو ئەمانە لە سەردەمێکدا ڕوو دەدەن، کە گۆڕانکاریی گەورە دێتە پێشەوە و ڕووداوەکان لە عێراق و کوردستاندا هێندە

کاریگەرن، خەریکە خاڵی گۆڕانی جوگرافیا و نەخشەی جیهان لە عێراقەوە دەست پێ دەکات.

ئایا دەبێ ئەمە نەمانگەڕێنێتە سەر ڕاستەڕێی ئەو بروایەی، کە چیرۆکنووسانی ئەو قۆناغە خوێندنەوەی دروستیان بۆ ڕووداوە تیژتێپەڕ و یەک لە دوای یەکەکانی دەوروبەر و جیهان نەبووە و وا بزانن چەندێک قەبارەی ڕووداوی ڕۆمان یاخۆ چیرۆکەکانیان گەورە و کاریگەر و تراژیدی بن، لە بەرابەردا هێندە بالآی ڕۆمان یان چیرۆکەکانیانی پێ هەڵدەکشێت؟

مخابن، ئەم بۆچوونە هەڵەیە و زۆریش لە ڕاستییەوە دوورە، کاریگەریی یان گەورەیی چیرۆک و ڕۆمان پێوەستە بە ڕادەی هۆشیاریی چیرۆکنووس و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ بابەتەکەدا.

یەکێ لە خاڵە بەهێزەکانی ئەدەبی بەرتۆڵد برێخت (١٨٩٨ – ١٩٥٦) ئاوڕدانەوەی بوو لەو ڕووداو و دیاردانەی، کە زۆر بە ئاسانی بە بەرچاوماندا گوزەریان دەکرد، بێ ئەوەی هەستیان پێ بکەین، یان ڕۆشنایی خوێندنەوەی دروستیان بەرکەوتبێت و بە تیژتێپەڕی بەسەریاندا باز نەدرابێ.

برێخت وشیاری داینێ، کە لە شتەکان وردبینەوە، چونکە دەشێ بچووکترین شت، یاخۆ دیاردە ببێتە ناوەڕۆکی گەورەترین چیرۆک. چیخۆڤ گوتەنی: دەکرێ تەپڵەکە جگەرەیەک ببێتە بابەتی چیرۆکێک.

فرانتز کافکا (١٨٨٣– ١٩٢٤) لە یەکێک لە چیرۆکەکانیدا، (کون)ێک دەکاتە شانۆی ڕووداوی چیرۆکەکەی و ئەو بوونەوەرەی، کە نووسەر پێمان ناڵێت چییە (هێمای مرۆڤە لە جیهانێکدا، کە لە هەموو لاوە بە ترس و تۆقین و ئازار ئابڵووقەدراوە، هێزێکی نادیار و پەنهان دەیانبات بەڕێوە، جیهانێک تژی لە دوژمنی نەناسراو، کە مرۆڤ هەر هێندەی لە یەکێکیان قوتار دەبێ، دەکەوێتە بەر کەڵبەی ئەوی ترەوە).(٢)

ئیتر دەکرێت چەندین خوێندنەوە بۆ ئەو چیرۆکە فرە ڕەهەندە کەم جووڵە و کەم ڕووداوە بکرێت، هەروەها بیرفراوانی و هۆشیاری وای لە نووسەری ئەمریکی

(ئەلەر رایس) کرد، شانۆنامەی (ئامێری کۆمپیوتەر) بنووسێت، کە سەرجەم پاڵەوانەکانی ژمارەن[٣].

ژووزێ ساراماگۆش کاتێ کە (بۆ ماوەیەک کوێرایی داهاتووە و هەر ئەو ڕووداوە بووەتە هەوێنی نووسینی ڕۆمانی بەهێز و پێزی کوێری و تەنیا سێ ساڵ پاش بڵاوکردنەوەی توانی خەڵاتی نۆبێلی ١٩٦٨ی پێ وەربگرێ)[٤].

کەواتە هیچ کات بابەت کێشەی نووسەری کارامە و شارەزا و بیرفراوان نەبووە، ئەوی کێشەی لە هەڵبژاردنی بابەت هەبووبێت، ئەو نووسەرە دۆگماو وشک بڕوایانەن، کە هیچ دید و جیهانبینییەکیان بۆ گۆڕان نییە و شتەکان لە دۆخی دینامیکییەتدا نابینن و ئەدەب لە قوتوو دەنێن و ئەدەبێکی لە قوتوونراو بەرهەم دێنن.

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ی لە ساڵی ٢٠٠٣ دا بڵاوکراوەتەوە، (جەبار سابیر)ی نووسەر ئەم ڕۆمانە بەمانیفێستی ئەنفالی گەرمیان ناودەبات[٥]. ئەم چیرۆکەش (ئاوێنە)، درێژەی هەمان ڕووداوە، وەلێ بە شێوەیەکی تر. لەویاندا تاوانباری سەرەکیی ڕێژیمەکەیە و نووسەر تێیدا شایەتحاڵە و پرۆتستۆی ئەو کارەساتە نائینسانییە دەکات، کەچی لەمیاندا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە پرۆسەکەدا بەشدارە و ڕۆڵی نەگەتیڤ دەگێڕێت. ئەمەش ئاکامی ئەو سیاسەتە تۆتالیتارییە بوو، کە ڕێژیم پیادەی دەکرد و دەیویست چ کاتێک خۆی ویستی لە هەر شوێنێکی وڵاتدا سەر بە هەر ماڵ و کونێکدا بکات بە مەبەستی بەدەستهێنانی وردترین زانیاری لەسەر کەسەکان، ئیتر ئینسانەکان ئەو هەستە ترسناکەیان لەلا بڕوێ، کە بوونەتە (بوونەوەرێکی هەمیشە بینراو لە بەردەم دید و دەزگاکانی دەسەڵاتدا). [٦]

بۆیە لەم حاڵەتەدا نابێ کەسەکان نهێنیی تایبەتیی خۆیان هەبێت، چونکە (بوونی نهێنی نەک یاساغە، بەڵکو هەڵگری هەڕەشەیەکی بەردەوامە)[٧]. کەواتە یان دەبێ نهێنی نەبێ، یان دەبێ لێی ڕزگار بێت، تا نەچێتە قاڵبی یاخیبوونەوە، (چی بکەم، بەرگەی هەڕەشەی کوشتن و سەرنگوومکردنم نەگرت، خوشکەکەم دوو

ڕۆژ بوو خـــۆی گـــەیاندبووە شـــار و لای من خـــۆی شـــاردبووەوە، بردم دامـــە دەستیانەوە).[٨]

کەشوهەوای چیرۆکەکە، حاڵەتی پڕ لە ترس و تۆقانی ڕۆمانی ١٩٨٤ی جۆرج ئۆروێڵ و چەوســـانەوە و ژیانـی لەســـەر تـاڵە مـــوو وەســـتـــاوی دیمۆکلیـــســـمـــان بیردێنێتەوە.

دەڵێن بەر لە ٢٥٠٠ ساڵ لە سیراکۆسەی سقلیە، شا دیۆنیسیس لە بەرابەر حەزی دیمۆکلیسی دەستەو پێوەندی بۆ ڕۆژێک پاشایی، مەرجێکی ئەستەمی بۆ دادەنێت، دەبێ دیمۆکلیسی پاڵەوان شمشێرێک، کە بەتاڵە موویەکەوە بەندە بەسەر سەریەوە شـۆڕەوە بێ و لە ژێر بەزەیی ئەو شـمـشـێـرەدا سـەمـا بکات و ژیان بگوزەرێنێ، بە وەستانیشی لە سەماکردن تاڵە مووەکە دەپسێ و شمشێرەکەش سەری دەکات بە دوو لەتەوە... پاڵەوانی (ئاوێنە)ش مانەوەی شۆخەی خوشکی لە ماڵیاندا، ئەگەری پچڕانی تاڵە مووەکە نزیکتر دەکاتەوە، بوونی ئەو لە ماڵیان ژیانی براکەی دەخاتە بەر ڕەحمەتی شمشێری دەسەڵاتەوە، بۆیە براکەیشی ورە بەردەدا و لە ماڵەکەی خۆیدا ڕۆڵێکی کارا لە پرۆسەی پڕ لە تاوانی ئەنفالدا دەگێڕێت و دەیداتە دەستەوە.

ترس و تۆقێن و تیرۆر سنووریان نییە و لەم خاڵەدا نابڕێنەوە، بەدەست هەمان دەرد و ئازاری ڕاسکۆڵینکۆڤی شاکەسی ڕۆمانی (تاوان و سزا)ی دەستێڤیسکی دەتلێتـەوە. دەستـێـڤـیسکی (لە یەک کـاتدا پاڵەوانەکـەی ڕووبەڕووی سێ دادگـە دەکاتەوە، دادگەی یاسا، دادگەی ڕەوشت و ئاکار، دادگەی دەروونی).[٩]، کەچی پاڵەوانەکەی لەمەڕ خۆمان، چونکە گوێڕایەڵی دادگەی ناعەدالەتی یاسا بووە، دادگـــەی دەروونی و ئازاری ویژدان بەرۆکی دەگـــرن و لە دۆخی پڕووکـــانێکی بەردەوامدا دەبێت و دەرگەی هیچ بوارێکی بەڕوودا ناکرێتەوە، دەلاقەکانی ئومێدی بەڕوودا داخـراون،ترووسکەیەک شک نابات، لە ئەنجامـدا بەرگەی ئەو لێشـاوی ئازارە دەروونییە ناگرێ و بەناچاری خۆی بڕیاری مەرگ بەسەر خۆیدا دەدات، بڕیارێک کە لە سۆزەوە هەڵقوڵاوە، نەک ئاوەز، هەر ئەوەش بەرەو ئەو چارەنووسەی دەبات. ئەمیش لەوکاتەدا ڕوو دەدات، کە دەبیستێت شۆخەی خوشکی لە ژیاندایە

و لەگـەڵ ئـەو پۆلە پاكـیـزەیـەدایە، كـە ڕەوانـەی تیـاترۆخـانـەكـانی مـیـسـر كـراون (ماوەیەكە هـەواڵی ئەو پۆلە پاكیزانە بە كۆی خـەڵووزم دەكا، كە (شۆخە)یان لەگەڵدا بووە و لەوكـاتەوە بۆ یانەی شـەوانی وڵاتیـان بردوون. هەمـیـشـە چەقـەنە و سـەما، دەنگی زیل و بەمـێكی (ناخـۆش) مـێـشكیـان كـون كـردووم، لەگـەڵ دانـەدەسـتی خـوشكەكەیەوە لـەبری ئارامی و ئاسوودەیی، ژیـانی لێ دەبێتـە دۆزەخی بەندیخـانە، هەڵبـەت بەندیخـانە بـە مـانا تـاك ڕەهەندەكـەی نا، چونكە هەنـدێك جـار مـاڵەكـەی خـۆت، شـوێنی كـار، قـوتابخـانە، چـی و چیت لێ دەبێـتـە بەندیخـانەیەكی گـەورە، ئەوسـا بەرگـەگـرتنی تـا بڵـێـی ئەسـتـەم دەبێت (ئـێـوارەی دوای ڕووداوەكـە، كـە گـەڕامـەوە مـاڵێ خـۆم وا فریو دەدا، گوایە پەتی مـردنم لە خـۆ دوورخسـتـووەتەوە و ئیـتر لەمـەودواش كـەمێ ئاسـوودە و سـەر ڕەحەت دەبم، نـەمدەزانی مـردن لە هەندێ ژیان باشترە)، كەواتە (مەرج نییە تۆ لە ژوورێكی ئەنگوستەچاودا بیت تا پێت بڵێن لە زیندانیت، چونكە بەندیخانە چەمكێكی ڕێژەییە، دوور نییە تۆ لە ئاسمان یان لە دەریا یان لە ماڵێك زیندان كرابیت. ڕەنگە تۆ هەر لەم شوێنانەشدا نەبیت، كەچی هەر زیندانیت. توندترین و ناخۆشترین زیندانیش ڕای نەگۆڕە، كە هیـچ گفتوگۆ و گۆڕانێك قبووڵ ناكات... كەواتە ناتوانین شێوە و مانایەكی جێگیر بۆ بەندیخانە دابنێین، تا تاقی نەكەینەوە)(١٠).

ئیـتر لەو سـاتـەوەی كـەسـایەتییـەكە هۆشیـار دەبێتـەوە و هەست بە گـەورەیی و قـەبارەی تاوانـەكـەی دەكات، دنیـای لێ دێتـەوە یەك و ژیانی لێ دەبێتـە زیندانێكی گـەورە، نەك هـەر ئـەمـە، بـەڵكو بەدگـۆڕانی (مـسخ) بەسـەردا دێ و خـۆی لێ دەبێـتـە گەماڵ.

چ بوونـەوەرێك بەرگـەی ئەم هەمـــوو ئازارە دەروونـیــە دەگـرێت؟ نـەخـــوازەلا ئەوكاتەی هەواڵی ناردنی (شۆخـە) لەگەڵ كۆمەڵە پاكیزەیەكدا و كارپێكردنیان وەك كـۆیلە و كـەنیـزەك و لەشـفرۆش لـە یەكێ لە وڵاتانی دەوروبـەر، پێ دەزانێت، ئەمـە خۆی لە خۆیدا زیندانێكی هێند گەورە و زەبەلاحە، بەندیخـانەكانی دنیای تێدا نقوم دەبن و دەتوێنەوە (ئەوجا نـەمدەزانی، ئێستا بۆم دەردەكەوێ ئەوەی گوناهی گەورە و تاوانی قـورس بكات لە سزادان خـۆی قـوتار كا، بەڵام گـەردێكی ژەنگاوی لەسـەر

ڕوحی دەنیشێ، بەرەبەرە کەڵەکە دەکات تا ڕوحی دادەفەتکێ، با خەڵکانیش وا بزانن پەپوولەیە و پێی نازانن، بەڵام هەمیشە مۆتەکەیەک بەسەر مێشک و ناخییەوە....)یە.

تروسکەی ڕووناکیی هیچ ئومێد و هیوایەک بەدی ناکرێت، کات قەتیس دەبێت و دەمەیێ، بۆیە بڕیاری خۆکوشتن دەدات (من پارچە ئاوێنەیەکم شاردووەتەوە، بۆ ئەوەی هەندێ جار تەماشای خۆمی تیا بکەم و لەوە دڵنیابم، کە نەبوومەتە سەگ، ئەمشەو خۆمی پێ دەکوژم).

لە ساتی خۆکوشتنەکەیدا لەبەر نادیاری ئاستی هۆشیاریی کاراکتەر و تەمەن و پایەی چینایەتی، چووزەرەی ئەو پرسیارە لای وەرگر سەر دەردێنێ، داخۆ خۆکوشتنەکەی جەستەییە، یاخۆ خۆکوشتنێکی فەلسەفییە؟!

خاڵی دەستپێکی چیرۆکەکە لە ئاوێنەوە دەست پێ دەکات، پێشەکیی چیرۆکەکە تا ئەو شوێنەی ئاوێنەکە ناو دێنێ و بەگڕی دەخات، دەچێتە قاڵبی گوتار و قسەی ئاساییەوە و لەوە تێ ناپەڕێ، کە ڕێگە بۆ هاتنە ناوەوەی ئاوێنە لە چیرۆکەکەدا خۆش بکات، ئیتر ئاوێنەکە هەر کە دێتە سەر شانۆی چیرۆکەکە، ڕەوتی چیرۆکەکە ئاراستە دەکا و لەگەڵ کاراکتەردا دەکەوێتە گفتوگۆ بێ ئەوەی زاری هەڵبێنێ، بەڵکو بەوێنە وشە دروست دەکات، ئاوێنەکە ڕۆڵی شوێن لە دەرەوەی شوێن دەبینێ و شوێنی سەرەکیش لە چیرۆکەکەدا هەر ئاوێنەیە.

لەم چیرۆکەدا ئاوێنە جگە لەوەی ڕۆڵی (شوێن) دەگێڕێت، بەهەمان ڕادەش ڕۆڵی مێژوو (کات)یشی پێ سپێرراوە، بە گشتی تێیدا لە ناو خەیاڵێکی نزیکەوە گۆمی مەنگی خەیاڵێکی دوور دەشڵەقێنێت. ڕووداوەکان لە ئاوێنەکەدا جارێکی تر بە ڕووی دا دەتەقنەوە، ئاوێنەکە وەک میتۆدێک بۆ زیندووکردنەوەی بیرەوەرییەکان، ڕابردووی تاڵی بیر دێنێتەوە و ئازار و خەمەکانی دیسانەوە دەرزی ئاژنی دەکەنەوە و گەڕانەوەی سات بە ساتی ڕابردوو، زەنگی چرکە بەچرکەی مەرگی ڕادەگەیەنێت.

تەکنیکی بەکاربردنی ئاوێنە و فرە ڕەهەندکردنی ماناکانی ئاوێنە لە چیرۆک و ڕۆماندا نوێ نییە و خاوەن ڕابردووی خۆیەتی.

مـاركـيـز چەند جارێک لە ڕۆمـانـەکـانـيدا (پـايزی پەتريارک، خـۆشـەويسـتـی لە ساڵانی کۆلێرادا) ئاوێنەی بەکار بردووە، جارێک وەک نمايشێک بۆ بازنەيی کات و دووبارەبوونەوە و نەگۆڕان، جارێکيش وەک شـوێن، کە يادەوەرييـەکان لە جوانـترين دۆخدا دەهێڵێتەوە.

(عەبدوڵا سـەڕاج)يش لە چيرۆکی (ئاوێنە)دا، ئاوێنە دەکاتە ئەڵتـەرناتيڤی مێژوو (مـێـژووش لە ئـاوێنەوە دەسـت پـێ دەکـات)[١١]، يان (بـەم جـۆرە لاپەڕەيەکی نـوێم خستە سەر کتێبی مێژووی ئاوێنەکان).[١٢]

(جـەليل مـحـەمـەد شـەريف) لە چيـرۆکی (ئاوێنـە) دا(ئاوێنە دەکـات بە شـوێنی شانۆيی و ئاوێنەی پاسەکە دەکات بە شانۆی ڕووداوەکان).[١٣]

(جـەليل کـاکـەوەيس)يش لە چيـرۆکی (قـەرەجـەکـان).[١٤] دا لە دەسـتـپـێکی چيـرۆکـەکـەيدا پەنـای بۆ ئاوێنە بردووە و لە شـاشـەی ئاوێنەکـەوە ڕووداوەکـانی چيـرۆکـەکـە نمايش دەکـرێن. (سـالار ئـيـسـمـاعـيل سـەمـين)، لە چيـرۆکی (چاوەڕوانی)[١٥] دا، تەدارەکی دادگای شەرعی لە ئاوێنەدا بەڕێوە دەبات.

(سـابير ڕەشـيد)، لە کۆمـەڵە کورتيلە چيرۆکی (ئاوێنە)دا، ٢٠ کورتيلە چيرۆکی بەنـاوی ئاوێنەوە نووسـيـوە، لای ئەم مـانا و ڕۆڵی ئـاوێنە فـرە ڕەهـەندە و چەنـدين هێـمـای پێ بەخـشـيـوە (ئەم ئاوێنە بـچکۆلانەيـەی بەر باخـەڵم، قـەت هەڵە ناکـا، هەميشە وێنەی مردووی خۆم نيشان دەدا).[١٦]

شـايانی وتنە ئەوی نوێيـە و چاوەڕوان نەکراوە لەم چيرۆکـەی (ئەحمـەد مـحـەمـەد ئيسمـاعيل)دا، کاراکتـەر وەک ئەوەی نەفرەتی يەکجاری لەو ڕابردووە بکا و ڕەتی بکاتەوە، نەوەکو مۆتەکەی مێژوو بەو شێوە قێزەونەی جارێکی تر سـەرهـەڵبداتەوە و خـۆی دووبارە بکاتەوە و لە ژيانيدا ڕۆژانە لەگەڵ مـەرگدا لە چاوشـارکێدا بن، ئەو دەيەوێت مـەرگێک لە دەرەوەی ژيانـدا هـەڵبـژێرێت، بۆيە کـاردانەوەی توندی دەبێت و هەڵوێست وەردەگرێت. هـەڵوێستی گەورەی ئەو، شکاندنی ئاوێنەکە و خۆکوشتنێتی بەپـارچەيەک لەو ئـاوێنەيـە، چونکە وا هـەست دەکـات (ئەوەندەی لە خـاپـووربوون و مردنەوە نزيکە هێندە لە ژيانەوە نزيک نييە).[١٧]

**پەراوێزەکان:**

١- ئازاد بەرزنجی - لاپەڕە پەرشەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٥، ل ١٩٢.
٢- بديعة أمين- هل ينبغي احراق كافكا؟ - المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت ١٩٨٣، ص ١٧.
٣- بڕوانە : المر رايس- الآلة الحاسبة. ت: عادل سليمان، سلسلة المسرح العالمي- دار المصرية للتأليف والترجمة ١٩٦٦.
٤- ژووزێ ساراماگۆ- کوێری. و: سەلاحەدین ئاشتی، هەولێر ٢٠٠١، ل ١١.
٥- بڕوانە: ڕێبازی ئەدەب و هونەر- ژ (٣٤)ی ٢٧/٤/٢٠٠٤، ل٤.
٦- دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریزم- مەریوان قانیع- سەردەمی ڕەخنە، ژمارە (٢) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٥ ل ١٤.
٧- هەمان سەرچاوە. ل ٢٠.
٨- ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل - ئاوێنە - کاروان، ژ (٢٠٤) هەولێر ٢٠٠٦، ل ٧٢.
٩- د. حياة شرارة، د. مهد يونس: مدخل الى الأدب الروسي في القرن التاسع عشر- المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت ١٩٧، ص ١٧١- ١٧٢.
١٠- ياسين النصير، الامكنة الظاهرة- جريدة الزمان - ع (٢٦١٢) في ١/٦/٢٠٠٢.
١١- عەبدوڵا سەراج - لاکێشە ڕووناکەکان- دار الحرية للطباعة- بەغدا ١٩٨٠، ل ١٠٧.
١٢- هەمان سەرچاوە، ل ١١٦.
١٣- سەباح ئیسماعیل- چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا- لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووک، چاپخانەی ئەرەبخا، چاپی یەکەم، کەرکووک ٢٠٠٥.
١٤- جەلیل کاکەوەیس - بۆنی ئەشکەوت- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر- هەولێر ٢٠٠٣.
١٥- هاوکاری، یەکێ لە ژمارەکانیساڵی ٢٠٠٢.
١٦- سابیر ڕەشید، ئاوێنە (١٠٠ کورتیلە چیرۆکی کوردی)، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، چاپخانەی گەنج، سلێمانی ٢٠٠٥ ل ٧.
١٧- عەتا محەمەد- ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک (ڕۆمان)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی ٢٠٠٦، ل٩٨ .

# دینا سەلیم و خەونی هاوبەشی کەسایەتییەکانی

ئەمرۆ سەرەڕای ئەو شەپۆلی وەرگێڕانەی کایەی ڕۆشنبیریمانی گرتووەتەوە، کەچی بێ بەرنامەییەکی بە ئاشکرا بەو بزاڤەوە بەرچاو دەکەوێت. ئەگینا نەدەبوو لە کاتێکدا ڕۆمانی (ئازادی یا مەرگ)ی نیکۆس کازانتزاکی، یاخۆ ڕۆمانی (یادەوەری سۆزانییە خەمبارەکانم)ی مارکیز، یان (باخچەی ئاژەڵان)ی جۆرج ئۆروێڵ سێ جاران و (بەرزاییەکانی وێدەرینگ)ی ئەمیل برۆنتی دوو جاران بکرانایەتە کوردی، کەچی لە هەمان کاتدا زۆرێک لە شاکارە جیهانییەکان بە خوێنەری کورد نائاشنابن. دەکرا لە بری ئەو (١١) وەرگێڕانە بۆ (٤) ڕۆمان (١١) شاکاری جیهانی بە ئێمە بناسرانایەن. ئەوەتا هەر بە تەنیشت خۆمانەوە ئەدەبی عەرەبی بە دەیان شاکاری مەزن و دانسقەی بەرهەم هێناوە، بێ ئەوەی وەرگێڕابنە سەر زمانی کوردی.

شاکارێکی گەورە و بە نرخی وەکو (هەزار و یەک شەو) بۆ زۆربەی زمانەکانی دنیا وەرگێڕراوە، کەچی تازە بەتازە لە ٢٠٠٨ دا وەرگێڕرا. ئەوە باسی نووسەرە ناودارە عەرەبە نوێخوازەکانی وەکو (نەجیب مەحفووز، عەبدولخالق ڕەکابی، حەننا مینە، ئیبراهیم کەونی، جەبرا ئیبراهیم جەبرا، واسینی ئەعرەج، حەیدەر حەیدەر، دینا سەلیم.. هتد) هەرمەکە، کە تا ئێستا هیچ ڕۆمانێکیان بە کوردی نەکراون.

دینا سەلیمی ڕۆماننووس، ئافرەتێکی فەلەستینییە و ئێستا لە ئۆستترالیادا دەژێت. بە ڕاشکاوییەوە ڕای دەگەیەنێت ئەو لە دەستی ستەمی دەوڵەتی جوولەکە هەڵنەهاتووە، بەڵکو بە هۆی دواکەوتوویی باری کۆمەلایەتییەوە وڵاتەکەی جێ هێشتووە، بە تایبەتیش مێردەکەی، کە بووەبووە دیکتاتۆرێک بەسەریەوە و تاکو ڕێگری لە نووسین و خوێندنەوەی بکات، خامەکەی دەشکاند و ڕووناکیی لێ

دەكـوژاندەوە و نەیدەهێـشت هیـچ شـتـێـک بڵاو بكـاتەوە، بەم شـێـوەیە توانـی بۆ ماوەیەکی زۆر بە زەبری لێدان و تۆقاندن کانیاوی داهێنانی کوێر بكاتەوە و زمانی نووسینی قفڵ بدات و وەكو كوێلەیەک لێی بڕوانێت، ئیتر وەكو خۆی دەڵێت:

بۆ مـاوەیەكی زۆر لەگـەڵ خـوێندنـەوە و نووسـیندا بە ڕۆژوو بووم. ئەم جـۆزیف كۆنراد ئاسا دەیزانی (بێدەنگی تـاریكییـەكە لە شـەوی ئەنگوسـتـەچاو تاریكتـرە). هەوڵی جیابوونەوەی دا، چونكە كرسـتیـانە كڵێسـا ڕێگەی بە تەڵاقدانی نەدا، هیـچ ڕێگەچارەیەكی بە دەسـتـەوە نەمـا، دەبێت مـێردەكـەی جێ بهێڵێت. ئیـتر پشـتی لە ماڵ و مـوڵكی زۆری مێردەكەی (كە بە سەدامی دیكتـاتۆری دەچوواند) كرد و بەرەو ئوسـترالیا هەڵات، تاكو لەوێ ئازادانە بە پێی یاسـای ئەو وڵاتە بۆ یەكـجاری خـۆی لە مێردەكەی جیا كردەوە.

تا هەنووكە دوو ڕۆمـانی بە چاپ گەیاندووە، سـێیـەمیش چاوەڕوانی چاپە و كـار لە ڕۆمـانی چوارەمین دەكات، ڕۆمـانی (الحلم المزدوج – خـەونی هاوبەش)ی باس لە ڕەوشی عێراق بە گشتـی دەكات بە دەستی حوكمڕانیی حزبی بەعسـەوە، كە چۆن ئێش و ئـازاری خـەڵكی دەدەن و لە خـۆڕا جـەنگی مـاڵوێرانكەری عێـراق – ئێـران بەرپا دەكەن و چۆن ڕۆڵەكانی ئەم گەلە بەشـمـەینەتە بە هـەموو نەتەوەكانییـەوە بەرەو دۆزەخی جەنگ ڕادەماڵن.

كەسـایەتیی سـەرەكیی ڕۆمانەكە (صـارم) بە زۆری زۆردارەكی بۆ جـەنگی دەبەن و لە كـاتێكدا دایكی لێیان دەپاڕێتـەوە (تكاتان لێ دەكەم كوڕە تاقـانەكەم مـەبەن.. تەمەنی لە خـوار دە ساڵەوەیە)، بەڵام پاڕانەوە بە كوڵ و گەرمەكانی دایک دڵڕەقی و سـاردوسڕیی زۆرداران نەرم ناكـاتەوە. ئیـتر لە مـەیدانەكانی جەنگێكی بێبـەزەیی و برسـیی مـاڵوێرانكەردا دای دەنێن و كـاری ژمـاردنی لاشـە پارچە پارچەبووەكـانی جـەنگ دەبێت. بۆیە دوای مـاوەیەک بەنـاچاری ملـی ڕێی هـات و نەهاتـی قـاچاغ دەگرێتـە بەر و ڕوو لە هەندەران دەكات، تا لە وڵاتی ئوسـترالیا دەگیرسێتەوە. ئیـتر لەوێ وەكو شـاعیرێكی هۆشیار و هەست ناسک بەدەست ئازاری یادەوەرییە قورس و تاڵەكانییـەوە دەتلێتـەوە و هەمـیشـە لە خـەمی كەسـوكـار و وڵاتەكەیدا دەبێت. لە چاوی پەنابـەرانی تازە هـاتووەوە هەواڵـەكانی جـەنگ و نیـشـتـمـان دەخـوێنێتـەوە،

هەمیشە ئەو هەستەی هاوشانە، کە درەختێکی هەڵکێشراوە و لێرە شین نابێتەوە، تەنیا ئاو و هەوا و خاکی وڵاتەکەی خۆی پێ دەکەوێت. پاشان پرۆسەی ئازادیی عێراق دەست پێ دەکات، وڵاتەکەی مووشەکباران دەکرێت و ڕژێمی بەعس سەرنخوون دەبێت، لەم ساتەوە حەزی گەڕانەوە بۆ وڵات ناخی دەخوا و خەریکە بێ ئومێدی دەست لە بیناقاقای گیر دەکات و دەیخواتەوە، ئیتر بەرگەی مانەوە ناگرێت، دەبێت خەونەکانی ببنە ڕاست و بگەڕێتەوە زێدی یادەوەرییەکانی.

هەر کە دەگەڕێتەوە شارەکەی خۆی (بەغدا)، گەڕەکەکەیان ناناسێتەوە، زۆربەی زۆری ئەوانەی دەگەڕێنەوە تووشی هەمان شۆک دەبنەوە، ئەو تەنیا کەس نییە تووشی ئەم نامۆییە لەگەڵ خودی خۆی و دەوروبەرەکەیدا هاتبێت، ئەوەتا یەکێکی تر دێتەوە ئاسەواری خێزانەکەی نەماوە، ئەوی تر منداڵەکانی نایناسنەوە و پێیان نامۆیە، ئینجا ئەمان بە خۆیان دەزانن گەڕاونەتەوە سەر کەلاوەی وڵاتێک، کە لە گیانەلاّدایە، لە شوێنێکدا نووسەر بێ ئەوەی ناوی هەڵەبجە ببات، باس لەو ڕووداوە سامناک و دڵتەزێنە دژی ئینسانییە دەکات و لە شێوازی باسکردنیدا هەستمان بەرابەر بەو تراژیدیایە قووڵتر دەکاتەوە و ئەو ڕووداوە دڕندانەیە ئیدانە دەکات.

دینا سەلیم ساڵی ١٩٥٧ لە ئەللەد لە دایک بووە، ماوەیەک لە گوندی جەلیلیە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووە، بڕوانامەی ماستەری لە دەروونزانیی پەروەردەییدا بەدەست هێناوە، جگە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی چەندین زمانی ئارامی دەزانێت.

هەروەها تایبەتمەندە لە بواری میتۆلۆجیای میللەتان و زۆریی کاتی خۆی بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا تەرخان کردووە، جگە لە ڕۆمان ، کورتە چیرۆک و شانۆنامەی منداڵان و شیعریش دەنووسێت. زۆر حەز دەکات فێری زمانی کوردیش بێت، تاکو لە ئەدەبی کوردی بگات، ئێستا ئەندامی کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیرییە لە ئوستراليا بەنێوی (كلمة من بعيد و كلمة من قريب- پەیڤێک لە دوور و پەیڤێک لە نزیکەوە)یە، کە خودان قەڵەمە ئوسترالییەکان بەڕێوەی دەبەن. ساڵی ٢٠٠٧ خەلاّتی ئەدەبیی دەزگای ڕۆشنبیریی (ناجی نەعمان)ی لەسەر کۆمەڵە

چیرۆکی (الحاسة السابعة– هەستی حەوتەم) بەدەست هێنا، کە لە (٤١) وڵاتەوە بە (١٢) زمـان (٦١٢) کـەس هـەر لە سنیگاڵەوە تاکـو ئەرجـەنـتین بەشـداریـیـان تێـدا کـردبوو. لە ڕۆمـانـەکـانیـدا زمـانێکی شـیـعری و کـەشـوهـەوای شـیـعـر بە درێژاییی ڕۆمـانەکە لەگەڵ خـوێنەردایە. بۆیە کـە دەست بە خـوێندنەوەی ڕۆمـانەکە دەکـەیت، قەسـتی ئەوەتە لە خوێندنەوەی بەردەوام بیت، ئەگەرچی ڕۆمـانەکە بە یەکجـار خۆی بە دەستەوە نادا و دەخوازێت جارێکی تر بگەڕێیتەوە سەری.

ئەتمۆسـفـیـری ڕۆمـانەکـە هـەر لە دەسـتـپـێکەوە تا کـۆتاییی دڵەڕاوکـە و ترس و نیگەرانی بەسـەریدا زاڵە و لەو خـولگەیەدا دەسووڕێتەوە، کـەسایەتییەکان ئەگەرچی دنیایـەک ئومێد و ئارەزوو لـە ناخیاندا چـەکەرەیان کردووە، وەلێ هیچیان بە ئاواتە دووره دەسـتـەکـانیان ناگەن، ئەمـەش شتێکی سروشـتـییـە، هیچ کات مـرۆڤـەکان لە سـایەی ڕێژیمە تۆتالیـتـارییـەکـاندا بە ئاواتەکـانیـان نـاگەن و هـەمـیـشـە لە دۆخی دڵەڕاوکێ و نائـارامـیـدا دەژین و وا هـەست دەکـەن لە هەمـوو لاوە بە کـەشـوهـەوای ڕۆمانەکانی کافکا و ئەریک ماریا ڕیمارک و (جۆرج ئۆروێڵ) دەوره دراون.

ئابڵـووقـەیەکی دەروونی بە دەوری کـەسـایـەتـیـیـەکـانـدا کێشـراوە و دەرچوون لەو بازنەیـەدا باجی گـەورەی پێ دەوێت، بـۆیە یەکـێـک لەو شـێـوازانـەی (تاکـو هـەرەس نەهێنن) پـەنای بۆ دەبەن خـەون بینینە. مـرۆڤـەکان تا خـەون ببـینن هـەلی ژیانیـان زیاتر دەبێت، هـەر کاتێکیش لە خەون بینین وەستان، ئـەوا ژیانیش قەتیس دەبێت و دەمەیێت.

ئەو خـەوبینینە وایان لـێ دەکـات لە چاوەڕوانی گـۆدۆیەکـدا نـەبن، کـە هـەرگـیـز نایەت. لە ڕۆمـانـی (خـەونی هـاوبەش) دا کـەسـەکان وەکو داشی دامـە دەجـوولێن و هـەر دەڵێی قـورمـیش کـراون، ئاسنـە مـرۆیەکن (انسـان الي) و هـیچ دەسـەڵاتـێکیـان نییـە و بەرابـەر بە ڕووداوەکان دەسـتـەوەسـتـانن، (صـارم) بە زۆر بۆ مـەیدانەکـانی جەنگی دەبەن، تا لاشـەکان بژمێرێت، خـوشکەکەی بە دەستی مێردەکەی دەکوژرێت و دوو منداڵی لە پاش بەجێ دەمێنێت، خـوشکەکەی تری بە دیاریانەوە دادەنیشێ و شوو ناکات، هـەر ئەو خوشکەی چەندین ساڵ بە دەسـتی نەخۆشییـەکی کوشندەوە دەتلێـتـەوە، تا گـیـان لەدەست دەدات، دایکـیـشی تاکـو دەمـرێت بە خـەفـەتی کـوڕە

تاقانەکەی و کچەکانییەوە ناڵەیەتی.

زۆرێک لە ماڵەکان ڕۆڵەکانیان بە جەستەی شێواو و نیوە ناتەواوەوە دەگەڕێنەوە، یاخۆ لاشەیەکی شێواویان لە تابووتێکدا بۆ دێتەوە، نایناسنەوە.

سەرەنجام نووسەر وەک کەسێکی خاوەن هەڵوێست و ئازادیخواز، لە ڕۆمانەکەیدا دەیەوێت لەوەمان بگەیەنێت، کە کێشەی هەموو وڵاتە عەرەبییەکان چون یەکن و خەڵکەکەی بەدەست ڕژێمەکانەوە دەناڵێنن و ئەستەمە ژیان لە سایەی ئەم ڕژێمە سەرکوتکەرانەدا ببرێتەسەر.

**سەرچاوەکان:**

١- دينا سليم، الحلم المزدوج (رواية) الطبعة الثانية- دار العودة- بيروت ٢٠٠٤.

٢- نامەکانی دینا سەلیم بۆ نووسەر.

## ڕامان لە تونێڵی "پەنجەرەکان"ەوە

### بەر لە چوونە ناو چیرۆکەکەوە

هەڵبەت گەرموگوڕی و بەرەوپێشچوونی چیرۆکی کوردی لەمڕۆدا لە چاو خێرایی بەرەوپێشچوونی چیرۆکی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا گەلێک خاو دێتە بەرچاو. ئەمڕۆ بەدەگمەن چیرۆکنووسێک دەبینیت تەنیا مژووڵ و سەرقاڵی چیرۆکنووسین بێت، سەرجەمیان بەپاڵ چیرۆکنووسییەوە کاری وەرگێڕان دەکەن و شیعر دەهۆننەوە و جار جاریش لێکۆڵینەوە دەنووسن. بێگومان ئەمەش لە خانەی خۆ تەرخانکردن دەرچوونە و بەدەگمەن ئەو نووسەرە پرژ و بڵاو نووسانە سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست دەهێنن. لە لایەکی ترەوە چیرۆکنووسانمان هەر هێندەی چەند چیرۆکێک دەنووسن، ئیتر وەک ئەوەی ڕۆماننووسین قۆناغی باڵای چیرۆکنووسینیان بێت پێی گەیشتبن، دەواری لێ دەپێچنەوە، ئیتر ناگەڕێنەوە سەر چیرۆکنووسین و لای لێ ناکەنەوە. لە کاتێکدا چیرۆک هونەرێکی سەربەخۆیە لە ڕۆمان و خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیە.

لە لایەکی تریشەوە ئەمڕۆ کەم لە خوێنەران ئامادەیی چیرۆک خوێندنەوەیان تێدایە، خوێنەر ئامادەیە ڕۆمانێکی چەند سەد لاپەڕەیی بخوێنێتەوە، بەڵام بەزەحمەت بەمەبەستی خوێندنەوە دەست بۆ کۆمەڵە چیرۆکێک دەبات.

ئەوەتا کەمی ڕێژەی فرۆشتنی کۆمەڵە چیرۆک لە کتێبخانەکاندا لە چاو ڕۆمانەوە باشترین گەواهن. لێ سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئێستا چەند چیرۆکنووسێکی لاو هاتوونەتە مەیدانەوە و زیاتر لە بواری چیرۆکنووسیدا تایبەتمەندن و گوڕێکی تریان بەبەر چیرۆکی کوردیدا کردووە.

یەکێک لەو چیرۆکنووسانەی نەوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، وەک ئەوەی پەیمانی لەگەڵ چیرۆکدا مۆر کردبێت، بەردەوامی بە ڕەوتی چیرۆکنووسین بدات، چیرۆکنووس ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلە. ئەم نووسەرە چونکە شارەزایی زۆری لە بوارەکەدا هەیە و بە سێ زمان دەخوێنێتەوە، لەسەر یەک ڕیتم و شێواز نانووسێ و لە هەوڵی ئەوەدایە تەکنیک و ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی لێکتر جودا بن و هەمیشە گۆڕانکارییان تێدا بن.

یەکێک لە خەسڵەتە بەرچاوەکانی چیرۆکەکانی لەوەدایە زیاتر یەک کاراکتەر بەکار دەهێنێت، زۆر جاریش کاراکتەرەکانی خەریکی خۆ دواندنن و بەدەگمەن دیالۆگ لە چیرۆکەکانیدا دەبینرێتەوە. هەرچەندە کێشەکان لای ئەو شەخسین و هەڵوێستی تاکرەوانە دەنوێنن، بەڵام کاراکتەرەکانی نوێنەری توێژێک، یاخۆ چینێک، یان نەتەوەیەکن و ئازارەکانیان لە خۆدا چڕ دەکاتەوە. بەمەش کارەکەی زیاتر هونەریتر و ڕەسەنتر دەبێتەوە.

چیرۆکنووس لە چیرۆکەکانیدا هەوڵ دەدات دەمامکی درۆزنانە بەرووی کاراکتەرەکانییەوە هەڵماڵێت، کە ڕوخساری جوانی ناشرینییان پۆشیوە.

## چیرۆکی پەنجەرەکان بەکورتی

ئەگەرچی کورتکردنەوەی چیرۆک دابڕانێتی لە جوانکاری و ئەو تەکنیکەی لە خۆیدا حەشاری داوە، لەدەست دەدات، بەڵام بەمەبەستی بەشداریکردنی وەرگر و ئاگەداربوونی لە هێڵی گشتیی چیرۆکەکە، بەناچاری کورتی دەکەمەوە:

کاراکتەر لە زەردەپەڕدا لە شەڕێکدا بریندار دەبێ و پێیەکانی لە کار دەکەون و کەمئەندام دەبێت. ڕۆژانە لە دوو پەنجەرەوە لە ژیان دەڕوانێت، یەکیان پەنجەرەی دوێنێیە و تێیدا دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەرییەکانی منداڵی و لەگەڵ ئەوەشدا تارماییی تۆقێنەری باوکی سێبەر ئاسا بەردەوام بەدواوەیەتی.

پەنجەرەی دووەمیش پەنجەرەی ئەمڕۆیە و ڕۆژانە لەو پەنجەرەیەوە سەرەتاتکێیەتی و دەڕوانێتە ناو حەوشە و ژووری ئەو ئافرەتەی، کە تازە

هاتووەتە ئەو ناوە. ئەو ئافرەتەش چون تەنیا بێت لە پەنجەرەوە نمایشی جەستەی خۆی بۆ دەکات. ڕۆژێک ئافرەتەکە بۆ لای دێت و دەیەوێت سەرجێیی لەگەڵدا بکات، ئەم لە سۆنگەی قاچەکانییەوە ناتوانێت لە شوێنەکەی خۆیدا ڕاست بێتەوە، ئیتر هەر هێندەی ئافرەتەکە بەمە دەزانێت جێی دەهێڵێت و بۆ یەکجاری پەنجەرەکەی خۆی بەڕوودا دادەخات. ئەمیش لە داخاندا تەنیا ئامرازێک بەدەستییەوە بێت، کۆتایی هێنانێتی بەم گەمەیە.[١]

## چەمکی شوێن لە چیرۆکی پەنجەرەکاندا

شوێنی سەرەکی لەم چیرۆکەدا ژوورەکەیە، لێ چونکە هیچ وەسفێکی ژوورەکە ناکرێت، ئێمە تەنیا دوو پەنجەرە دەبینین، هەرچەندە پەنجەرەکان پارچەیەکی بچووکن لە جەستەی ژوورێکی گەورەدا، کەچی وەکو شوێن پانتایی ئەو دوو پەنجەرەیە لە ژوورەکە گەورەتر دێتە بەرچاو، چونکە ژوورەکە شوێنێکی شانۆیی داخراوە و کاراکتەر بەندیخانە ئاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و ڕۆڵی لە کارە هونەرییەکەدا نییە، هەرچی پەنجەرەکانن وەکو چاوی کامێرای شاکەس بەڕووی کاراکتەردا شوێنی ئاشنا و کراوەن. لێرەدا پەنجەرەکان فرە ڕەهەندن و جگە لە ڕۆڵی شوێن ڕۆڵی کاتیش دەگێڕن و لە شوێنەوە بۆ کات دەگۆڕێن. واتا شوێن دیوی دووەمی هەیە و هەر پەنجەرە و شانۆی زەمەنێکە. پەنجەرەی یەکەم شانۆی ڕووداوەکان و باخی بیرەوەریی دوێنێیە و پەنجەرەی دووەمیش شانۆی ڕووداوەکانی ئێستایە، ئەوی لە نێویاندا بزێوە و هەست بەگۆڕانی دەکەیت کاتە. ئەو پەنجەرانە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دەبینن و تەماشاکردن لێیانەوە جۆرێک لە سنووربڕینە و لادانە لە داوونەریتە کۆمەڵایەتییەکان. بۆ نموونە هەر تەنیا چەند پارچە تەختەیەک لێک بدرێن و بکرێن بەدەرگە، ئەوا دەبێتە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان جیهانی ناوەوە و جیهانی دەرەوە. هەر بۆ بڕینی تخووبی ئەو هێڵەی نێوان دەرەوە و ناوەوە و ئاودیوبوونی دەرگەی ماڵێک (پێویست بەتەمەنێک لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی و بڕێک لە ڕەوشت و زەمەنێک لە ئاشنایی و برادەری دەکات).[٢]

کـەواتە تـەنانەت هـەندێک جـار ڕوانـین لە پەنجـەرەیەکـیـشـەوە لە سـنوور دەرچوونە و ڕەنگە بەکارهێنانی بە نەشیاوی باجەکەی قورس بێت. ئەم کە لە پەنجەرەکەوە چاوبڕکێ لەگەڵ کیژێکی دراوسێیاندا دەکات، هەینێ باوکی پێی دەزانێت، دەیخـاتە قـاڵبی تاوانەوە "جـارێکی کە بۆ ئەو کـچـە هەتـیوە پێبکەنی وەک کار سەرت دەبڕم".

پابەنـدبوونی کـاراکـتـەر بەدیمەنـی ناو پەنجـەرەی یـەکـەمـەوە (شـوێنـی نـاو یادەوەریـیـەکـانی)، کـە منداڵی و بەشی زۆری ژیـانی لەوێدا بەسـەر بردووە (پێـوەنـدبوونە بە کـێـشـەی ئـەو شـوێنەوە، نەک پێـوەندییـەکی سـۆزئامـێـز و جوگرافی ڕووت).[٣]

واتا پانـتاییـیـەکی فراوانتر وەردەگرێت. ئەوەتا دیمەنـەکانی ناو پەنجـەرەی یەکـەم لە دوای نیـو سـەدە، دەبنە خـانوو و تەلاری بـەرز و ڕازاوە، کـەچی ئەو گەڕەکەی ئەو لێی ژیاوە تەواو پشتگوێ خراوە و "ئێستاش هەر وەکو ئەوسان نەگـۆڕاون"، ئەمـەش لـە سـۆنگەی ئـەوەوەیە دابەشکردنەکـان ناهاوسـەنگیـان تێدان و چینێک لەسەر حیسابی ئەوی تر دەبووژێتەوە، گەندەڵی تای تەرازووی مـافـەکـان لاسـەنگ دەکـات، لە داخی ئەمـەشـە کـاراکـتـەری چیـرۆکـەکەمـان هاودەنگ دەبێت لەگەڵ کاراکتەری ڕۆمانی( یادەوەریی جەسـتە)ی ڕۆماننووس ئەحلام مسـتـەغانمیدا، کە دەڵێت: "ایـهـا القوادون املئـوا جیـوبکم بامـوال الشعب" واتا: ئەی گەوادینە، گیرفانەکانتان بەماڵی میللەت پڕ بکەن.

لە چیـرۆکی پەنجـەرەکانـدا کاتی ناو ژوورەکە ونـە، یاخـۆ مـەییـوە و هـەست بەتێـپـەڕبوونی کـات ناکـرێت، ئەمـەش نیـشـانەی ئەوەیە کـاراکـتـەر هەمـوو کـاتەکانی ئێـسـتـای بەلاوە یەکن و هـیچ لە ژیانی ناگـۆڕن، ناچار باز بەسـەر کاتی ئێستادا دەدا و بەرەو ڕابردوو ڕووەو شوێنی تاقیکراوە (المكان المعاش)، یاخۆ وەکو گـاسـتـۆن باشـلار ناوی دەنێت (شـوێنی منداڵی)، ئەو شـوێنەی لە ڕێگەی یادەوەرییـەوە دروست بووە، دەگەڕێتـەوە. چونکە خۆشـترین کاتی ژیان و هـەست بەلێپرسینەوە نەکردن و باوەشی پڕ لە سۆز و گـەرمی دایک و یاریی کۆڵان و پێوەندیی برادەری و گـەلێک شـتی تر تێدا تـۆمـار کراون، (جا مـەرج

نییـە ئەو شـوێنە مـاڵ بێت، دەشـێ ژوورێک، یا گـەڕەکـێک یا شـەقـامـێک یا باخـچـەیـەک یا شـارێک بێت).[٤] ئیـتر بـەدەگمـەن ئەو ڕووداوە شـیرینانە لە ژیانیدا دووبارە دەبنەوە و وەکو خەون و خەیاڵ لەگەڵیاندا دەژێت.

## دوو پەنجەرە بەسەر تونێڵی ژیانەوە

لە سـۆنگەی پەککەوتەیی و دەسـتـەپاچەیی کـاراکتـەرەوە ژیان لـە شـێـوەی تونێـڵێکی نووتەکدا، کە هیچ تروسکاییـیـەکی تێدا نەبینرێتـەوە دێتـە بەرچاو "نە ئەوسـەری پێشـبـینی دەکرێت، نە دەزانرێ بـۆ کوێ دەڕوات، نـە کـۆتایی دیارە"، نـاچار هـیـچی بۆ نامـێنێـتـەوە دوو پـەنجـەرە لەو تونێـڵـە تاریکەدا هەڵدەکـۆڵێت و لێـوەیان دەڕوانێت، تێیـاندا لاپەڕەی ئەلبـوومی منداڵیـی خـۆی بەسـەر دەکـاتەوە. ئەو کـاتی پەککەوتە نەبـوو و سـپـوسـاغ بوو، لێ تارمـاییی باوکە کەوا و سەڵتە لەبەرەکەی، باوکی کافکا ئاسا بەردەوام بەسـەریەوەیەتی و لەم دۆزەخـەی باوکیدا ئـازاری زۆری کێشـاوە. ئەو دەمی بەپاچکە بازنەییـە لە تێل دروسـتـکراوەکـەی یاری دەکـات، بابی پڕدەبا لێـی دەسـتـێنێت و لێی دەدات! هـەینێ لەگەڵ کیژە دراوسـێکەیاندا ئەوین دەگۆڕێتـەوە، هەرکە بابی پێ دەزانێت پێی دەڵێت "جارێکی کە بۆ ئەو کچـە هەتیوە پێبکەنی وەک کار سەرت دەبڕم".

فرانـتز کافکاش کاتێک باوکی پێی دەڵێت (..هـەر وەکو ماسییـەک لەتوپەتت دەکـەم) دەڵێ: ( ئەم هـەڕەشـەیەت زۆری دەترسـاندم )[٥]، یاخـۆ دەنووسـێت: (دەمـەوێ تەنانـەت یەک کـەسـیـشم بۆ نـاوبەریت، کـە من بـەمنداڵیم خـۆشم ویستبێت و تۆ تانە و توانجت لێ نەدابێت)[٦].

کـاراکتـەری چیرۆکی پەنجـەرەکان لەو وێنانەی منداڵیی خۆی، کـە وێنەی باوکی تێدا نین، ئەم ئێستا سێبـەری بابی تێیاندا دەبینێتەوە و وێنای دەکات. بەمنداڵی بابی سنووری ئازادییەکانی بۆ دەستنیشـان کردووە، ئێسـتاش ئەو عـەرەبانەیەی، کـە بە نیـوە جـەسـتـەی لەکار کـەوتوویەوە بەسـەریەوەیـەتی ڕووبەرێکی دیارکراو، کە ژوورەکەیەتی، بۆی دەسـتنیشـان کردووە. لە سەرووی

ئەمانەشەوە مەودای دامرکاندنەوەی حەز و ئارەزووەکانی لە دەست بەناوگەڵدا هێنانی خۆی زیاتر تێپەڕ ناکات.

لاوێک لەو تەمەنەدا بەم شێوەیە دەست و پێ و تەنانەت یادەوەرییەکانی لە کۆت و بەند درابن و سانسۆریان بەسەرەوە بێت، چاوەڕێی چ ئومێدێک لە ژیان بکات؟!

هەموو ئەم نادادییانە و بۆشاییی تەنیاییەکەیشی لەگەڵدا بێت، کە خەریکە بۆگەنی دەکات، دەرفەتێک بۆ بەردەوامیدان بە ژیان ناهێڵێتەوە، سیزیف ئاسا لە بازنەی بێهوودەییدا دەخولێتەوە و ترووسکاییەکی ئومێد لەوسەری تونێڵی ژیاندا بەدی ناکات و هیچ کامێکیش لە پەنجەرەکان تەسەللای نادەن "خوایە کەی کۆتایی دێ؟". ئەمیش بەهەمان دەردی کەسایەتیی ڕۆمانی (ڕۆژێکی بێدەنگ لە تەنجە) چووە، ئەویش وەکو پەککەوتەیەکی لە ناو جێدا کەوتوو بۆ خۆ ڕزگارکردن لە کاڵبوونەوە لە دەستی ئێستا و ئاییندە، پەنا بۆ بەهەشتی ڕابردووی دەبات، چونکە چرکە لە دوای چرکە بێزاری ناخی دەکرۆژێت و دەیپووکێنێتەوە (بێزاریی.. ئەو ساپیتە زۆر نزمەیە، کە لە ناوەڕاستیدا درزی بردووە و ئامادەیە لە هەر ساتێکدا بێت بکەوێتە خوارەوە).(٧)

ئەمیش بەهەمان شێوە بەرگە ناگرێت و بڕیار دەدات "جا ئێستا کاتی ئەوە نەهاتووە کۆتایی بەم یارییە بهێنم؟".

چی بکات باشە؟ چار چییە؟ چیرۆکەکە بەکراوەیی خۆی دەبێتە کۆتاییی سەرەتایەک، دەمێنێتەوە لای وەرگر مافی ژیانی پێ دەدات، یاخۆ مافی ژیان بەدەست خۆ لێ سەندنەوەی پێ دەبەخشێت؟ یان بیر لە ڕێگەچارەیەک بۆ ئەو دەکاتەوە!!، یانیش لەسەر قسەکەی کامۆ دەڕۆن، کە دەڵێت:

"بەڵێ ژیان بێ مانایە، بەڵام خۆکوشتن چارەسەر نییە، بەڵکو دەبێ لە دژی ئەو بێ مانایییە ڕابین".

**ئەنجام**

١- کەسایەتیی چیرۆکەکە مرۆڤێکە تەسلیم و دەستەوستانی ناو ڕووداو و یادەوەرییەکانە، هیچ توانایەکی لە گۆڕینی ڕەوتی ڕووداوەکان و تەنانەت چارەنووسی خۆیشیدا نییە.

٢- نووسەر لە چیرۆکەکەدا هەوڵ دەدات بۆ دەربڕینی کێشە ئاڵۆزەکان سادەترین شێوە بەکار بهێنێت، لە هەمان کاتیشدا تەماحی ئەوەمان دەداتێ جارێکی تریش بەمەبەستی زیاتر لێگەیشتنی بگەڕێینەوە سەری.

٣- هەموو هەوڵەکانی کاراکتەر لە پێناوی ئەوەدایە لە تەنیایی و مردن دوور بکەوێتەوە، کەچی بێ ئاگایە لەوەی هەوڵەکانی بەرەو ئاقاری نزیکبوونەوە لە تونێلی مردنی دەبەن.

**پەراوێزەکان:**

١- بڕوانە: چیرۆکی پەنجەرەکان، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل. هەفتەنامەی ڕەخنەی چاودێر، ژ(١٥٢)ی ٩/٢/ ٢٠٠٩

٢- د.اسعد غالب الاسدي، شعرية العمارة، سلسلة الموسوعة الصغيرة، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد ٢٠٠٢ ص ٦٧.

٣- محمد كامل الخطيب، الرواية والواقع، دار الحداثة، بيروت ١٩٨١ ص ٤٠ .

٤- سەباح ئیسماعیل، چەمک و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد-کەرکووک ٢٠٠٥ ل ٥٠.

٥- کافکا، نامەیەک بۆ باوکم، و: جەلیل عەباسی، چاپەمەنیی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥ ل ٥١ .

٦- هەمان سەرچاوە، ل٨١-٨٢ .

٧- تاهیر بن جەلون، ڕۆژێکی بێدەنگ لە تەنجە، و: تارا شێخ عوسمان، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی ٢٠٠٨، ل ٢٢.

# گەشتێک بە کۆمارە یۆتۆپییەکەی لەتیف هەڵمەتدا

بە داخەوە هێندەی چیرۆک دەخوێنمەوە، هێندە بەدواداچوونم بۆ شیعر نییە. چونکە بەڕاستی شیعری ئەمڕۆ مۆمی چەشەی ئەدەبیت دەکوژێنێتەوە. کاتت دەبا و، کە بە خۆتدا دەچیتەوە، دەبینیت لە جێی خۆتدای و بە درێژاییی ئەو کاتە گوێدێری گوتارێکی نەزۆک و بێ ناوەڕۆک بوویتە، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەوەیە، کە شیعرەکە حسییە و خاڵییە لە مەعریفە و هزر و وێنەی شیعریی. نکوڵی لەوە ناکرێت شاعیری بە سەلیقە و بە توانامان هەن و دەکرێ بە شانازییەوە شیعرەکانیان بۆ زمانانی تر وەربگێڕرێن و ببنە ناسنامەی نەتەوەیەک، کە هەمیشە شوێنگازی دەمی قامچی چەوسانەوە بە جەستەیەوە دیارە. ئەو شاعیرانە دەتوانن زمانی خەڵکی بەشمەینەت بن و ئاهوناڵەیان بە میللەتانی تر بگەیەنن.

ئەحلام مستەغانمی دەڵێت: (ئەگەر مرۆڤ ڕێککەوتی شتێکی جوان، هێجگار جوان بکات.. ئەوا ئارەزووی گریانی هەڵدەستێ)(١).

منیش هەر کاتێک، کە دیوانێکی شیعریی، یا کۆمەڵە شیعرێک بۆ خوێندنەوە دەگرمە دەست، حەز دەکەم ڕێزی لێ بگرم و حەقی خۆی بدەمێ.

زۆر جاران لەگەڵ گەرمیی هەناوی شیعرێکدا دەتوێمەوە و بەخۆدا دەچمەوە، هەست ناسکتر دەبمەوە و فرمێسکی خۆشی دەبارێنم و وا هەست دەکەم ئەو شیعرە باس لە من و لە ئازارەکانم دەکات، باس لەو زیندووە بۆگەنانەی دەوروبەرمان دەکات، کە نەک هەر ئێمە بەڵکو تەنانەت مردووەکانیشیان هەراسان کردووە. باس لە کارەسات و ماڵوێرانی شەڕێک دەکات، کە بەڕێوەیە، باس لە عەشقێکی بەئاکام نەگەیشتوو دەکات. ئیتر کە ئەو شیعرانە دەخوێنیتەوە، هەست دەکەیت، فەرامۆشکردنت بۆ شیعر جۆرێکە لە چەوساندنەوە. چونکە شیعر

دنیایەکی پڕ لە جوانکاری و پڕ لە ژان بۆ هاتنە دنیای نوێ دەدۆزێتەوە. بە گشتی شیعر ئەستێرەیەکی لە مەدار دەرچووی نەدۆزراوەیە.

لەم دواییـــەدا بەرگی دووی دیوانی لەتیف هەڵمـەتم بەدەست کـەوت، لە پاش خوێندنەوەی گەیشتمە ئەو قەناعەتەی، کە بەڕاستی لەتیف زەوییەکی بەرێژەوی شیعرە و هەندەی پێویست بایەخی پێ نەدراوە، لە دەرەوەی گوتاری ڕەخنەییدا ماوەتەوە و ئینجاش لە ئەفراندن بەردەوامە. ئاوازی چ گوتارێکی ئینسانی لە نێو دێری شیعرەکانییەوە دەبیستین، هەستی چ ئینسان دۆستییەک لە کانی شیعرەکانییەوە هەڵدەقوڵێت. دەیەوێت کۆمارێک بنیات بنێت بە دەست و پەنجە و خامەی شاعیر خۆی، بە دوور لە وێناکانی (کۆمار)ەکەی ئەفلاتوون و (المدینة الفاضلة)ی فارابی و (یۆتۆپیا)کەی تۆماس مۆر:

یا ضیاع العالم

ادخلوا جمهوريتي

ئەو دەخوازێت شۆڕشێک بەرپا بکات، تا ئەو دنیایەی بە شیعر وێنای دەکات و لە خەیاڵیدا بنیاتی ناوە بە واقیعی بکاتەوە و واقعیی پێچەوانەش، واتە واقیعی چەوسانەوە و دژایەتییەکان بگۆڕێت و سەرلەنوێ خشت بە خشت بەدەستی خۆی بنیاتی بنێتەوە:

پشیلە کلیل بەدەستی موبەقی سیاسەتە

قیر وەک بەفر سپییە / قیر دەوڵەمەندێکی کنۆژە

بەفر وەکو محەمەد عەلی کلای ڕەشە

قالۆنچە دەرپێ دەکات

ئەدۆنیس دەڵێ: (شیعر واقیع دەگۆڕێ، لەو ڕووەوە نا، کە بە شێوەیەکی سیاسی یان ئابووری یاخۆ کۆمەڵایەتی دەیگۆڕی، بەڵکو لەو ڕووەوە، کە تێی دەپەڕێنێ و وێنەیەکی تازە بۆ واقیعی تازە و باشتر و دەوڵەمەندتر پێشکێش دەکات)[٢].

ئەو دەیەوێت نەک جیهان بگۆڕێت، بەڵکو سەرجەم مێژووی مرۆڤایەتییش بنووسێتەوە، ئەو مێژووەش کە نووسراوەتەوە، جگە لە مێژووی پاڵەوانێتی ئیمپراتۆر و میر و پاشا و سەرۆکەکان زیاتر چی تر نییە:

مێژوو پشیلەیە
لە مووبەقی پاشاکاندا نان دەخوا و
لە کۆشی کەنیزەکەکانیاندا
باڵق دەبێ
ئەی خەم خەونەکانم مەدڕە
دوایی لای شادی
شکاتت لێ دەکەم...

لەتیفی شاعیر هەند سەرکێش و یاخییە، هەمیشە لە ململانێی نێوان (من و خۆم و خۆم و من) دایە و بەردەوام جەستەی شیعرەکانی شەڵاڵی خوێن و چۆڕاوگەی خوێنیان بەستووە، ئینجە مەمەندێکی بێ شوێن و وڵاتن، سنوورەکان تەی دەکەن و لە کوێ چەوسانەوە هەبێت ئەوان لەوێن، بەدووی (عەبدی خان و عەلی سەفا بەگ و... خانەکان)دا وێڵن و گوند و ناوچە و وڵاتەکان لە دەست دەردێنن و ئاسەواریان دەبڕنەوە، کۆمۆنارێکی پاریسین و پەرچەمی دروشمی (نابێ کەس هەژار بێ) یان بۆ دیلانی برسێتیی دنیا بەرز کردووەتەوە.

سەرەنجام شاعیر دەیەوێ (رابعة العدوية) ئاسا، گڕ لە بەهەشت بەردا و ئاو بە دۆزەخدا بکات. شاعیر هێند سەرقاڵ و پڕ ئیشە، تەنانەت حەزە تاکەکەسی و بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی فەرامۆش و پشتگوێ خستووە، تا ئەو ڕادەیەی بواری ژوان و ڕامووسانی دلبەرەکەشی نییە:

هەموو کاتەکانی گەردوون
بەشی دوو عاشق ناکات
تەمەن چەند کورتە
ماچێکی تیادا دروست ناکرێ

ئەو بە دوور لەو ئازادییەی کە هەیە، خوازیاری ئازادییەکی واقیعییە، ئازادییەک شایان بە ئینسانەکان، بێ چەوسانەوە و دوور لە جیاوازیکردن و ململانێی چینایەتی، ئەو نایەوێت ئازادی لە مەترسیدا بێت (دیواری نێوان کۆیلەیەتی و

ئازادی لە پەردەی کچێنی تەنکتر) بێت. هەر بۆیە داوا دەکات منداڵان لە دایک نەبن، چونکە تاکو ئێستا مەلۆتکەی قوماتکراوی ناو بێشکە لە بری ژن وە یا لە بری خوێن مارە دەکرێن و چارەنووسیان دەدرێت بە ئاودا و ئاگری شەڕ و دوژمنداریی خێڵەکییان پێ دەکوژێنرێتەوە و هەوەس و ئارەزووی پیاوانیان پێ دادەمرکێننەوە. یا لە سۆنگەی دەستەنگی دایک و بابیانەوە ناچار دەبن هەر لە منداڵییەوە ئەندامی ساوا و نەخەمڵیویان بخەنە ژێر باری قورس و تاقەت پڕووکێنی کارەوە و ناچار بن دەرسەکانیان بە نیوە چڵی جێ بهێڵن و لەوانەشە هەرگیز نەتوانن بگەڕێنەوە سەری. یا هەر لە بناغەدا زۆریان لەگەڵ دەرس و قوتابخانەدا نامۆ دەبن و تەلەفزیۆن و سینەما و وەرزش و یاری بۆ ئەم بێدەرەتانانە وەک ئارەزوو و خەون و خەیاڵ وایە و هەمیشە حەز و ئارەزووەکانیان وەکو ئاواتی دوورە دەست ئاسا، لە ناخیاندا نوقوم دەبێ و پێی ناگەن:

لە دایک مەبن..
با ڕاپێچی شەڕی براکوژی نەکرێن..؟
لێرە لەگەڵ لەدایکبووندا
زمانی منداڵ دەردەهێنرێ و
زمانی پێڵاوێک دەئاخنرێتە جێگاکەی
بۆ ئەوەی مناڵان
گۆرانی عەشق نەڵێن
لێرە لەگەڵ لەدایکبووندا
مامان دڵی منداڵ تووڕ دەدات و
مشتێ باروت
لە سنگیدا دەچێنێ..!

منداڵان لەگەڵ ساتەوەختی لەدایکبوونیاندا ڕووبەڕووی دۆزەخێک دەبنەوە، کە بەدرێژاییی تەمەنیان لەگەڵیاندا دەژێت و ڕۆژانە هەڵمی کارەساتێک هەڵدەمژن:

نازانم بۆنی دووکەڵی دێیەکی سووتاوە دێ
یا دڵی دایکی شەهیدێک

لەتیف بڕوای تەواوی بەوە هەیە، کە ناتوانێت بە نەسیحەت و ئامۆژگاری دنیا و سیاسەت بگۆڕێت، چونکە ئەو باش دەزانێت (بە نەسیحەت بووایە دەبووایە لە کوردستاندا کورد فیشەکێکی بە مێشوولەیەکی ناو وڵاتەکەی خۆیەوە نەنایە)[٣].

لەتیف بە ئاگایە و (خۆی لە قەفەزی ئاسنینی شیعری تەنگەبەردا دیل ناکات، چونکە مەودای فڕینی مەلی بیر و هۆشی ئاسمانی بەرینی هەموو جیهانە)[٤].

ناکرێت وا بە ئاسانی لە لەتیف و شیعرەکانی بگەیت، ئەو پەیامبەرە، جارێک بووزایە و جارێک دەبێتە مەسیح و جارێکی تر نەتەوەپەرستە و جارێکیش کۆمۆنیست. ئەمە وەکو ئایدۆلۆجیا. وەکو ڕێبازی ئەدەبیش سەر بە هیچ قوتابخانە و ڕێبازێکی دیارکراو نییە، ئەو جارێک حافزی شیرازییە و جارێکیش جۆرج ئۆرویڵ و جارێکی تریش کازانزاکی و باشلارە.

ئەوەتا لە شیعری (تەبایی و ململانێی نێوان هاووڵاتییە ئەلەکترۆنییەکانی کۆماری لەتیف هەڵمەت)دا، ئەم یاریکردنە بە ڕێبازە ئەدەبییەکان خۆی لە خۆیدا ڕێبازێکی نوێیە و نەمبینیوە پێشتر یەکی تر ئەمەی پەیڕەو کردبێت.

لێ لە بارەی بەکارهێنانی مەزهەب لەگەڵ مارکسیزم و پاشان تێکەڵاوکردن و گونجاندنیان لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا، ڕۆیشتن لەمپەڕی ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ و بە پێچەوانەوە، خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە تێکەوڵێکەی فیکری و بزریی وتاری زانستی، ئەو لە یەک کاتدا (سۆشیالیست و سەرمایەدار، عەلمانی و دینی، دیموکرات و ستەمکەر، ناسیۆنالیست و چینایەتی)یە[٥] ئەمەش دەکاتە لووتکەی بێ شوناسی و بێ پرۆگرامی لە کاری ڕۆشنبیری و فکرو سیاسەت و کۆمەڵایەتی و... هتد دا. لە کاتێکدا ئەو مەبەستێتی وەکو هیومانستێک خۆی دەربخات و ئاوی ژیانی هیومانیزم بەقوڕگی شیعرەکانیدا بکات و هەرگیز وەکو سیاسییەک یا ڕاستتر وەکو ئایدیۆلۆجیستێک بەرچاو نەکەوێت. ئێمە لەوە بووینەتەوە، کە ئەدەبی بێ ئایدیۆلۆجیا و بێلایەن نییە و تەنانەت (هونەر بۆ هونەر)یش بەرهەمی بێزاری و بێ ئومێدیی نووسەرە، لە ئەنجامی نامۆیی و هەستکردنی بە بەکاڵابوونی مرۆڤ، لە قۆناغی سەرمایەداریدا:

ئەمە وڵاتی ئەو شاعیرانەیە

که تاجی زێڕینی شیعر
دەبەخشن بە هەر حزبێک
کورسییەکی شلۆقیان
لە سووچێکی پەرلەماندا
بۆ داگیر دەکات(٦).

لەم هۆنراوە درێژەدا (تەبایی و ململانێی نێوان هاوولاتییە ئەلەکترۆنییەکانی کۆماری لەتیف هەڵمەت)، لەتیف پرسی بابەتە هەنووکەییەکانی یەک بەیەک بەسەر کردووەتەوە، وەکو (شەڕی ناوخۆیی، مافی ئافرەت، مافی منداڵان، ئەنفال، کەرکووک و...)، بۆیە ئەم هۆنراوە درێژە (٧٨) لاپەڕەییە، بەقەد درێژیی خۆی و چەند قاتی تریش هەڵدەگرێت لەسەری بنووسرێ و شی بکرێتەوە و بابەت و گوتاری نوێی تێدا ببینرێتەوە.

**پەراوێزەکان:**


١- ئەحلام مستەغانمی، بیری لەش، و: ساڵح محەمەد ئەمین، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣ ل٥٥ .
٢- کۆواری شیعرستان، ژ (٥)ی ساڵی ٢٠٠٠، ل٧١ .
٣- کتاب کردستان، مەریوان وریا قانع، مۆدیلەکانی ڕۆشنبیری، ژمارە دوو، تاران ٢٠٠٣ ل٢٠٤.
٤- دەستکاری وتەیەکی حەمە سەعید حەسەنە، بڕوانە: گۆرانییە باڵنەکراوەکان. ستۆکهۆڵم، ١٩٩٤، ل٦٠ .
٥- مەریوان وریا قانع، شوناس و ئاڵۆزی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٧٤.
٦- شیعرەکان لە دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی ٢٠٠٠، ل ١-٧٨، وەرگیراون.